# لێکۆڵینەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پەروەردە لە ئێراندا



ئەو کەسەی هەست بە ڕاستەقینە ناکات بێئاوەزە؛ ئەوەی هەست بە ڕاستەقینە دەکات و بە درۆی دەزانێ، ئەوە خراپکار و تێکدەرە.

*بێرتۆلت برێشت*

**سەمەد بێهرەنگی**

# لێکۆڵینەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پەروەردە لە ئێراندا

**وەرگێڕانی: سەلاح نیساری**

**پێداچوونەوەی: سلێمان دڵسۆز**

**هەولێر – ٢٠١١**



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **لێکۆڵینەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پەروەردە لە ئێراندا**
- **نووسینی: سەمەد بێهرەنگی**
- **وەرگێڕانی: سەلاح نیساری**
- **نەخشەسازی ناوەوە: هاوڕێ ساڵح**
- **پیتچن: محەمەد ئەمین شاسەنەم**
- **بەرگ: حەمیدە یوسفی**
- **ژمارەی سپاردن: (٩٤٦)**
- **نرخ: ٢٠٠٠ دینار**
- **چاپ: یەکەم**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)**

**زنجیرەی کتێب (٥٠٤)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

**ناوەرۆک**

پێشەکیی وەرگێڕ ........................................................................ ٧

پێشەکیی نووسەر ..................................................................... ١٣

بۆچی مامۆستای باش دانسقەیە؟ .................................................... ٢٩

چاودێری پەروەردەیی و لایەنەکانی.................................................. ٤٥

لێدان .................................................................................... ٥٥

دژواریی کتێبگەلی وانەیی.............................................................. ٦٧

وتنەوەی زمانی فارسی لە ئازەربایجان.............................................. ٨٣

لادێ و مناڵانی لادێیی .............................................................. ٩٥

لەژێر میکرۆسکۆپدا ............................................................... ١١٥

# پێشەکیی وەرگێڕ

**خوێنەرانی دڵسۆز؛**

وەرگێڕانی ئەم کتێبە تەنیا بۆ ئەوە نەکراوە کۆی چیرۆکەکانی سەمەد بێهرەنگیم کردووە بە کوردی و ئەم کتێبەش بەجێ نەمێنێ. نا؛ ئەوەی کە چیرۆکی سەمەد باسی دەکات و پەردەی لە سەر لادەبا و ژیانی پاڵەوانانی نموونەی بە سەدان و هەزاران منداڵ و ژێرچەپۆکەی بەشمەینەتی کۆمەڵگای کوردی پێوە دیارە و تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە لە پێشەکی و ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا دەتوانن بیخوێننەوە. بەڵام کتێبی "لێکۆڵینەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پەروەردە لە ئێران" تەنیا بە بەژنی گەلی تورکزمان نەبڕاوە. ناوەڕۆک و پوختەی وتار و مەبەستەکانی تەنیا و تەنیا ناچێتەوە سەر ئەم زوڵم و زۆرییەی کە لە ناوەندی ئێران لە تورکەکان کراوە و دەکرێ، تیشکاوێژی سەمەد هەر بە تەنیا کۆمەڵگای ئازەربایجان ناگرێتەوە و رووناکی دەخاتە سەر تاریکستانی وڵاتی کوردەواری و تەنانەت بلووچ و عەرەب و باقی کەمینەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران...

بێهرەنگی خۆی مامۆستا و فێرکاری دڵسۆز و مشوورخۆری نەتەوەی تورک، هەروەک بە هەژاری و دەستکورتی ڕۆژگاری منداڵی و قوتابیەتیی تەواو کرد لە شار و لادێکانی دەوروبەری تەورێز هەتاکوو گیانی نەحەساوەی بە شەپۆلەکانی ئاوی ئاراس ئەسپارد، هەر لەنێو خەڵکی ڕەشورووت و مافخوراودا ژیا.

دڵسۆزی و خەمخۆری ئەو خامە ڕەنگینە لەوەدایە هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەوە ڕۆحی بریندار بووە، پووکاوڵیان ناوە لە زمانی ڕەسەنی دایکی و زمانی خوێندن و نووسینی داسەپاوی بەسەردا زاڵ کراوە.

هەر بۆیە لە ڕۆژانی وانەبێژیدا ناسۆرەکانی سەر هەڵدەدەنەوە کە ئەوەی ئەو بە دەرس بە منداڵانی دەڵێ، ویست و زمانی ئەو زارۆکانە نییە و ڕۆحی منالانەی



ئەوان تووشی هەڵەمووت و تاریکەسەلات دەکات، ناچار لە یەکێ لە چیرۆکەکانیدا دەڵێ: "ئەوەی من بۆتان دەنووسم منیش وەک ئێوە دەزانم زمانەکە زمانی خۆمان نییە و خەریکی سڕینەوەی ناسنامەی ئێمەن."

سەمەد خەمخۆری زمان و ناسنامەی گەلەکەیەتی و ژیرانە و بوێرانە ئازاری ئەوان لە خۆ دەگرێ، بۆیان دەکۆشێ و هاوار دەکا و کاتێک وەک مرۆڤێکی تەواو مرۆڤ و ڕەسەن سەرەڕای بڕینی زمانەکەی لە ناخەوە هەست بە گرفتەکانی فێرگە و نەبوونی مامۆستای دڵسۆز و گوشاری حکوومەت و بەڕێوەبەری کەمتەرخەم و گوێنەدەر و منالی هەناسەساردی چاو و گوێ بەستراو و سەرلێشێواو دەکا، ئەنگوست لەسەر دەردەکان دادەنێ و دەرمانیان بۆ دەستنیشان دەکات. کاتێک دەبینێ کەوا زارۆی ئازەربایجانی تورکزمان لەسەر کورسی قوتابخانە بۆ یەکەم جار زمانێک دەژنەوێ کە زمانی ئەو نییە و نووسراوێکی بە گوێدا دەدەن کە هێچی لێ تێناگا و هەرەی لە برەی ناکاتەوە، تا کاتێ دێت زمانی بگەڕێ قامکی هەڕەشەی ڕووبەڕوو دەکەنەوە و پێی دەڵێن: تورکیبێژی یاساغە! هەر ئەو ڕۆژگارە چاونەترسانە دەست دەکا بە نووسین بە تورکی بۆ فێرگەی سەرەتایی، تاکوو منداڵانی تورکزمانی ساڵەکانی بەرایی، سوود لەو کتێبە وەربگرن. بەڵام سێبەری حکوومەتی حەمەڕەزاشای وەسەر دەکشێ و هەروەکوو زۆر ئاوات و هیوای جوانەمەرگ دەبێ.

بێهرەنگی بڕوای وا بوو قۆناغی سەرەتایی فێرگە بۆ منداڵان دەبێ بە زمانی دایکیان بێت، لە هەموو گرینگتر ئەو دابونەریت و شتگەلەی کە تایبەتە بە هەر دەڤەر و ناوچەیەک، کار دەکاتە سەر فێربوون و گەشە کردنی منداڵانی ئەو شوێنە. زارۆی دێنشینی ئازەربایجان چی داوە لە ژیان و گوزەرانی زارۆی خۆشنشینی تاران و ئیسفەهان؟ ئەو منداڵە کە بە زمانی دایکی گۆش کراوە و چاو و گوێی کراوەتەوە، چۆن تووشی چەواشە بوون و سەرلێشێواوی نایەت؟ هەر وەک ئەم بەڵایە زمانی ڕەسەنی کوردیشی سەنگاوبەرد ناوە. وەک ئەوەی لە ئێراندا تەنیا زمانێک کە هەیە و ئەویش زمانی فارسییە. بێجگە لەوەش کورد و ئازەری دەبێ بە

دەستووری ئەوان لە قوتابخانەدا بە شێوەی فەرمی فارسی بخوێنن، دەبێ دابونەریت و کولتووری ئەوان هەڵبگرن و ڕەچاوی بکەن. ئەوان بۆمان دەنووسن، دەخوێنن و داخێون!

هاوار و سکاڵای سەمەد لەدەست مامۆستا و دەرسبێژان فرە بەرچاوە؛ زۆربەیان تەنیا مەبەستیان بە کارمەند بوون و وەرگرتنی مووچە و پارەی سەری مانگە، یان لە پاڵ ئەوەشدا ئاڵوێر و کارێکی دیکەی بە بەرەوە بکەن.

ئەوەی لە داهاتوودا گەشە و نەشە بە وڵات و ژیار و شارستانییەتی خۆی دەبەخشێ، ئەوە نەوەی دوارۆژە و دەستپەروەردەی مامۆستا و وانەبێژانی ئەمڕۆکەن. ئەوانەی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە دوکتور و ئەندازیار و مامۆستا و کەسایەتیی مەزن، ئەوە لکوبەری ئەو باخەیە کەوا دەرسبێژی خەمخۆر و مشوورخۆر خۆی بۆ ماندوو کردووە و ڕەنجی بۆ کێشاوە، ئەوەش گومانی تێدا نییە کە وڵاتێک، کۆمەڵگای خوێندەواری هەبێ، قەت نوشوستی ناهێنێ. کۆمەڵگای فرەزان و خوێندەواری خاوەنفێرگە و قوتابخانە و زانکۆ، باشتر زمانی خۆی دەپارێزێ و کولتوور و ئەفسانە و دیرۆکی خۆی ڕادەگرێ.

لە سەردەمی ئێستادا، ئەوە لە سەرشانی وەزارەتی پەروەردە و حکوومەتە بە گشتی، کەوا زۆر بە خەستی ئاوڕ لە گوند و قوتابخانە و خوێندن بداتەوە و فێرگەی باش، مامۆستای دڵسۆز، کۆمپیوتەر، ئاوی خواردنەوە و ئاودەستی بەڕێوەچێ، یاریگای وەرزشی و کتێبخانەیان بۆ دابین بکات. لادێنشینان کاتێک لە ڕێگەوبان، قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و پێداویستیی سەردەم بێبەش بن، ناچارن ڕوو بکەنە شارەکان. ئەوسا کێڵگە و باخات چۆڵ و کاتۆر دەبێ و پەپووی تێدا دەخوێنێ.

هەیاران؛ ئەوەی ئەمڕۆژی خەڵکی شارنشین هەیەتی، دەبێ دێنشین لێی بەهرەمەند بێ، ئەوەی بۆ قوتابخانەی شارەکان دەکرێ، ئەشێ بۆ منداڵانی لادێش بکرێ. خزمەت کردن بە لادێ خزمەت کردنە بە ژیار و شارستانییەت. ئەگەر منداڵی دێنشین خوێندەوار بێ، شار و دێ باشتر گەشە دەکەن و وڵات ئاوەدانی بە خۆیەوە دەبینێ. دەستەڵات دەبێ ئەوە بە ئەرکی سەرشانی بزانێ، کەرەستەی



پێویست بداتە جووتیار، وەرزێر نابێ لەسەر هیچ پەکی بکەوێ، ئاو و ئاوەدانی، نەخۆشخانە، دوکان، بازاڕ، پاس بۆ هاتوچۆ...

وەختێک منداڵی لادێ لە ژیانێکی تێر و تەبا و ڕەبادا بێ، خاستر ڕوو دەکاتە خوێندن و گەشەکردن.

کتێبخانە بۆ گوندنشینان وەکوو چرایەکی پڕشنگدار وایە، چونکە کۆمەڵی خوێندەوارانی دێنشین کاتوساتی بێکاری نەزۆک ناکەن و ڕوو دەکەنە کتێبخانە و بە کتێبان زاخاوی مێشکیان دەدن. ئەمڕۆ ئیتر ڕابواردن و تەسبیحات و دەوری کورسی دانیشتن باوی نەماوە و بەسەرچووە، هەر وەکی شارەکان. منداڵ و گەنجانی دێنشین پێویستییان بە یاریگا و شوێنە وەرزشییەکان هەیە، گەنجانی بەهرەمەند ئەشێ پشتگیرییان بکرێ و دەستیان ئاوەڵا بێ بۆ داهێنان و تازەگەرییەکانیان.

"مامۆستا و ڕاهێنەری دڵسۆز تەنیا هەر لە بیری ئەوەدا نەبێ وانەکەی بڵێتەوە و قورسایی زۆر بخاتە سەر مێشک و ڕۆحی قوتابی و ئیتر پشتی تێبکا! لە سەر مامۆستای ڕۆحسووک ئەرکە باوکانە و پسپۆڕانە منداڵ بدوێنێ و بە جێی ئەوەی منداڵ لێی بترسێ و زەندەقی بچێ، دنیایەکی ئارام و کراوەی بۆ بخوڵقێنێ. لە نێوان فێرکار و مامۆستادا خۆشەویستی هەبێ، لە دڕدۆنگی بێتە دەرێ و شتەکان لە دڵی خۆیدا ڕانەگرێ و لە دایک و باب بە تایبەت مامۆستاکەی نەشارێتەوە..." [1]

گرینگیی ئەو کتێبە پێویست بە پێداهەڵگوتن و تاریف کردن ناکات، کورد گوتەنی "ئەوەی لەبەر چاوانە، چ پێویست بە پێدا هەڵدانە". کتێبی **لێکۆڵینەوە لەمەڕ چۆنیەتی پەروەردە لە ئێران** لە ساڵەکانی ٦١دا نووسراوە و پڕاوپڕە لە ئەندێشە و خەمخۆری و دڵسۆزی، کتێبێکە ڕەخنەگرانە، هاوارێکە لە گەرووی مرۆڤێکی بەمشوور و ڕێشاندەر هاتۆتە دەرێ و پەلەقاژەیەکە بۆ لە دایکبوونێکی نوێ، چرایەکە هەموو کەلوکونەکانی پەروەردە و قوتابخانەکان ڕووناک دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر خاڵە شاراوە و تاریکەکان.

[1] وتە بەنرخەکانی سەمەد بێهڕەنگی لە مەڕ پەروەردەی منداڵانەوە.

ئێستاش زارۆکی کوردی هەژار و بەشخوراو لە کوورەخانەی خشتپێژی و لە پای داری قاڵی و مافورەچنین پەنجە ناسکەکانی هەڵدەوەرێن و ئەسرینەکانیان بەسەر خشتی کوورەخانەوە دەسووتێ، یان بە سەر گوڵی مافورەوە دەبێتە پێخوستی کەوش و پێڵاوی ساماندار و مرۆخۆران و چەوسێنەران.

ئێستاش زۆریەک لە دایک و بابانی گوێنەدەر بە سبەی، کەمتەرخەمن دەرهەق بە جگەرگۆشەکانیان، کچان لە خوێندن دەگێڕنەوە و هەر وەک مەلای تایین بە کفری دەزانن، بەڵام بێخەبەر لەو نەخۆشینەن کە ڕەگی لە سەر مێشکی ئافرەتان داکوتاوە.

ئەمڕۆ هەر لە دە خاتوونی کورد ڕەنگبێ تەنیا یەک کەست دەست بکەوێ کە بیر و هۆشی لەنێو ئاڵتووندا قاڵ نەبووبێت، و وەکوو جامخانە و بەر شووشەبەندی ئاڵتوونفرۆش و زێڕفرۆشان (ماکێت)، گوڵ و گوارە و گۆبەرۆک و بازنە و کلکەوانەی بە خۆیەوە هەڵنەواسیبێ. بە دەگمەن ئافرەتێک لەبەر دوکان و شووشەبەندی کتێبفرۆشییەک دەبینی، بەڵام لە بەر دوکان و پاساژی کوتاڵفرۆشان و زێڕینگەر و ئاڵتوونفرۆشان ڕێی ڕێدار نییە! کەوا بوو کۆی ئەو مەبەستانە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای نەخوێندوار دەبێتەوە. ئەگەر خاوەنی پەروەردە و قوتابخانەی هەڵسووڕ و لێهاتوو بین، ئەگەر بەرپرس ومامۆستای ئەمەگناس و دڵسۆز بە وڵات و نەتەوەکەمان بین، ئێمەش وەکوو گەلانی خوداپێداو ناو و ناوبانگی پێشکەوتووییمان کەوشەنان دەپەڕێنێ و دەبینە خاوەنی ناو و ناسنامەی خۆمان و، منداڵان و گەنجانی کوردیش باشتر خەمخۆر و مشوورخۆری وڵات دەبن و خاک و ئاوی خۆیان خۆش دەوێ و سەر لە پێناوی دادەنێن، زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و خزمەت بە وڵات و نەتەوە بە ئەرکی سەر شان دەزانن.

**وەرگێڕ**

**/ بۆکان**

# پێشەکیی نووسەر

**خوێنەری هێژا!**

بەینێکە وەرگێڕانی کتێبگەلی دەروونناسی و پەروەردەیی بەتایبەت کتێبی ئەمریکایی لە ئێران بازاڕێکی باشی بۆ کراوەتەوە و سەری بە زۆر کونوکاژێڕاندا کردووە، بە ڕواڵەت کارێکی خێرخوازانەیە و قسەی لەسەر نییە. لەو وتارەدا؛ ئەنگوست دەنێمە سەر خاڵەکان و دەراوەکەشی ڕوون دەکەمەوە؛ تاکوو بزانی چەندە کاتوسات بە فیڕۆ چوون و پارە بە بادا دراون و خێری کاکڵ بۆ خۆیان و قازانجی توێکڵیشی بۆ پەروەردەی ئێران پێ نەبووە.

سەتی نەوەدی ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانە، کتێبگەلی ڕاهێنەران و فێرکارانی ئامریکایین و ئەوان نووسراوەکانیان بۆ خەڵک و کۆمەڵگای خۆیان نووسیوە و ئەزموونیان لەسەر پەروەردەی زارۆی خۆیان بەدەست هێناوە و لە شوێنی ژیانی ئەواندا لە فێرگەی پێشکەوتوو و ئامادەدا تاقییان کردۆتەوە. لەگەڵ ئەو قوتابییانەی هەر نەبێ لە ڕۆژێکدا ژەمێک تێری زگی خۆیان دەخۆن و دایک و بابیشیان هەر نەبێ ئابوونەی یەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتی خۆیانن. بە هیچ کلۆجێ ئەو دەستوورە بەتایبەت بۆ قوتابخانەی گوندی من و زۆری وەک ئەو گەورەترین گرفت قوتابخانە نییە کە میچی پۆلەکانی دڵۆپە بکا و بەشی پەروەردەش ئامادە نەبێ پارەی سواخ و باگردێنی بداتەوە! هەر لەبەر ئەوەی قوتابخانەکە نەبۆتە ملکی پەروەردە و خەڵکی ئاوایی بە دەستی خۆیان دروستیان کردووە و چوار ساڵی ڕەبەق ڕیشسپی و کەیخودا دێن و دەچن بۆ ئەوەی بە یاسا و دەوڵەتی بسپێرن، بەڵکوو ئەوان بە کاروباری قوتابخانە ڕابگەن. هەر لاپەڕەیەک لەو کتێبانە هەڵبدەیەوە ـ ئەم ڕستەیە کە بۆ من لەمەڕ زۆر لە کار کردنی ڕەنگوڕووی گاڵتەجاڕی بە خۆیەوە گرتووە دەخوێنیەوە کە بە هۆی ئەو تێڕوانینانەی کە لە سەر ئەوەندە قوتابی بە کار هاتووە،



ڕوون بۆتەوە کە فڵان و فیسار یان فڵانە زانای مەزن لە جێی خۆیەوە بە ئەزموون و دەستەڵاتی خۆی دەریخستووە و نیشانی داوە، بەڵام.... زۆریش ڕوون نییە ئەو تاقیکاری و ئەزموونانە لە کوێ و چۆناوچۆن بووە. زۆر جاریش دەنووسن؛ کە بۆ وێنە لە فڵانە فێرگەی نموونەیی فڵانە شاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا. نموونەیەکتان لە کتێبی "مناڵانی زەینکوێر" بۆ دێنمەوە. کتێبەکە نووسراوی زانایەکی پلەبەرزی ئەمریکاییە بەناوی "فدرستۆن" و "موشفیقی هەمەدانی" کردوویە بە فارسی و بڵاوکەرەوەی "سەفی عەلیشا" هەروەک ئاشکرایە بە هاوکاری دامودەزگای فرانکلین، کە جێی خۆیەتی وەبیری بهێنمەوە زۆربەی کتێبگەلی لەو بابەتە فارسییە هەر لەو ناوەندە سەر دەردێنن، چاپی کردووە.

بە هەر حاڵ لە کتێبی "منالانی زەینکوێر"دا ئەو نووسراوە بەرچاو دەکەوێ:

... ئەشێ ئەو خاڵە وەبیر بێنینەوە کە لە تاقیکاریی ناوبراودا قوتابییان بە گشتی لە زەینکوێر و زیرەکەوە لە شوێنی پەروەردەی خاوێن و سڵامەت بەهرەوەر بوون و سیستمی پەروەردەیی ئەوان بە گوێرەی پەروەردەی کەسایەتییە شیاوەکان بووە، هەر دوو گرووپەکە دەکرێ بڵێین باش لە کڵ دەرهاتبوون و عامڵابوون (ل ـ )

جگە لەچەند قوتابخانەیەکی ناوەند و دوو سێ فێرگەی شارە گەورەکان نەبێ، کێهە شوێنی پەروەردەی خاوێنمان هەیە کە بمانەوێ دەسکەوتی بەدەستهاتووی باشمان لەو ناوەندە پەروەردەییەدا بخەینە گەڕ، هەتاکوو ئاتاج و دەستەوداوێنی ئەو وەرگێڕانە ببین؟ ئیتر ئەوە مەودایەکی ئامادە و سالم دەخوازێ، پەروەردەی پێشکەوتووی ئەمریکایی لێبێ.

ئێستاش زۆربەی قوتابخانەکانی ئێران دوو سێ شەفت کار دەکەن و ئێمە لە دەستمان نایەت جێگە و ڕێگەی تەواو بۆ ئەو قوتابی و دەرسخوێنانە دابین بکەین. لە شاری تەورێز زۆر بە کەمی پۆلێکت دەست دەکەوێ کە چل کەس قوتابی تێدا نەبێ، زۆر پۆلیشمان هەیە پەنجا ـ شێست کەسی تێدایە. لە زۆربەی ئاواییەکان مامۆستایەک ئەرکی چەند پۆل بەڕێوە دەبا؛ بڕیارنامەشمان هەیە ئەگەر قوتابخانەیەک، لە پەنجا قوتابی کەمتر تێدا بێ، دوو مامۆستای پێ نادەن. هەر

چەندە تاکوو پۆلی شەش لەوێ دەرس دەخوێندرێ (ئاییننامەی قوتابخانەکان - مانگی پووشپەڕ٦٥ - مادەی - بڕگەی ب - لقی)

بەو حاڵەوە ئاخۆ دەکرێ کتێبگەلی ڕاهێنەرانی ئامریکایی بە ناوی سەرمەشق بۆ مامۆستا و فێرگە و ڕاهێنەرانی ئێرانی بکرێنە فارسی و کەڵکیان لێ وەربگرین و خۆیان پێوە ڕابنێین و بیانکەینە ڕێباز و بەشێک لە بەرنامەی پۆلەکانی پەیمانگەی مامۆستایان؟ ئاخۆ ئەمە ژیرانەیە کتێبێکی کابرایەکی ئەمریکی بکەین بە فارسی کە بەرهەمی ئەزموونی ڕاهێنەرێکی ئەمریکییە لە قوتابخانەیەکی با بڵێین نیۆیۆڕکدا لە پاڵ بینا بەرز و هەڵچووەکاندا و بیکەینە ڕێنوێن بۆ دەستبەکار بوونی مامۆستای "پوورۆس" کە لەباتی شووشە، نایلۆنی لە پەنجەرەی پۆلەکە گرتبوو و ئەویش بنکەی شیری ویشکی "کارە" خوا ماڵی ئاوا کا بە خێری خۆی پێی دابوون و خەڵکی ئەوێندەرێ زۆر جار لە ڕێگەی پەلامار بردن بۆ سەر گوندەکانی دەوروبەری خۆیان بژیوی ژیانیان دەست دەکەوێ. وانەبێژی ئاوایی "ساری قیە" لە نزیک شاری مەراغە - لە پێشنیاری ئەم کتێبە چی دەست دەکەوێ کە لە تەواوی گوندەکەدا پتر لە دوو سێ پەنجەرە نابینی....

بۆ یەکەم جار لە پەروەردەی سەرەتایی مامۆستایانی تەورێز لەگەڵ ئەم کتێبانە ناسیاویم پەیدا کرد کە بیر و باوەڕی "جان دیویی" ئامریکایی، بە بێ زیاد و کەم قەبووڵ کردبوو. فێرگەی "فراد"ی ئەو گەلاڵەیەی وە ئەستۆ گرتبوو دەخرایە گوێی من و هاوڕێکانم. بنیاتنانی پۆلێکی ئازاد و جێگە و ڕێگەی شاد و بێ هەراوهۆریای بۆ ئێمە دەستنیشان دەکرد. هەر وەک *دایکی عەلی ڕۆژێ پێی گوت*. (لە پەراوێزدا عەرزی ئێوەی دەکەم کە هەر ئەو کاتەی لە پەیمانگەی مامۆستایاندا پرچی درێژ و سمێڵ و بەستنی بۆینباخ بە گوناحێکی گەورە دەژمێردرا. جەنابی بریکار حەقی بە دەست بوو، سبەی کە دەبووینە مامۆستا بە شەق و شەپلاخە تێمان بەربێ، ئەگەر شووڵی لەبەر دەستیدا بوو زۆر چاکیش لێدانمان بکا. هەشت نۆ ساڵ لەمەوبەر بوو.)

لێرە باسێک لەوە نەدەهاتە گۆڕێ. لەوەی کە ئێمە ڕەوانەی لادێکان دەکەن و لە تەنیا ژوورێکدا بە پۆلێک و چوار پۆل و پەنچا شێست قوتابی وانە بڵێینەوە.



با من باسی خۆم بکەم: کاتێک لە پەروەردەی مامۆستایان بڕوانامەم وەرگرت و هاتمە دەرێ ڕووم کردەوە لادێ، هەموو شتێکم بۆ ڕوون بۆوە و تێگەیشتم، ئەوەی مامۆستا و ڕاهێنەرەکان بە ئێمەیان گوتووە، گشتی پڕوپووچ بووە و هەمووی بە توورێک!

ئەوەی بە گوێیان ڕستبووم بە خێرایی کردمەوە بە خوری و پشتم تێکردن. زانیم کە دەبێ حۆل نەبم و بۆخۆم دەست بە کار بم. ڕێوشوێنی مامۆستایی وەدۆزم کە هەر واشم کرد.

ئەو کەسانەی کتێبی پەروەردەیان بۆ مامۆستایان نووسیبوو، ئەوانەی کە ئەو کتێبانەیان بە وانە دەگوتەوە، بە جێگا و شوێنی کاری منیان نەدەزانی. وایان دەزانی لە داهاتوودا، دەمکەنە مامۆستای باشترین و ڕێکوپێکترین قوتابخانەکانی دنیا، یان هەر نەبێ تاران.

لەمەڕ "فلانل بۆرد" گوێیان پڕ کردبووین. تەختەڕەشی دوولایی و ئۆکسیژنی پێویست بۆ هەر قوتابییەک لە کاتژمێرێکدا، سیایی و ئەندازەی باڵا و کێشی منداڵان بە کەرەستەی تایبەت و لەو جۆرە تورەهاتانە گوێیان ئاخنیبووین؛ بە بیریشیاندا نەهاتبوو جارێک بڵێن، ئەگەر لە شەوێکی تووشی زستانی سەخڵەت و سەرما و سۆڵەی ئازەربایجاندا ڕۆژی ڕووناک بوو بە ڕێبەندان و دەرەتانێک نەما، کەس ماڵەماڵی بۆ نەکرا و چۆرێک نەوت و سووتەمەنی دەست نەکەوت و بۆ خۆت نەخۆش کەوتی و بێ دەوا و دەرمان دەستت بە جێگایەک ڕانەگەیشت، دەبێ چبکەی؟

ئێمەیان فریو دابوو، هەر بۆیە کە پێم نایە ئاوایی، وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش ڕاچەنیبێتم، تووشی سەرلێشێواوی هاتم.

سەدی نەوەد و نۆی فێرگەکانی ئێران گیروگرفتیان زۆرە و ئەو کتێبانەی لە ئەمریکاییەوە کراون بە فارسی، هیچیان تێدا نییە بۆ پەروەردەی ئێمە بشێ و دەردێکمان لەسەر کەم بکاتەوە. لە کتێبی ناوبراودا ئاوا هاتووە:

بۆ ئەو کەسانەی کەموکووڕیی دیتن و بیستنیان هەیە، دەبێ لە زووترین کاتدا بیستۆک و چاویلکەی تایبەتییان پێبدرێ. هەر وەختێک لە بارەی لەشساخی و هێز و تواناوە نیشانەی زەبوونیان تێدا دەرکەوت ئەشێ زۆر زوو بۆ چارەسەری

نەخۆشینەکان دەستبەکار بین. دەبێ مامۆستایەکی پەروەردە بە دڵسۆزی و لەخۆبردوویی تەواوەوە، سەرنج بداتە ئەم خاڵە، ئاخۆ کێشی منداڵەکە لە چاو تەمەنی نائاسایی نییە؟ یان قەڵەوی و کزییەکەی لە چاو دەدا؟ (ل)

ئەو وانەبێژانەی شوێن و جێگایان وەک منە و دەرس دەڵێنەوە ـ لەگەڵ گرفت ڕووبەڕوون. دەزانن فەرمایشتەکانی جەنابی "فدرستون"ی ئامریکایی تا چ ڕادەیەک تورەهاتە و لەلای ئێمە خواردنی قاوتی بەربایە بە سەر وشترەوە. کەسیش نییە بۆ کەم کردنەوەی ئەم گرفتانە قۆڵی لێهەڵماڵێ و هەنگاو هەڵبێنێ. لەوانەیە بۆ خوێنەران گرینگی نەبێ و بە فرۆفیشاڵی بزانن، بەڵام ڕاستی لەوەدایە کە زستانی ڕابردوو ئەوە بۆ من گەورەترین دەرد و وەرهەم بوو، تەنانەت گەچی نووسینمان خیز و خۆڵی تێدا بوو کە لە کاتی نووسیندا تەختەڕەشەی دەڕووشاند، هەرچەند تەختەکەمان بەرە و کاڵ بوونەوە دەچوو! هەر بۆ ئەوە دەبوو ناوی بنێین تەختەسپی! ئیدارەش نەیدەتوانی بۆمان ڕەنگ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی گوژمەی[1] تایبەت بەم کارانە لە سەرەتای ساڵدا هەڵچۆڕابوو. ژووری وانە گوتنەوەمان وا هەڵکەوتبوو قۆڵی سۆباکە بە سنگی تەختە ڕەشەکەدا چووبووە دەرێ و چارەشمان نەبوو.

لە ڕاستیدا، منداڵی دێنشین، سینەما، شانۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، بەرپرسی ڕێنوێنیکار، کارتی پیرۆزبایی، سندووقی پۆستە، پاس و تاکسی، خواردن بە کەوچک و کارد و چەنگاڵ، سۆسیس، بەیسباڵ، سەیران و گەشت، تەنانەت یاری تۆپیپێ و... نەبیستووە و نەیدیتووە، بە دەرس و وانە دەیخوێنێ و ناوی ئەوانەی بەر گوێ دەکەوێ، زار دادەپچڕێ و لە مامۆستا ڕادەمێنێ. ئێستا ئەگەر وانەبێژ هەر تۆزێک تێگەیشتوو بێ خێرا دەزانێ، قوتابیی چارەڕەش چ نەهامەتییەک ڕووی تێکردووە، ئیتر بە هەر جۆرێک بێ دەبێ مێشکی خۆی ماندوو بکات و بیخاتە گوێی قوتابییانەوە. خۆ ئەگەر ئەو لەو تاقمە مامۆستایە بێت، کە (هەر زۆر و بۆریان) مەبەستە (لێی گەڕێ بەقەبری بابی خێوی) ئیتر ئەوە قسەیەکی دیکەیە.

[1] بوودجە



لە کتێبی ناوبراودا، ئاماژە کراوە بە قەڵەوی و کزی لەڕادەبەدەر و کێشی (بەرچاو). منیش دایمە پەژارەی ئەوەم لە دڵدایە، ئاخۆ قوتابییەکەم لەو سەرما و بەستەڵەکەدا، لە دێیەکی دیکەوە بە پێیان هاتۆتە ئێرە، بڵێی نانی بەیانی خواردبێ، ئەویش نەختێک نانی ڕەق و شیرێژی کۆن. زۆر جار بە چاوی خۆم دیتوومە، قوتابییەکەم لە کاتی وانەکانیدا بووراوەتەوە و لەسەر عەرزی تخێڵ بووە، دواتر بۆم ڕوون بۆتەوە شەوی ڕابردوو دەمی لە زەواد نەکەوتووە. نە بەرچایی خواردوە و نە لەماڵیشدا لە نانی ڕەق و بڕوێش بەولاوە چیدی شک دەبەن. ئاخۆ کتێبی ئەو بەڕێزە دەردی من و شاگردەکەم دەرمان دەکا؟ ئێوە چۆنی بیر لێ دەکەنەوە؟ ئەو بۆی گرینگ نییە! "ئەو" تەنیا مەبەستی ئەوەیە بنووسێ و کتێب بخاتە بازاڕەوە. جا هەرچی بێت قەی ناکات!

وەرگێڕی کتێبی ناوبراو بە فیز و ئیفادەوە ئاوا دەنووسێ:

مەزنترین کاری ئەو (واتە وەرگێڕ) ئەوەیە: کە بۆ یەکەمجار توانیویەتی کتێبە دانسقەکانی "جان دیویی" گەورەترین ڕاهێنەری ئەمریکایی بە خەڵکی ئێران بناسێنێ......

## پێشەکیی وەرگێڕ بۆ کتێبەکە

بە بڕوای چووکەتان ئەو کارە، هیچ کە شانازی نییە! جۆرێک خیانەتە و بێهوودەیی دێتە ئەژمار. لە کاتێکیشدا ئەوە بۆ شوێنی خۆی کراوە و باشە!

بە ڕووڕاستییەوە بڕوام وایە: ئەگەر وەرگێڕی بەڕێز لە باتی وەرگێڕان و سەروبن کردنی ئەو هەموو کتێبە ئەمریکاییە، چەند مانگێک زەحمەتی بە خۆی دابا و سەرێکی لە یەکێ لە شارەکان هەڵێنابا ـ ئەگەر دێهاتیش ناڵێم، هەر لەبەر ئەوەی بەڕێزیان حەسانەوە و پشوویەکیان پێویستە ـ چ دەبوو؟ کاکی بەڕێز لە نێو قوتابی و مامۆستایاندا بمابایەوە و لەگەڵیان هەستابا و دانیشتبا و دەستکەوتی خۆی نووسیبا و کردبایە کتێبێکی پەنجا شێست لاپەڕە و بڵاوی کردبایەوە! قەت

ئەوەندەش بێکەڵک نەدەبوو. هیچ نەبێ کتێبێکی لە بارەی وڵاتانی وەک تورکیا و پاکستان و ئەفغانستان تەرجومە کردبا. هەر نەبێ ئەوانیش دەرد و گرفتەکانیان چی لە ئێمە کەمتر نییە! هاوسا و جیرانیشمانن، باشتر لە یەکدی دەگەین.

ئالێرەدایە کە ئێمە چەمک و لایەن و گرفتەکانی پەروەردە و فەرهەنگی خۆمان لە بیر دەبەینەوە. یان ئەوەی لێیان بێهەواڵین، یان چاویان لێ دەپۆشین و گوێی خۆمانیان لێ دەخەوێنین و دەڕۆین بە دوای گرفتێکەوە کە تەنیا بۆ ناوەندە پەروەردەییەکان بێ و زیان و گرفتەکانیشی کەمن. کۆسپ و لەمپەری زەقمان لەسەر ڕێدایە و ناشتوانین بۆ لابردنیان هەوڵ بدەین و خۆ لە ڕاستییەکان گێل دەکەین.

کۆسپ و ئازارێکی دیکە لێرەدایە، ئەویش ئەوەیە کە ڕاهێنەران و دەروونناسانی ئێمە لەپڕێک بوونەتە کورێک، حاسڵی کار و نووسراوی ئەوانیش هەڵگێڕانەوەیەکە لە کتێبگەلی ڕاهێنەر و دەروونزانی بیانی، بەتایبەتی ئەمریکایی. بە بێ ناسیاری و شارەزایی لەسەر ئێران و ئێرانی و منداڵ و ئەو جێومەکانەی کتێبی بۆ دەنووسن. چەند کتێبێکی بیانی لە دەوری خۆیان خڕ دەکەنەوە و لە هەر یەکەیان چەند لاپەڕە دەنووسنەوە، لەگەڵ کتێبگەلی کۆلێژ و زانکۆکان لێکیان دەدەن و لە سەر مەسەلەی دەروونناسیی کچان و لە شێوەی کتێب دەیدەنە دەرێ، لەتاران بێ، یان لە شارەکانی کە. بابەتەکانی پەروەردە و دەروونناسی شتێک نییە لە تەواوی شوێنەکان وەکوو یەک وا بێ. دەستکەوتەکانی بەدەست هاتوو لە شوێنێک و لە سەر زارۆکان بە ڕوونی ئاشکرایە لە هەموو شوێنەکاندا.

ئەگەر کەسێک گەرەکی بێ کتێبێک لەمەڕ دەروونناسیی منداڵان بۆ مامۆستا و ڕاهێنەرانی ئێرانی بنووسێ، ئەشێ کتێبەکەی لەسەر بنەمای خوێندنی منداڵی ئێرانی ـ لە پایتەختنشینەوە بگرە تا دەگاتە منداڵانی ڕەشوڕووتی لادێ بێ؛ کەڵک وەرگرتن لە کتێبگەلی دەرەوە لە جێی خۆیدا بێ باشە، لەمە زیاتر ئامۆژگاریی لالۆ هەباسە! کتێبەکەی هەنبانەیەکە لە "تورەهات"، وەکوو ئەو کتێبانەی ئێستا لە بەردەستدان.



وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانە ئەگەر لە زیادیش نەبێ، بە پلە سێ دەژمێردرێن. تەنیا بۆ ئەوەی لەمەڕ پەروەردەی ئەملا و ئەولا شتێکمان زانیبێ، نەک لەبەر ئەوەی ئەوانە بکەینە مەشخەڵ و کتێبی وانە گوتنەوەمان، لەوان زێدەتر پێ ڕانەکێشن. نووسینی تەواوی ڕاهێنەرانی خۆماڵی ئەوە دەگەیەنێ؛ کە پیاوان و ژنان قەرزداری مامۆستا و ڕاهێنەری بیانین. ئیتر چۆن دەتوانن بیر و باوەڕی خۆیان بەسەر مامۆستاکاندا بچەسێنن و زۆریشیان منەت بەسەردا بکەن. قەت یەکیشیان ئەوەندەی لە دەست نایەت ئاوڕ لە لادێکان بداتەوە. بە گوێرەی ئەو شوێن و جێگایانە کتێبی تایبەت بنووسێ کە شیاوی منداڵی ئێرانی بێت! بەوە دڵیان خۆش کردووە کەوا کتێبی بیانی دەخوێننەوە، بۆ دەستەواژەی پەروەردەیی و دەروونناسی، لە مانا فارسییەکەی دەگەڕێن، لە نووسین و وەرگێڕانی خۆیاندا دەیهێننەوە کاوێژ. ـ ئیتر ـ تاجە گوڵینە دەخەنە سەری مبارەکی وانەبێژی ئێرانی. لە کتێبەکانیاندا هەزار کەڕەت چاوەڕوانییان لە مامۆستا هەیە سەرەڕای ئەوانەش "دەبێ"ی لەگەڵە و کە ئیتر ئەوە هەر لەبەر چاو نییە، کە بە هەزار جار ئەمر کردنەوە ڕادەسپێردرێ و ئەشێ وریا بن. ژووری خوێندن بە تەواوی ڕووناک بێ، هەتا قوتابی بتوانێ بە ئاسوودەیی هەناسە بکێشێ! لەگەڵ هیچ گرفتێک ڕووبەڕوو نەبێتەوە، زۆریش وریای سڵامەتیی منالەکان بین و تووشی گرفتی دەروونی نەیەن، کێشیان نەڕواتە سەرێ و زۆریش دانەبەزێ، زەردەزیقە و کەمخوێن نەبن.

لە حاڵێکدا کە نەخشەی جوگرافی بۆتە دەرمانی چاوئێشە، بە کێها کەرەستە و پێوەر مامۆستا بتوانێ "ڕادەی کەمخوێنی و کێشە زۆرەکەی منداڵان بگرێ و بزانێ مەترسیدارە؟" ئەویش هەڵسەنگاندنی پەنجا شێست منداڵ؟

لاساییکارانی کتێبگەلی ئامریکایی، بێخەبەر لەوەن کە ئامۆژگاری ویشک و پروپووچیان دە گوێی وانەبێژێک دەئاخنن کە هێشتا کاڵ و نەکولیوە و ڕەوانەی کوێرەدێیەک کراوە، کە بە عومری خۆی لە باوەشی دایک و باوکی دوور نەکەوتۆتەوە و هەنووکە دەبێ بە دەستی خۆی جلوبەرگی خۆی بشوا و نان و خواردنیشی هەر خۆی سازی بکات، و شەش مانگ جارێک بە دزییەوە بچێتە شار

بۆ خۆشۆردن و پاکوخاوێنی. لە بەر ئەوەی لە لادێدا حەمام و گەرماو نییە و دێنشین لە تەویلەدا ئاو گەرم دەکەن و خۆیان تەڕ دەکەن و دێنەدەرێ! بەڵێ یانی ئەوە حەمامیان کردووە و خۆیان شۆردووە. بێجگە لەوانە گەنجی بێچارە لە تاو دەستتەنگی و نەداری باوکی، بۆتە وانەبێژ و مامۆستا، ئەگینا هیچ فرێ بە سەر کاروباری پەروەردوە نییە و حەزیش لەو کارە ناکات. لەوانەش ناخۆشتر، خەرجی بنەماڵەکەی کەوتۆتە ئەستۆ. دەبێ شەش مانگ پاش دامەزراندنی ئەوسا ئەگەر پووڵ و پارەیەک وەربگرێ. ئێستاکەش وانەبێژی تازەکار، لەگەڵ دامەزراوەی بەرنامە و پلان بەرەوڕووویە و ئەمەش ساڵێک دەبا.

کەسێک هەتا دەستی بە ئاوردا نەچزێ بە ئێش و ئازاری سووتاوان نازانێ، کوێیان دەسووتێ و چۆن دەبرژێن و بۆکزیان لێ هەڵدەستێ. "لە ناچاریدایە پەنا بۆ ئاگر بردن" چۆن بە ئازاری دەردەداران نەزانین. ئەوە کە چیرۆکی حاڵ و ڕۆژی نووسەرەکانی خۆمانە.

مووشکیلەی پەروەردە و دەروونناسیی ئێران ئەوە نییە کە

زەینکوێر کێیە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟

**کتێبی ناوبراو - ل**

یان:

خوێندنەوەیەک کە لە هەمبەر هێزی زەینکوێرەوە لەگەڵ کۆمەڵگا هاتۆتە ئاراوە تاقیکارییەک کە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی "مالر" پێک گیراون، وای نیشان دەدا، هێزی کەسایەتیی وریاکان کەمەکێک بەرزترە لە هێزی کەسایەتیی زەینکوێر و تەوەزلەکان، کەوا بوو ئەو جیاوازییە شتێک نییە حیسابی بۆ بکرێ.

**کتێبی ناوبراو - ل**

یان:

بۆ ئەوەی نووسراوە بۆ مەبەستێک بە ڕەوانی لەبەر بکەین، چەند جارێک بیخوێنینەوە و دەوری بکەینەوە. لە بەر ئەوەی هەر چەند جارەی دەیخوێنینەوە



شتی تازەتری لێ فێر دەبین، زێدەتر ڕووە و ڕووناکی باڵ دەگرین و تێدەگەین کە بە جارێک موتاڵا کردن، هیچی تێنەگەیشتووین.

**(دەروونناسیی فێربوون - چاپی دوو - ل٤)**

**عەلی ئەکبەر شوعاری نژاد**

خۆ دیتووتانە چەند قسەیەکی تەڕوپاراوی کردووە!

مەبەستم لەو ڕستەیەی ئاخرییە. بەم ڕێزمانە جوانەیدا دەردەکەوێ چۆن ڕووی دەرسبێژەکانی سپی کردۆتەوە؟

لەو بەشەی دووەمیدا، ئەوە کامە مامۆستای ئێرانییە کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن، لەگەڵ "تیشکاوێژی کەسایەتی مالر" قازانجی پێ گەیاندبێ. ئەوانە هیچیان نابنە کۆسپ لەبەر پەروەردەی ئێران. گیروگرفتی پەروەرشتی و ڕاهێنان لە ئێران چەمکێکە لە چەمکەکانی ژێرەوە کەوا من گەلاڵەم کردووە و دامڕشتووە، تاکوو ئێستاش کەسێک شتی وای بە بیردا نەهاتووە:

"ئێمە کە مامۆستای کاڵفام و بێئەزموون بەدەست و باخەڵی بەتاڵ و مێشکی بۆشەوە بەڕێی لادێکان دەکەین، قەت بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئەوان کاتوساتی بێکاریی خۆیان چۆن بەسەر دەبەن؟ ئاخۆ وا هەیە ببنە چاوبەست و ساختەچی؟ بە چی دەتوانین بەرگری لەو کەسانە بکەین؟ بڵێی ئەوانە لەو دێهاتە دوورەڕا بۆ دامرکاندنی مەیل و هەوای نەفسانی خۆیان دەستدرێژی نەکەنە سەر قوتابییەکانی خۆیان؟ یان لەوە خراپتر پەلاماری یەکدی نەدەن؟ بۆچی نایکەن! ئاخۆ بیرت لێ کردۆتەوە؟ لەوانەیە چارەنووسی وانەبێژێکی گەنج بە دیتنی قوتابییەکی لووسکە بەرەو هەڵدێر بڕوات و داهاتوویەکی ڕەشی بە شوێنەوە بێ؟ چیمان هەیە بۆ بەرگری کردن و هۆدانەوە لەو ڕووداوانە؟ چ چەکێکمان لەوە باشتر هەیە کە بە نەسیحەت و ئامۆژگاری و دەست بەسەرداهێنانی ئەو گەنج و لاوانە، کە ئاوا تازەکار و دوو ڕۆژە لە خوێندن و پشت مێزی قوتابخانە هەڵمانپچڕیون و ڕەوانەی نێو خەڵک و دێهاتمان کردوون و گەلێکیش چاوەڕوانیمان لێیان هەیە، بە چ

کەرەستەیەک دەتوانین بیانهێنینە سەر ڕێگا و لە زۆر کاری ناشایست هەسیان بدەینەوە. زۆری وامان هەبووە کە فکر و مێشکیان چۆتە کۆشی ئەو ئاکارانەوە، داوێنپیسی و ناحەزکارییان لە ژێر سیپاڵی دیندا شاردۆتەوە و هێزوپێزی لاوێتی خۆیان کردۆتە تۆزی بەر با. گەلێک دەرزبێژی وا دەناسم کە بە هۆی شەڕواڵپیسی و نزیک کەوتنەوە لە قوتابیی کلۆڵ، لە بەشی وانەبێژی دەرکراون و ناچاریان کردوون لە بەشی ئیداری و نووسینگەدا کار بکەن. ماوەیەکە ئەوە بۆتە باو لە نێو "سەرۆک" و بەڕێوەبەرەکاندا لە بەشی پەروەردە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە مامۆستایانە سەرکوت و تۆمەتبار بکەن، بە "منداڵباز" تاوانباریان دەکەن. بۆ ئەوەی کەسێک لە دڵی گران نەبێ بە پانەوە قسەکەم درکاند."

ئەو دەردە گەورەیە، یەکێکە لەو هەزار دەرد و وەرهەمانەی پەروەردە لە ئێران، کە دەکرێ کتێبێکی ئەستووری لەسەر بنووسرێ و زۆریش بە کەڵک بێ! بەڵام بەداخەوە هیچکام لەو ڕاهێنەر و دەروونناسانەی ئێمە، کە فرە سنگیان دەهێننە پێشێ، لەمەڕ چۆنیەتی باری پەروەردە و فێرکردن خۆیان بە پسپۆڕ و چازان دەزانن! چکێک ژیر و وشیاریان نابینم. ئەو تاقمە هەر ئەوەندە فێر بوون سەر دەبەر خۆ بنێن و بەبێ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ مەسەلەکە ڕووبەڕوو ببن، کتێبی زۆر و بۆر، بە چاپی سێ و چوارەوە بدەنە دەرێ و برێکیش منەت بکەن.

ڕووی پرسیارم دەکەمە تەواوی وەرگێڕ و نووسەرانی کتێبگەلی پەروەردە: کتێبەکانتان بۆ کێ چاپ دەکەن؟ مەجبوورن بڵێن: لە سەرووی هەموویانەوە بۆ مامۆستاکان. دەڵێم: بە مەجبووری بۆ وانەبێژانی خوێنەر! بەڵام نکوولی لەوە ناکرێ، لەسەدا نەوەدی مامۆستاکانی ئێران لە کتێب و موتالاکردن خۆ دەبوێرن! گەر دەڵێی وا نییە، لە نزیکەوە سەرێک لە فێرگەی شارەکان هەڵبهێنە و بە چاوی خۆت لێیان ورد بەوە. بێجگە لەوانەش ئەو دە کەسەی سەرقاڵی خوێندنەوەن، حەوت هەشتێکیان ڕۆمانی پۆلیسی و ئاشقانە و هەوەسبازانە دەخوێننەوە، بیرەوەرییەکانی فلانە خاتوونی خاس و فیسارە کابرای "لاڕێبووی داوێنتەڕ"، باسی لاڕێبوونی جنسیی خۆی دەخاتە بەردەست کەسانی ساویلکە و گەمژەپیاوانی نەخۆش. سێ



کەسەکەی دوایی - ئەو سێ مرۆڤە باشە - ئەوانیش لەگەڵ ئێوەی نووسەر و وەرگێڕانی کتێبگەلی پەروەردە نەیار و ڕەشبینن. بۆ جارێکیش پەڕێک لە کتێبی ئێوە هەڵنادەنەوە تاکوو بزانن چی تێدایە، ناحەقیشیان نییە.

لەوانەیە بڵێی: وەختێک مامۆستاکان کتێبی پەروەردەی ئێمە ناکڕن و نایخوێننەوە، بۆچی دوو جار و سێ جار چاپ دەبنەوە؟ وەڵام دەدەمەوە: تۆ تەریق نابیەوە ئەو قسانە دەکەی؟ کاتێک سەروبنی کارەکەت لێکداوە بۆت ڕوون دەبێتەوە؛ کتێبەکانت بۆچی دەگەنە چاپی دووان و... ئێوە قوتابییانی ژێردەستی خۆتان ناچار دەکەن بیانکڕن و بیانخوێننەوە.

ئاخۆ ئەوە دەردێکی گەورە نییە؟ بۆچی مامۆستاکان کتێب ناخوێننەوە؟ چۆن دەتوانین تووشی خوێندنەوەیان بکەین؟ ئەوجار کتێبی پەروەردەیان بۆ بنووسین! بەڵام وەزارەتی پەروەردە، بە واتای ئەمڕۆ پشت گوێ نەخەین کە جاروبار لەو جۆرە کتێبانە کۆ دەکەنەوە و دەینێرنە فێرگەکان، بۆ مێشک ئاخنینی مامۆستایان. بێگومان ئەوانیش کەڵکی لێ وەردەگرن، هەڵبەت بە شەلوگوتی و مژارەکانی دەروونناسی و پەروەردە بە چاوێکی سووک دەبینن. بە وتەی دۆستێک: مرۆڤ کاتێک ئەمانە دەبینێ بێزی هەڵدەستێ! ماوەیەک لەمەوبەر دوو وتارم خوێندەوە بەناونیشانی "دەروونناسیی ژن و مێردایەتی" و "دەروونناسیی قەڵەوی" هەردووی ئەوانە بە خامەیەک نووسرابوون، دەبێ ئەمە نەشارمەوە، بە دوودڵییەوە دەتوانم پەسەندی بکەم کە تێکەڵاوی "دەروونناسی" لەمەڕ غەیرە مرۆڤ کۆمەڵگا کەی بەکار دێنن؟ ئاخر ڕۆح و دەروون لە کوێ و "قەڵەوی و هاوسەرگیری" لە کوێ؟ کە ئێمە بمانەوێ شرۆڤە و ڕاڤەکاری بۆ بکەین، ئیتر زانایان چۆنی لێک دەدەنەوە، لێرەدا ئاگادارتان دەکەمەوە، با بزانن لە نێو خەڵکی ئێمەدا ئاوەها کەسانێک هەن! لە دەروونناسیدا لە سەر ترۆپک بن. بەڵگە و نیشانەشمان ئەوەیە گشت لایەنەکانی ڕاهێنانمان، دەروونناسیمان شێکاری کردووە و لە هەموو گرفتەکان بووینەتەوە، بۆیە لە بێکاریدا گەیشتووینەتە ئەو دووە. بۆ ئەوەی وەڕەزی خۆمان لابەرین. سبەینێ ئەو دووەش دەخوێنینەوە: "دەروونناسیی زگچوونی خوێن"، "دەروونناسیی دڵوڕیخۆڵەکان"!

کاتێک نان و پێخۆری زۆربەی قوتابییانی من، نان و سنجوو بێ، خوێندنەوەی "دەروونناسیی قەڵەوی" چ گرفتێک لەسەر من سووک دەکا؟ ئەو کەسانەی دەردی برسی‌بوون نازانن، لە گەشەپێدان و وەرگێڕانی ئەو جۆرە کتێبانە ڕازی و دڵخۆشن. وای بە چاک دەزانن بێتو ماموستاکانمان تۆزێک پەلەوهەلە بکەن و ئەو کتێبە دانسقانە بخوێننەوە و بیکەنە سەرمەشقی کاری خۆیان، ئەوە گومانی تێدا نییە پەروەردەی ئێران گەشەونەشە دەکات و پێش دەکەوێ.

وەختێک بە ناخی فەرمایشتی ئەواندا ڕۆچووین، ئەوسا دەزانین ئەو کتێبانە بۆ فێرگە و فێرگەکانی ئێران بەتایبەت دێ‌نشینەکان چەندێک کات‌کوژە و قازانجی لێ هەڵناوەرێ.

وێنەیەک دەهێنمەوە: پار لە دێیەک دەرسم دەگوتەوە، دوو ژووری هەبوو لە ساکە دەشتێکدا. سێسەت میتر لە ئاوایی دوور بوو، لە پاڵ گۆڕستانەکەدا، بێ دیوار وحەسار، دوو وانەبێژی هەبوو کە یەکێکیان من بووم. قوتابییەکانیش هەتا پۆلی چوار خەڵکی ئەو دێیە و ئاواییەکانی دوور و نزیک بوون. فەڕاش و پێش‌خزمەتێک لە کاردا نەبوو. نە چاڵاوێک هەبوو و نە حەوز و ترومپایەک! مناڵەکان دەچوون لە نێو دێ ئاوی خواردنەوەیان دەهێنا. شەوی زستان هەتا بەیانی هەر جێی خۆ مەلاس‌دانی سەگە بەڕەڵا و هاوینانیش جێگای ڕمبازێن و کایە و .... منداڵەکان.

ئەوەیە وەزع و حاڵی فێرگەکەمان. کتێبێکی وام پێ شک نایەت لەمەڕ پێ‌ڕاگەیشتنی فێرگەکان شتێکی ئەوتۆی تێدا بێ. هەر بەتەنیا قوتابخانەکەی من ئاوا پەرپووت و کاولاش نییە! زۆربەی فێرگەکانی ئێران، بەتایبەت دەوروبەری تەوریز - ئیتر خۆ باسی چابەهار و لادێکانی ناکرێ!

لە کتێبی "مناڵانی زەین‌کوێر"دا لە (homeroom)ی ئامریکایی دەدوێ، منی هەژار تەنیا لە خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزی لە دووهەم ساڵدا چاوم پێی کەوتووە، بەڕاستی دەتوانم بڵێم هیچکام لە فێرگەکانی ئێران هەڵگری ئەوە نییە کە (homeroom) پەروەردەی تێدا بگونجێنی. ئەو تاریفاتە لە کتێبی ناوبراودا دەخوێنینەوە:



زەین‌کوێر دەبێ لە دواناوەندیدا هەروەکی بەشی فێرکاری لەگەڵ خوێندکارەکانی هاوتەمەنی خۆی ژوورێکی بێ‌دەنگ و هەراوی پێ‌بدەن کە لە ماڵی خۆی خۆشتر و بەڕێوجێتر بێ. ئەو ژوورە بکاتە پێگەیەک بۆ هەڵسووڕانەکانی خۆی، لەدوای ئەو ئەرک و بەرنامانەی کە لە دواناوەندیدا مەیدانێکی بەربڵاوی بەدەستەوە دەبێ، لە پەنا ئەوانەدا، ئەشێ دۆڵابی هەبێ بۆ هەڵواسینی جل‌وبەرگ و کۆکردنەوەی کەل‌وپەلی پێویست.

بێجگە لەوانە هەروەکوو فێرگەی باڵا لە هەر کات و وەختێکدا کەیفی لێ بووا! بۆ بەجێ‌هێنانی بەشێک لە هەولەکانی خۆی بچێتە هۆڵی کۆبوونەوە و وتاردان، یان ژووری نان‌خواردن و نووسینگە. لەو ژوورەوە بە بێ کەم‌وکووڕی لەگەڵ کەسەکانی کتێبخانە و نووسینگە پێوەندی تەواوی هەبێ.

ل -

وای دابنێن ئەوە من بوومە ماموستایەکی دڵسۆز و لێزان بە هەموو هێز و وزەی خۆمەوە تێکۆشام و لە خۆم نووسام زەین‌کوێر و زەین‌کوێرانی فێرگەکەم - بەو شێوە پێشنیاز و فەرمایشانەی سەرەوە بار بێنم! دەکەومە هەوڵی خەت و نیشان و ڕێنوێنی کردن؛ دیارە لەگەڵ ئەو کتێبە ڕووبەڕوو دەبمەوە، ئیتر ئێوە بێژن لە پاش خوێندنەوەی ڕێنوماییەکانی ئەم کتێبە چۆن نەغەزرێم و وەک شێر هەڵنەچم! چۆن هەتا دەستم نەگرێ ئەم کتێبە توور هەڵنەدەم؟ با لێتان بپرسم: ئەو کتێبە چ سوودێکی بۆ من پێیە؟ من لە کوێ دەستم بە homeroom ڕادەگا؟

جێی خۆیەتی چەند دێڕێک بۆ نموونە بێنینەوە لە کتێبێکی دیکە، کە بەتایبەت بۆ فێرگەکانی لادێ نووسراوە و وەرگێردراوەتەوە و چاپ بووە:

کاتی فراوین... لە هەوای سارد و سەرمادا تەواوی ساندویچەکان (لەفە) سوور دەکەنەوە و دەیانبرژێنن. قوتابییەکان لەو پێش‌برکێیەدا خۆ ماندوو دەکەن بۆ وەدەست‌هێنانی سەرکەوتن.

پەتاتەکان لەسەر کوانوو دەکوڵێنن، خواردنی ئامادە گەرم دەکەنەوە، هەفتەی سێ ڕۆژ قوتابییەکان (کاکائو) ساز دەکەن و بە یەکەوە دەیخۆن. ماموستا و قوتابی

به هاوکاری یەکدی هەوڵ دەدەن بۆ پەیداکردنی شیر. جاروبارە قوتابییەکان خواردنی گەرم و تایبەت دروست دەکەن و لەنێو هاوڕێکانیاندا دابەشی دەکەن.

کاتێک زمانی ئیتالیمان دەخوێند فرە کەس لایەنگری ماکارۆنی بوون کە بە شێوازێکی پێشکەوتوو بە کەوچک و چنگاڵ و دوو چیلکە دەیانخوارد.[1]

ئەوە بۆ من و کەسانێکی وەک من کە مامۆستای قوتابخانەی لادێکانن بە سەرمەشق و دەسپێک داندراوە. بۆ کاتی نیوەڕۆژە و فراوین! ئەی سەڵا لە ئەقڵتان!!

دەفتەر و قەڵەم لەگەڵ جووتێک کەوش و گۆرەوی بۆ سەرمای زستان ـ سێ مانگەی هاوین با بە پێخواسی بگەڕێن، لە بەر ئەوەی وا ڕاهاتوون ـ لوتفتان هەبێ و "شانازی لەفەی سوورەوە کراو و لایەنگرانی ماکارۆنی ئیتالی و کەوچک و چنگاڵ و شێوازی نوێ" پێشکەش بە خۆتان.

* * *

بەم جۆرە دەردەکەوێ هەتاکوو ئێستا لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ پەروەردەوە لە ئێراندا نەکراوە کە لە نزیکەوە لە گرفت و کێشەکان ورد بووبێتەوە و سەرنجیان پێدابێ. ئەوە چەندساڵێکە دەرزبێژی لادێم، حەز دەکەم ئەو ئەرکە وە ئەستۆ بگرم و ئەو پەیڤ و ڕایانە کۆ بکەمەوە، بۆ ئەوەی بەندێکی ئەو چەمکە بخەمە ڕوو. ئەوەی لەمەودوا دێتە بەرەوە هەر ئەو بیروڕا دەربڕینەیە. لەوانەیە وردەکاری مەبەستەکان لەم ساڵدا، کە ڕابرد لە ساڵی داهاتوودا تۆفیری هەبێ؛ بەڵام ماکی قسەکە نەگۆڕە و لە جێی خۆیەتی. نموونەم لە کتێبەکانی خوێندکاری هێناوەتەوە. لەوانەیە کتێبگەلی دیکە جێی ئەوانی گرتبێتەوە! بەڵام هێشتا دەکرێ لەمەڕ ئەوانەوە لێدوان هەبێ.

* * *

[1] فێرکاری و قوتابخانەکانی لادێ بەرهەمی ک، و، وافورد لە وەرگێڕانی جەواد عامری، چاپ و پەخشی کۆلێژی بەرایی کوڕانی تەورێز، بە هاوکاری هەروەک بەرنامەی هەمیشەیی دامەزراوەی فرانکلین، لاپەڕە، نرخ قران! ل ـ



بەشێکی زۆر لەو کتێبە بۆ یەکەم جار لە گۆڤارەکانی مامۆستای ئەمڕۆ (تەورێز)، گۆڤاری سپاهان (تاران) و هەفتەنامەی بامشادی تاراندا چاپ کراون.

هیوادارم ئەم هەوڵ و تێکۆشانەم بۆ وڵاتەکەم سوود و بەهرەی باشی هەبێ و بۆ بەرەو پێشبردنی پەروەردە وەک پردێک بێتە ئەژمار.

**گوندی "ئاخیرجان"**

## بۆچی مامۆستای باش دانسقەیە؟

**هاتوچۆ لە نێوان شوێنی کار و ڕۆچوون بە ناو بەشی دامەزراندندا ـ وانەبێژی تووتیئاسا و وانەی لەم چەشنە ـ پاشماوەی خێڵی ئاخوند و کۆلکە مەلاکانی مەکتەبی ـ هەوڵودەولی خۆڕایی و بێناوەرۆک و خۆنواندن ـ سەرۆک و بەڕێوەبەری دەروونپیس و عەزیەتکار ـ گەنجی سەرچڵ و پڕکاری ئەمڕۆ ـ مامۆستای گوێنەدەر و کۆنەکاری دواڕۆژ ـ وانەبێژی دەروونپیسی داماو ـ مامۆستایەتی کارێکی سانا و باشتر لەوەی لە پشت دەرگای زانکۆکان چاوەڕوان مانەوە ـ یادێک لە "عەینودەولە" و هێنان و بردن و تیفتیفەدانی دایرەی پەروەردە.**

وانەبێژانی گەنج یەکەم پشتەپێ لە کاتی وەرگرتن و دامەزراندندا دەچێژن. تاقمێک ڕەوانەی گوندە لاپەڕەکان دەکەن، هەر چونکە داژداریان (واسیتە) نەبووە! و سمێڵی کەسیان چەور نەکردووە؛ دەستەیەکی دیکە لە دەوروبەری شارەکان و لە ناوەندی تاران جێیان بۆ دەکەنەوە، ئەمەش هۆیەکەی ڕوونە. زۆربەی هاوار و مانگرتنەکان دەبێتە بلقی سەر ئاو. ئەوانەی کە زۆریان پێداگری کردووە و خۆیان هەڵسووڕاندووە، ڕازی نەبوون بچنە ئەو شوێنانەی کە بۆیان دیاری کردوون، کاتی وەرگرتنیان بە مانگ دوا خراون و تووشی زەرەر و زیان بوون.

ئیتر بەم جۆرە دەستەیەکی زۆر لە مامۆستاکان بە بیرەوەرییەکی تاڵ و بە نابەدڵی کار و ئەرکەکانیان دەست پێ دەکەن. تەوژمی بێمەیلی کاتێک گوشار دێنێ کە مووچەکەیان بە مانگ و ساڵێک دوا بکەوێ، ناچار بێ لە دێی غەریبایەتی هەرچۆنێک بێ مەمرەمەژی گوزەران بکا.

ڕێگە بدەن پێشتر ڕچە بۆ مەبەستەکە بشکێنم، ئەوجار... مەبەست ئەوەیە: مامۆستای بەمشوور و دڵسۆز کەم هەیە. وانەبێژان بە دڵساردی بە بۆنەی نان و لە



چەشنی عادەت و خوو ـ ڕاست وەکوو ئەوەی هەموو ڕۆژێک هەموو بەیانی زوو لەخەو هەستن، بچن لە نانەوایی نانی گەرم و تازە بهێنن و لەگەڵ پەنیر بیخۆن و هەڵبستنە سەر پێ. مامۆستا لەپاش نان خواردنی بەیانی سەر و کاکۆڵی شانە دەکا و بە ڕێکوپێکی ڕوو دەکاتە قوتابخانە. دەفتەری ئامادە بەکار، واژۆ دەکا! دەفتەری نمرەکان دەنێتە ژێر باڵی و دەچێتە سەر پۆلی وانە گوتنەوە، زۆر بە وریایی کات و بەرنامەی خۆی ڕێکوپێک کردووە. ڕاست لە وەختی زڕەی زەنگەکەدا یان یەک دوو چرکە پاش و پێشتر دەگاتە بەر دەرکی قوتابخانە! لەشێوەی مەکینەیەکی خۆبزێو بۆ کات ڕابواردن چی داناوە؟ ئەوە با بمێنێ بۆ وتارێکی دیکە.

لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک دەکەم و تێدەپەڕم. ئەگەر بێتو پاش نیوەڕۆیەک قوتابخانە دابخرێ لەوانەیە جەنابی بەڕێوەبەر یان وانەبێژ پێ بنێتە بازاڕ و شەقام و مەمکبەندێک بۆ خێزانی بکڕێ و بێتەوە بۆ ماڵێ و ئەو پاشنوێژە ئاوا بەرێتە سەر، لە ڕێگەی بەختەوەری خاوخێزاندا. ئەو مەکۆ مەمبارەکە! گەنجەکانیش ئەگەر سەروبەندی مانگ نەبێ ئەوە تینێکیان تێدا دەمێنێ... خاتوونە دەرزبێژەکان، ناچارن ئەو ڕۆژە بە پینەوپەڕۆ ببەنە سەرێ و خەریکی ملپێچ و گۆرەوی چنین بن ـ ئەوانەی کەیبانوون بۆ خۆنواندن دەچنە سەیری فیلمە کاتکوژەکان، ئەو کارتۆنە بەجوولانەی لە چەشنی داهۆڵەکانی پایتەخت، یانیها، هامۆشۆی سینەما دەکەن، بۆ ئەوەی بەیانی بتوانن لە ئۆفیسی قوتابخانە لە باس و دەمەتەقە و لێدوان کەم نەهێنن و دوا نەکەون. ئەوە چاو کراوە و ئاقڵدارەکانن. یان هەڵدانەوەی ڕەنگیننامەی ژنانە ـ ئەمەش لە خوێنەرەکانیان ـ ئەگەر حەز دەکەن بیانبینن مامۆستاش خۆ سەت ماشەڵای لێبێ دەرسەکە وەک تووتی دەڵێتەوە و لە چەشنی مەکینە زار لێک دەدا. ئەگەر سیایی بگری، بۆت دەردەکەوێ زیاتر لە هەزار جار ناوی نادرشای بە وانە گوتۆتەوە، هەزار جارەکەش لە سەرڕا هاتۆتەوە سەر پەتوسینگەکەی هەوەڵ. کات و شوێن و حاڵ و کێشەکانی قوتابی لە سەر وانەکانی ئەو شوێن دانانێ. هەزار جار نادری بردۆتە هیندوستان و بە تیخی ئەو ملی "هیندی"ی ملبەکوێنی هەڵبڕیوە. سەربەرزانە داغ و ناونیشانی "سەرکەوتوو"ی لە نێوچاوانی دەدا و دەیهێنێتەوە بۆ ئێران، هەزار کەڕەت ڕاڤە و شیکاری "مەسەلەی

نادیار"ی به دەرس گوتۆتەوە و هیناویەتەوە کاویژ، ئیتر پێویست بە مێشک هەڵگوشین و بیر لێکردنەوە ناکات. مێشکی خۆبزێوەکەی چی گەرەک بێ، لە ئیختیاری زمانی دەنێ، زمانیش هەر بەم شێوەیە وەکوو هەمیشە لە گۆ ناکەوێ، پیت و ڕستەکان بەبێ ئەملا و ئەولا دەڵێتەوە، جا هەر ئەوەندە بەسە بە دەم خەویشەوە دەرسەکە دووپات بکاتەوە، بە بێ ئەوەی جێگۆڕکێ بە ڕستەکان بکات، لە ئاخاوتنی ئینگلیزیدا زمانی گرێ ناکا و وەک بولبول وایە، مامۆستا و پسپۆڕی ئینگلیزییە.

لە وشەکاندا تەواو شارەزایە، گشتی لەبەرە، بە هەزار جار بە وانە گوتوویەتەوە. خوێندنەوە و توێژینەوە بە گرینگ نازانێ، تەنانەت ڕستەگەلی تایبەت بە وەرگێڕان لە پۆلی دوو یا شەشدا بە ئەرک نازانێ، کە تاقولۆق لەسەر مێشک و دەفتەرەکەی دەستیدا هەمیشە پێیەتی و مامۆستایەتی یانی لەبەرکردنی شێوازی بەرنامەگەلی دەرسی و ڕادەست کردنی بە قوتابی. ئەوە یانی ئەو ئەرکەیە کە دەبێ مامۆستایەک بیزانێ و خۆی لێ نەبوێرێ، لە شێوەی "رادیاتەر"ی ماشێن. جموجۆڵێک لە قوتابخانەکاندا نابینی، ئەگەر بشبێ لاواز و ڕواڵەتییە و بۆ چاو پڕ کردنەوەیە، تەنیا بۆ ئەوەیە سەرۆک و بەڕێوەبەر دێتە سەردانیان.

کەمتر مامۆستایەک شک دەبەم بە بیری وانەبێژی و بەرهەمی کاری خۆی بێت، مامۆستا لە فکری ئەوەدایە بیر و مێشک بئاخنێ و بە شێوەی ئاخوند و "کۆلکەمەلای"[1] مەکتەبخانەی سی چل ساڵ لەمەوبەر هەڵسوکەوت دەکەن. بە خۆ هەڵکێشان و خەرجی کەم و بریقوباقی کەمتر، کەوابوو کەر هەر کەرە و کورتان گۆڕاوە!

بۆچی ئاوایە؟ بۆچی دەبێ لە نیوەی زیاتر قوتابی شارنشین لە پشووی هاویندا بچێتە پۆل و پۆلی تایبەتی و هەر ئەو دەرسانە وەخوێنێ کە لە قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی فێری نەبووە؟ ئیتر خۆ ئەوە حاشای لێناکرێ!

ئەوە پوختەیەک بوو لە ڕواڵەتی مەسەلەکە. ئێستا دەکەومە تاوتوێ کردنی چەند هۆیەکی بەرچاو، ئەگەر نەشمتوانی داوای دەسبارێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە درێژ دەکەم.

---

[1] کۆلکە مەلا، مەلای نەزان و بێسەواد



ماوەیەک لەمەوبەر پرسیارنامەیەکیان دابوو بە فێرگەکان، ڕاسپاردەیان ئەوە بوو مامۆستاکان پڕی بکەنەوە و بیدەنەوە بە ئیدارە. ئەمە یەکێ لە پرسیارەکانی بوو: پێشنیارت چییە بۆ پێشەوە چوونی کاروباری فێرکردن و ڕاهێنان؟ من خۆم چاک دەمزانی خەریکی فیشاڵبازین. ئەمڕۆ کەسێک دێت پرسیارنامەیەک دادەڕێژێ و سبەی یەکی تر ئەو کورسییە دەگرێتەوە، ئەویش سەرقاڵی کاروباری خۆی دەبێ. تاقەت و وەختی ئەوەی نامێنێ بکەوێتە بیری پرسیارنامەی ئەوەڵ جار، لە کۆتاییدا هەر مامۆستایەک بەو قسانە بیری خۆی خۆش کردبێت و وای دانابێ داخی دڵی خۆی بەتاڵ کردووە، یان پێشنیاری دڵسۆزانەی لەمەڕ پەروەردە و فێرکردنەوە دابێ؛ ڕووزەرد و خەجاڵەتی لای خۆی دەبێ، پشتی دەستی خۆی داغ دەکا بۆ ئەوەی جارێکی تر کاری ئاوا نەکات. من سەرەڕای ئەو کێشەیە پوختەیەکم نووسیبوو:

بەر لە هەموو شت بەرەو پێشەوەبردنی کاری فێرکردن و ڕاهێنان، ئاوڕ دانەوە و ئاسوودەیی فکر و بیر و گوزەرانی مامۆستا لە سەرەوەی هەموانەوەیە. لەمەڕ پێداویستیی ژیان و ئەوەی بەرپرسێکی هەبێ شارەزا بە کاروباری ئیداری لەهیچ لایەکدا مەحتەل نەمێنێ. ئەوەشم لێ زیاد کردبوو، لە تەواوی دەورانی وانەبێژیمدا سەرۆکم بە چاوی خۆم نەدی لە کار و ئەرکەکانیدا پسپۆڕ یان هەر نەبێ دەربارەی ئیشەکەی خۆی موتاڵای هەبێ، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، هەر ئەوەندەی سەریان کرد بە پۆلەکەی مندا! ئیتر دەزانم گێرەیان لە کوێ دەگەڕێ! تا چ ڕادەیەک دوورن لە فەن و عیلمی فێرگە و مامۆستایەتی. ئەوە ڕاستە ئەو بەڕێزانە چەند ساڵێک لەمەوبەر دەرزبێژییان کردووە ـ هەشیانە نەیانکردووە و کۆلکەن ـ بەڵام دواتر کە پلە و پایەیان چووە سەرێ، ـ (پلەی ئیداریم مەبەستە کاکی برا، بەهەڵەدا نەچن) ـ و گەیشتن بە پلە و پایەی بەرپرسی ئیدارەی بیناسازی و ئەو شتانە، بە گشتی مامۆستایەتی وەلا دەنێن و لە گەڵ پۆل و وانە دەبنە بێگانە و بە جارێک پشتی تێدەکەن. خوێندنەوەیان کە نەبووە بە کەسری شانیان زانیوە، ئەوە لە دێهات و شارەکانیش بەبێ بەرپرس ماونەتەوە. ئیدارەی ناوەندی دابەش بووە بەسەر مامۆستا و پەروەردەدا ـ لە دوای ئەو دابەشبوونە لە نێوان وەزارەتی پەروەردە

نـازانم ئـەو دەسـتەواژەیـە شـیاوە یـان نـا؟ ئـاخۆ دەکـرێ بێـژین فێرکـاری و پەروەردەیی؟ ـ مرۆگەلی خاس و لێزان و دڵسۆز تەکیان داوەتە دواوە ـ ناڵێن لەبەر چی؟ یان لەبیر چوونەتەوە و کەسیش لێی نەپرسیون! ماونەتەوە ئەو گرووپەی لەو مرۆڤگەلە شیلەی ڕوحیان ئاوێتەی پێست و ئێسقانیان بووە و حەز دەکەن دایمە "جەنابی سەرۆک" قاویان بکەن، هەروەها ئامانجێکیان لە ژیاندا هەیە و دەخوازن ئاغا و کوێخا بۆخۆیان بن و سەرێک بن لە نێو سەراندا، لە شێوازی بۆرژوادا، داهاتووی خۆیان مسۆگەر دەکەن بۆ گەیشتن بەم لووتکەیە. چی لەوە باشتر خۆگەیاندن بە ترۆپکی ئیداری کارمەند و ژێردەستانی، لە ئەمر و نیای ئەودا بن، دەستوور دانە بە سەر زۆر کەسی لە خۆی باسەوادتر و تێگەیشتووتر و دڵسۆزتر، ئەگەر بۆی لوا نان و دۆیان دەبڕێ!

ئەو کەسانە هەر ئەوەندە گەیشتنە شوێنی مەبەست، یەکەم کاریان دەست تێوەردانی ژووری کارەکەیان و گۆڕانکاری ئەوە؛ جاری وا هەیە شوێنی کار دەگۆڕن بە بینایەکی خۆشتر و گرانتر. ژوورەکەیان پڕ دەکەن لە کەلوپەلی تازە و بەنرخ و مافوورە، مۆبل و کورسی، مێزی بریقەدار و شتگەلی لۆکسی سەر مێز، باوەشێن و... لەسەرەتای دەست پێکردن و کرانەوەی قوتابخانەکاندا (ساڵی ڕابردوو بە تکا و ڕجا داوام لە ئیدارە کرد بەڵکوو دارتاشمان بۆ بنێرن بەشکەم میز و کورسییەکانمان بۆ چاک بکاتەوە. وا دیار بوو هەتا کۆتایی ساڵ ئەم داوایە بە چاک نەزاندرا و ڕاگیرا.)

دوای ئەوەی سەرۆک، تەشریفی ممبارەکی دەچێتە سەر کورسی "ریاسەت"، ماستاوکەر و خۆڕێکخەران لە چەشنی مێشی شیلەمژ لە دەوری ڕەییس کۆ دەبنەوە بۆ خۆشیرینکەری، بە گەزێک زمانەوە پیرۆزبایی پێ دەڵێن: داوای لێبوردن دەکەین درەنگ هاتینە خزمەتت، نەمانزانی کەی هاتووی! بۆ ناساندنی خۆیان و ئەم و ئەو و جێ خۆشکردن. ئەو تاقمە بریتین لە: وانەبێژەکان، کارمەندانی ئیداری، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و سەرۆکی دواناوەندییەکان. ڕووهەڵماڵاوانە لە خزمەتیدا عەرزی دەکەن؛ سەرۆکی پێشوو حاڵی وا و باڵی وا بوو. جەنابتان لەو نەخۆشییە



دوورن؛ ئێوە چی دەفەرموون ئێمە وا دەکەین، ئەگەر بڵێی بمرن دەمرین؛ ئەمە بێنی و ئەمە بەری و کێ چی دەکا و کێ چی ناکات.

ئێستا ئەگەر سەرۆک مرۆیەکی بڕوابەخۆ بێ! نەک "گوێ لەمست"، ئەوا بۆ خۆی ڕێوشوێنی خۆی دەزانێ؛ بێتو وا نەبێ ئێوە لە من باشتر دەزانن، داهۆڵێکە و هیچی تر.

کە وا بوو ئەوەی پشتگوێ دەخرێ کار و دڵسۆزیی ڕاستەقینەیە! کەسێک نییە سەرنج بداتە ئەو قسە خەمخۆرانەیەی من. ڕواڵەتخوازی و سەرچڵی لە کارەکانیاندا بە گشتی هەموو هەوڵ و خزمەتێکیانە و کاتکوژی و خۆش ڕابواردن.

لێرەدا دەمامک لەسەر بیچم و ڕواڵەتی دوو چەشنە سەرۆک لا دەدەم؛ شێوازی کار، بیرۆکە و هەڵسوکەوتیان، با ئەمەش بڵێم تەنیا مەبەستم کەسانی تایبەت نییە، ڕووی قسەم بە گشتی لە هەموویانە:

بەرپرسی وامان هەیە دەروونپاکە و ئازاری بۆ هیچ کەس نییە. هەر ئەوەندەیان گەرەکە بگەنە کورسی، خۆیان لە گوزەراندا کەم نەهێنن و بێدەنگ و هەرا کار بکەن و دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە بێ و کاریان بە کاری کەس نەدابێ. دەرسبێژەکانیش خۆ لەو ناگەیەنن، هەر وەک ئەو نەخۆشانەی خەریکی وچان دان و حەسانەوەن، نابێ کەس بیاندوێنێ، وەک مێشێک لە ژوورێکی خاو و ساردوسڕدا زیندانی کرابێ. کڕ و بێواز و خەمۆک. ئەو سەرۆکانە خەڵاتێک نادەن، کەسیش سزا نادەن. دوور نییە دروشمەکەیان ئەوە بێ *"نە تۆ دەنگ و نە من دەنگ"* بۆخۆتان بزانن دەبێتە چی! کار یانی ئامادە بوون لە قوتابخانە، وانەبێژی بە مانای ئیمزاکردنی دەفتەری حازر و غیاب، سەرۆک بە مانای چوونە سەر کورسی و لە پشت میز دانیشتن و واژۆکردنی نامەکانی دائیرە. خۆخافڵاندن، چوونە مەرەخەسی و ڕاسپاردنی خزمەتکار لەمەڕ ئەوەی کە: هەر کەس لێی پرسی و سۆراخی ڕەییسی گرت؛ بڵێ" جەنابی ڕەییس" چۆتە کن مودیر ناحیە (بەخشدار)، یان فڵانە شوێن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی پێویست. چاودێر یانی سەردانکردنی نووسینگەی فێرگە و هەواڵپرسیی بەڕێوەبەر بە دوو سێ مانگ جارێک. ڕاوێژکاری ئیداری یانی دەمکوت کردن و دەنگبڕینی ناڕازیان بە

سەرپشکی دان بە کاربەدەستانی دمەوەر و چەقەسرۆ. قوتابی، ئەو کەسەیە کە ڕۆژێ چەند کاتژمێر وەختی خۆی لە جێیەکی بێجگە لە شوێن و هێلانەکەی خۆیدا دەباتە سەر و لەگەڵ هاوپۆلەکانی یاری دەکا، جاروبارەش لێدان دەکرێ و بە سەریدا دەدەن و بیانووی پێ دەگرن کە بۆچی گونجەی مەسەلەن حەوزەکەت بەرداوە و ئاوەکە بە خۆڕایی ڕۆیشتووە. دواناوەندی خراپتر لە سەرەتایی، هەر ئەوەندە نازانی جەنابی بریکار، بە بیانووی کەمتەرخەمی و نارێکوپێکی و نەخۆشییەوە سیفرێک بۆ قوتابی دادەنێ، لە جێدا هەڵنەستاوە و نەیتوانیوە بێتە نێو کۆڕی ڕاکردن کە بەڕێز بەڕێوەبەر بۆی دانابوون، ئەو خۆدزینەوەیە، بەڕێزیانی قەڵس و تووڕە کردووە و بیانووی داوەتە دەست کاکی بریکار. "ئەمەیە هێز و نەزمی ئێوە؟" ئەویش داخی دڵی خۆی لەسەر ئەو بەتاڵ کردووە، یان ئەوەی با بڵێین نەیتوانیوە بزانێ تۆڕی ئەسیدەکان بە کامە ڕەنگ دەربێنێ.

بەڕێز مامۆستای کیمیا هەر لە منداڵییەوە هۆگری کارەکەی خۆی بووە و ئەویش سیفرێکی بۆ داناوە؛ یان ئەوەی بۆچی نەیزانیوە وەڵام بداتەوە، ڕێوشوێنی مانگانەی ژن چۆنە و چییە؟

مامۆستای دینی هەر لەسەر پشتی لانکەوە نەیاری ژمارە یەکی نامسوڵمانان بووە و سیفری خەڵات پێداوە. ئەوە یانی قوتابی و وانە.

وا دیارە لە باسەکە دوور کەوتمەوە، بمبوورن.

ڕەییس و سەرۆکی وامان هەن، خووخدە و دەروونیاتی تاریکیان هەیە و دایمە حەز بە ئازاردانی ئەم و ئەو دەکەن. زۆر لەوەی کە هەن خۆیان بە زلتر دەزانن، بەرزەفڕی دەکەن، گەرەکیانە سێبەری سامی خۆیان بە سەر مامۆستاکاندا بسەپێنن، نەوێرن بڵێن ماست ڕەش نییە! زۆر جار دەبینی مامۆستا و دەرسبێژی ساویلکەمان هەیە ئەوەندە مردوو و ویژدانتۆپیون، لە خزمەت ڕەییسدا سەریان هەڵناپە یا بەبێ ئەمری ئەوان ناتوانن هەستن و دانیشن. خزمەتچی بۆ چوونە ژووری وەتاخی سەرۆک نیازی بە ڕوخسەت وەرگرتنە. پەیتا پەیتا نامەگەلی لۆمە و تەمبێ کردن دەردەچێ.



وتارەکانی بە شێوی فەرمی دەبێژێ و موعەللیم یانی ژێر دەست و ئەلفوبێوێژی ژێرچەپۆکە. مافی ئەوەی نییە بیروڕای خۆی لەمەڕ فێرکردن و پەروەردەوە دەربڕێ، بێتو زاری هەڵپچڕێ، بە تاوانی زماندرێژی و کەمتەرخەمی و سەدان ناو و ناتۆرەی دیکە نامەیەک لە دژی پڕ دەکرێتەوە، بەڵام تاوانبارکراوی داماو لە ئاوی شەوێ پاکترە و... ئەمەش زێدەبێژی نییە، چەند دێڕێک لەو ئاخرەوە سەبارەت بەو نامەیەی کە بۆتان هێناوم ڕوون کەمەوە و لەسەری بدوێم بۆ ئەوەی تێکوڵ بشکێ و کاکڵ دەربکەوێ. چەند ساڵێک لەمەوپێش بوو نامەکانم پێگەیی، سووچ و تاوانم ئەوە بوو: چەند تێبینیم لە سەر کاروباری پەروەردەی مامۆستا و قوتابخانە نووسیبوو، تەنیا مەبەستم ئەوە بوو حەز بە کارەکەم دەکەم و نامەوێ غەور بگرێ. سەرنج بدەن کە ئەو چەند ڕستەیە نموونەیەکی بەرچاوی نووسراوەی بۆگەنیوی ئیدارەکەیە. تەنانەت لە کۆتایی، یەک ڕستەشدا، خاڵ دانەندراوە.

ئەمەش ئەو چەند خەت و دێڕەی خوارەوە:

... لە کوێدا دەنووسێ هاووێنەکانتان بە نووسینی ئەو نامە و هەڵیت و پڵیتانە ناتوانێ کاربەدەستانی حکوومەت لەکاری خۆی سارد بکاتەوە و لە کارەکانیاندا ڕایانبگرێ باشتر وایە تۆزێک لە بیری ئاسوودەیی هاووڵاتیان و بەتایبەت قوتابییاندا بن بۆنی تێکدەری و بشێویتان لەدەم دێ ئەمە جوان لە گوێتان بگرن، دەست لە کاروباری ئیداری وەرمەدەن ئیدارە چاوی دەبینێ و پێویست بە چاوساغ ناکات سەغیر نییە کەبیری بۆ بگرن کەسیک بەسەر زیندوو بێت هەلومەرجی هەرچۆنێک بێ باری خزمەتی من بە گشتی نەگۆڕێ لێبڕاو ئەشێ بکرێ بەو ماوەیەی کارت کردووە هەستونەستی شتەکە بێنە بەردەم کەسێکی پسپۆڕ.

**سەرۆکی پەروەردە...**

دەزانی ڕایەڵی ئەو نامەو هەڕەشە و گوڕەشە و تۆمەتانە دەگاتە کوێ؟ گەیشتن بە دادگای ئیداری و... جاری وایە دەرکردن و لەسەر کار لادان و چاوەڕوانی خزمەتکردن و لە هیچ کەمتر سزایەکی زۆری نەغدی. لە کاتی سەرۆکایەتی ئەم

مرۆڤانەدایە کە جارناجارێک سەر و کڵاوی وانەبێژ و بەڕێوەبەر تێکدەچێ و کار دەگاتە جنێو و لە دەم و گووپ سرەواندن و دادگا. ئەگەر بێتو ئەوان دەستیان لە ئیدارەی ناوەندیدا هەبێ و پشتیان بگرن، چەند ساڵێک کێشەکە دەمێنێتەوە و شکایەت و هاوار و بانگی مامۆستاکان بە جێیەک ناگات و دووکەڵ بە چاویاندا دەچێ. تەنانەت بۆت دەردەکەوێ، لەگەڵ زۆر ژنی حەیاتکاو نێوانیان ڕووخاوە... ئەگەر پشتیان گەرم نەبێ بە سەرشۆڕی تاریکی دەقۆزنەوە و بۆی دەردەچن.

بە بۆنەی مەرەخەسی و ماوەی پشوو وەرگرتن دەڕۆن و ناگەڕێنەوە. ئابەم شێوەیە، کاسەلێسان و تەشیڕێسان، مفتەخۆر و ڕووهەڵماڵاوەکان، نەخوێندەوار و گەمژەکەسان، لە ناوەند پێیان چەقاندووە و دەستیان لە کار گیر بووە و بەشی هەقدارانیش دەخۆن و مافخۆراوانیش لە بیر دەچنەوە. زۆربەی مامۆستاکان لە یەکەم ساڵی کارکردندا، زێدە لە ئەرکی خۆیان کار دەکەن و ماندوو دەبن، لە چاو ئەو مووچە و پووڵەی وەریدەگرن، زۆریش سەرخۆشن بۆ گەیشتن بە ئاواتە زێڕینەکانی ڕۆژانی خوێندن، بە دڵ و گیان زەحمەت دەکێشن و خۆ ماندوو دەکەن و گوێ نادەنە سەرکۆنە و گورمزی مامۆستا کۆنەکارەکان کەوا وەک مرۆیان حەساو ناکەن، لەپڕ ئەو سۆز و گەرموگوڕییە کز دەبێ و گەشە و نەشە لاواز و مل بە لارەوە دەنێ و لە هەرچی دەرس و ڕاهێنانە لا ناکاتەوە و ئاوێتەی وانەبێژە لاڕێکان دەبن و بە چاوی گاڵتەجاڕییەوە سەیری نوێکار و هیوا بەخۆکان دەکەن، دەرس گوتنەوەیان دەبێتە کات بەسەر بردن و تەواوکردنی بەرنامەو پرۆگرامەکان. هەر بۆیە هەتا ئاوڕ دەدەینەوە بەرنامەی دەرس و وانە گوتنەوە بۆ شەوی نەورۆز کۆتایی هات و ئاو بێنە و دەستان بشۆن. لە نەورۆز بە دواوە هەتاکوو دەگەنە ڕۆژی ئیمتیحان و تاقیکاری مانگی جۆزەردان، خۆگێلکار و کاتبەسەر بردن و (خۆتان بە موتاڵا و دەور کردنەوە سەرقاڵ بکەن!)

خۆ نیشاندان لە پۆلەکاندا، دایمە چاوەڕێی هاتنی مانگی تازەن، هۆکارێک لە نێو ئەوانەدا کە زۆر کەس تێوە دەگلێنێ دووچاوەکی و ژێرپێنانی مافەکانی دائیرەن.



تەنیا دوو سێ کەسێک دەمێننەوە کە بڕوایان بەوە هەیە کاری شیاو لە سۆنگەی ئاکاری باشەوە جێبەجێ دەکرێ، ڕێز وحورمەتم هەیە بۆ ئەو دوو سێ کەسە ماندوویی‌نەناسە. سوپاسنامە و تەمبێ بە لای ئەوانەوە هیچ جیاوازییان نییە! بۆ ئەوە خۆ ماندوو ناکەن خەڵات وەربگرن. دەزانن دایمە سوپاسنامە و لۆمەنامەکان هەر بە بیر و باوەڕێکەوە دەردەچن و بە بێهۆ بڵاو دەبنەوە!

ئەم وتەیە زۆر کەم لەنێو وانەبێژانی ئازەربایجاندا بۆتە باو: ئەگەر حەز دەکەی لە کارەکانتدا سەرکەوتوو بی یان لە ناوەندەکاندا جێت بکەنەوە، بە دەغەڵی بجووڵێوە و گوڕە و هەرات دایمە لە سەرێ بێ.

ئەوە درۆی تێدا نییە کاربەدەستانی باڵا بۆ ئەوەی ئیمتیاز و سەرپشکی بەوان بدەن هەتاکوو دەنگیان دەرنەیەت و لە ژێر چاوەدێری خۆیاندا بن، ڕایاندەگوێزن بۆ دەوروبەری خۆیان. ڕاوێژ و چارەسەری دائیرە ئەمە دەفەرمێ.

بۆم دەردەکەوێ دانەنانی ڕەییسی باش لە ناوچەیەکی پەروەردەیی بە هۆی نەبوونی مامۆستای باشەوەیە. قەت وا نەبووە سەرۆکی خاوەن بیروڕام بینیبێ لەمەڕ پەروەردەوە دوو سێ کتێبی خاسی موتاڵا کردبێ، گشتیان مەیخۆرە و مەیخانەنشینن. هەڵسوکەوت و فڕکردنی مەی و قومار و یاری نەشیاوی سەرۆک ئیدارەکانی جۆربەجۆر لە شارێکی گچکە و شارەدێیەکانیشدا دەردێکی کەم نییە.

### بۆچی مامۆستای باش "نرخی گەوهەری" هەیە؟

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی پیشەی وانەبێژی بە دەگمەن دەگەڕێتەوە بۆسەر حەز و برشتی تاقمێک. دەستەیەک بەو هۆیەوە دەبنە فێرکار، هەموو دەرگاکان بە داخراوی لەسەر خۆیان دەبینن. جگە لە مامۆستایی چی دییان وەبەر چاو نایەت. ناچار دەبن بە موعەللیم تاکوو لە برسان نەمرن و دایک و بابیشیان بەخێو بکەن، لە داماوی خۆیانە وانەبێژی هەڵدەبژێرن، ئیتر ئەوە بێنە بەرچاوی خۆتان کەوا بە هەزاران گەنجی دەرچووی دواناوەندی و دیپلۆمە لە پشت دەرگای زانکۆکان چاوەڕوانی وەرگیرانن و ساڵ بە ساڵیش بەو ڕێژەیە زیاد دەبێ! تاقمێک بۆیە دەبنە دەرس‌بێژ بە بۆچوونی ئەوان

کارێکی ساکار و بێ دەردیسەرە و زۆر بە ئاسانی دەتوانن زەماوەند بکەن و خاوخێزان پێک بێنن و سێ مانگەی هاوین خەریکی ڕابواردن و پشوودان بن. قەت فرەتر لە عادەت و ئیشتیای خۆیان پێ ڕاناکێشن و وانە گوتنەوە و گوزەراندنی ئەوان، هەمووی بۆتە عادەت و ئیشتیاکاری؛ لەگشت بیر و باوەڕ و ئەرک و وەزیفە و تازەگەری و لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ ئەوەی کە ئارامی و شیرازەی خاووخێزان تێکنەچێ دەپرینگێنەوە. بەشێکی زۆری وتارەکەم دەهێڵمەوە بۆ دوایی.

دەستەیەک وانەبێژییان لەوە پێ باشترە لە پشت دەرگای زانکۆکان وەمێنن، هەر نەبێ گیرفان پووڵیان پێ دەمێنێ و هەرکات (کۆنکۆر) یان تەواو بوو دەچنە ئەوێندەرێ. کەسانێک بۆ ئەوە دەبنە وانەبێژ تەنیا، کار و پیشەیەکیان هەبێ و پێیان نەڵێن بێکارە، چونکە لە خولانەوە بە کۆڵان و شەقام ماندوو و وەڕەز بوون، وێدەچێ ئەوانە منداڵی دەوڵەمەند و ساماندار بن.

بۆچی مامۆستای باش وەکوو گەوهەرە؟ لەبەر ئەوەی کۆلێژ و پەروردەی کشتوکاڵ دادەمەزرێنێ، پارەیەکی زۆر سەرف دەکەین و دەرچوانی ئەوێندەرێ هەر لەو فێرگە پەرپووتانەدا، وەکوو مامۆستاکانی دیکە ئەلفوبێ دەڵێنەوە، هەر ئەوەندەی پێیان گەیشتە لادێ و فێرگەی کشتوکاڵ دابمەزرێنن شەپۆلی گاڵتەو تیتاڵ پێ کردن وەسەریان دەکشێ، خەڵکی لادێ زۆر لەوان بەکاروباری خۆیان ئاشنا و لە وەرزێڕیدا شارەزاترن، سەبارەت بە پارە و ئامرازێک کە هەر دوولایان بە کاری دەهێنن، وەکی یەک نییە. ئەو گشتە پارە و پووڵە بێرە و بەوێدا بڵاو دەبێتەوە، بۆ کرینی بێڵ و ماڵۆ و شەنە و ڕەندە و چەکوچ و تۆڕی تەلسیم و ئاردی پێشە، مەکینەی جووجەڵەسازی مامری هێلکە و... تا بڵێین لە فێرگەکان کارگەی دارتاشی داندراوە. بە داخەوە ئێستاکەش بەشی خواردەمەنییەکانی ئەو کەلوپەلانە لە ئەنباری فێرگەدا، ژەنگ دەیخواتەوە!

بۆچی مامۆستای باش وەکوو گەوهەرە؟ چونکە مامۆستای وا هەیە هەشت نۆ دە ساڵ لە گوندەکان، ڕەنجیان کێشاوە بەو هیوایە لە پاش ٥ ساڵ خزمەت کردن، بیاندەن بە ناوەندی پاریزگاکان و لە دایک و بابی خۆیان نزیک بن؛ وانەبێژی واش هەیە هەر لە کۆشی بابە و دایەدا نەهاتۆتە دەرێ! حاسڵی ئەو پێشێلکردنە چییە؟



هاوار و بانگی فرەیەک لە موعەلییمەکانی ئازەربایجان بۆ ئەوەیە ڕاپانگوێزن بۆ تاران. هێزی ڕاکێشان بۆ ناوەند، بۆچی؟ مەگەر لەوێ چ باسە؟ هیچ لە گۆڕێدا نییە! بیستوویانە لەوێندەر کەمتاکورتێک ئاسانکاری و تازیاری گەورە و چکۆلە هەیە، پێویست بە ئەژماردن ناکات. نموونەیەک لە ژیان و گوزەرانی مامۆستایەتی لە ئاواییەکانی ئازەربایجان دەهێنمەوە، مامۆستایەک گوتی: قوتابخانەکەمان بە دیواری گۆڕستانەکەوە بوو، لە پاڵ گردۆڵکەیەکدا، دوور لە ئاوایی، هیچ چارەمان نەبوو لە قوتابخانەکەدا دەنوستم. دوو سێ هاوکار بووین. شەوێک بە تەنیا مامەوە، زۆر گەنج بووم، نۆزدە ساڵ، چرایەکی نەوتیمان هەبوو. بۆ ئەوەی بخەوم، کوژاندمەوە، لە پڕ دەنگێکم بیست هەستم ڕاگرت، دیسان سرت وخورتێکم هاتە گوێ، ترس سەرتاپای لەشی داگرتم. وەبیرم هاتەوە بەیانی لە گەڵ کاک و بابی یەکێ لە قوتابییان دەمەقاڵەمان لێ پەیدابوو. شەمچەیەکم هەڵکرد تا بزانم چ باسە، بەڵام هیچ لە گۆڕێدا نەبوو. چڵە شەمچەکە کووژایەوە. دیسانیش دەنگی سرتە سرتی کەسێک هات. ئەوەندە دەترسام وەک مێژۆکە دەلەرزیم. هێزم نەبوو لقە شەمچەیەکی تر داگیرسێنم، لە نێوانی تاریکی و دڵەکوتەدا گیرم کردبوو. فرمێسکم هاتنە خوارێ. لە پاڵ دیوارەکەدا مات بووم، گوتم: تۆ خودا کارتان بە من نەدابێ! لێرە غەریبم. هەمیسان سرتە سرتەکەم گوێ لێ بۆوە، هەر چۆنێک بوو ئەوجاریش شەمچەیەکم هەڵگرت، لەپڕ چاوم کەوت بەو قاپەی نۆکمان تێدا لە ئاو کردبوو بۆ گۆشتاوی نیوەڕۆ، تۆمەس قرچەقرچی ئەو نۆکەیە وا لە ئاو کراوە! !

بیری لێبکەنەوە لە وەها گوندێکدا مامۆستا نەخۆش بکەوێ و کێشەیەکی تەندروستی بۆ پێش بێت، یان دەردێکی کوتوپڕ ئیتر خۆ دەستی بە جێیەک ڕاناگا؛ ئیتر دڵ بە چی خۆش بکا؟ هاموشۆی بە پێیان و چۆڵە ڕێگا و بەفر و سەرما و سۆڵە و مەترسیی گورگ و دڕندە بۆ ڕێبواران! لە ئازەربایجان لادێی وامان هەیە؛ سێ چوار کاتژمێر لە شارەوە دوورن. ڕێگا دژوار و هەڵەمووت. مامۆستای بێناز، بە چ سۆز و حەزێکەوە بچێ لە لادێ دوورەکاندا ڕۆژگاری ژیانی تێپەڕێنێ؟ بە هیوای چی؟ پووڵ و پارە؟ حەسانەوە؟

راستەقینەی بەرنامەی وانەیی شتێکە کە دەتوانێ مامۆستا هەم شاد بکا و هەم دڵسارد. حەیفەکەی لەو بارەوە ناکرێ زیاتر قەڵەم بە قاقەزدا بێنم، دیارە ئەوە لە دڵی زۆر کەس گران تەواو دەبێ. بەڵام بۆ ئەوەی نووسراوەکەم کەم نەهێنێ چەند وتەیەک لە کتێبی خوێندنەوەی زمانی فارسی ساڵی پێنجەم، لە هاوڕێی خۆشەویستم (بێهروز) دەگێڕمەوە.

بەرایی کتێب:

**بە ناوی خودای هەسارەو هەتاو        ئەخزێنێتە دڵ ئاوەزی بەتاو**

**هەرلە ئەو ڕایە زەمان و مەکان        مێروو ببینە و بناسە یەزدان**

قوتابی پۆلی پێنج لە قوتابخانەکانی ئازەربایجان هێشتا تورکیەکەی خۆی بە ڕەوانی نازانێ؛ ئەشێ ئەو شێعرە قورسە وەخوێنێ و لە بەری کا کەچی پاشناوی خۆی بە زەحمەت بە زماندا دێ! بەڵام دەبێ لەمەڕ زەمان و مەکانەوە؛ وردە فەرمایشت فێر بێ.

دوای ئەوانەش "ئارەشی تیرهاوێژ"ە کە منداڵ هیچی تێناگا و بابی دێتە پێش چاوی:

سوپای ئێران لە مازەندەران کەوتە تەنگانەوە... بۆ ئەوەی شەڕ و هەرا لە نێوخۆ دەست پێبکا.

.... تەڕار ئەمین لە قابووسنامەدا دەڵێ: بیستوومە کابرایەک بەیانی زوو بە تەمای ڕۆیشتن بۆ گەرماو... سەت دیناری دە قۆلی کراسەکەی نابوو. دوایە لە دەسرەکەی سەری پێچا...

مەبەست لە (پەخشانی ئەورۆپییە): ئەمرۆ ناشێ هیچ بیرمەندێک وەدووی سێبەری ڕابردوو و داهاتوان بکەوێ... ئەگەر بتوانێ خۆی داهێنەر بێ.. وردە بزماری کەوشی ئێوە لە دەستکەوتی ئاسن و کانزاکانە...

لەو وڵاتەدا شێعر لەوپەڕی زۆریدا بەرهەم دێ! چ پێویست دەکا ئیتر گەرەک نییە ئەم شێعرەی سەعدی دابنێن:

**به ره بر یکی پیشم آمد جوان        به تک در پیش گوسفندی دوان**



ئاخۆ دەتوانین قوتابی ڕازی بکەین کە بۆچی (ڕێ) دوو پیتی زیادی هەڵگرتوە؟

نەزیلەی سێماسییەکەی کلیلە و دیمنەتان لە بیرە؟ لە کتێبەکانی سەرەتایی و پۆلی نۆ دا: دەتوانی وەیخوێنی خۆ ئەگەر تۆزێک ورە و غیرەتم هەبا، لە نووسەری بەڕێزم دەپرسی:

منالێکی دوازدە ساڵانە لەم پاژە لە (عادەت) و بەزم و نەزمی پادشایانی کەونارا، چی فێر دەبێ؟

هەروەها لەم مێعرە بێتامە:

**لەم وڵاتەدا کەسێک خزمەت گوزارە**

**ئەگەر وەرزێڕە یان ئامۆژگارە! ! !**

کەوابوو خەڵکەکە تەمبەڵی بەغداو دژ بە وڵاتن.

لە سەروبەری ئەو کتێبە پاک و خاوێنەدا بێجگە لە یەک دوو شێعر مەبەستێکی تێدا نابینی دڵ و چاوت ڕوون کاتەوە، قوتابی بە زەوق و شەوقەوە بیخوێنێ و مامۆستا بە دەرس بیڵێتەوە.

یادی بەخێر ڕۆژگارێک کتێبەکان شێعری جوانیان تێدا بوو: ئەی پشیلە تۆ کوتوپڕ چت بەسەر هات....

چی بکەین بۆ ئەوەی مامۆستای باش نرخی گەوهەری نەمێنێ؟

بەر لە هەموو شتێک وەبیرتان دەهێنمەوە کە جاری وایە مامۆستای باش بە هۆی ناکۆکی تایبەتی، هێندێک بوختان و، بە خاتری ئەوەی ڕەبیس و ... هتد چاویان بەرایی نادا بیانبینن، لە سەر کار و ئەرکی خۆیان لابراون. مرۆی شایستە و پارێزکاریش هەبوون، باسەواد و دڵ لەسەر کار؛ لە دائیرەدا دەسەڵاتیان هەبێ و مامۆستای دڵسۆز هەڵبژێرێ و کاری پێبسپێرێ.

هەتا ئەو جێیەی بۆم دەلوێ دەتوانم ڕای خۆم دەرببڕم، بە هێما دەیڵێم و تێدەپەڕم. تۆ خۆت فەرمایشەکە بخوێنەوە.

دەبێ جیاوازی دانان و ژێر پێنانی مافەکان جا بە هەر شێوەیەک بێ پاک بێتەوە و نەمێنێ. هەڵبەت بە کردار نەک لە بڕیارنامەگەلی هیچەکە و پووچەکەدا!

گواستنەوەی مامۆستایان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، بە بێ جیاوازی و یەک بان و دوو هەوا... پووڵ و پارەی زێدە لە ئەرک هەر بۆ تاکەکەس نەبێ؛ بڕێک لە قازانجەکانی پارە لەمەڕ تەواوی فێرکارانەوە ـ بە مامۆستا و فێرکار و سەرۆکەوە، بەبێ هەڵاواردن وەک یەک بێ.

وای دانێین "مافی هاوسەرداری" بۆ مامۆستای سەرەتایی بۆ دەبێ کەمتر بێ لە مافی وانەبێژی دواناوەندی؟ هەروەها بۆ منداڵەکانی. فێرکار لە هەوڵی ئەوەدایە بە هەر جۆرێ بۆی دەلوێ خۆی بگەیەنێ بە زانکۆ. ئەوەش مەسەلەی پارەیە و بەس!

روونتر بێژم هەراکە هەر بۆ دراوە. لە نیوەی بۆ سەرێی خوێندکارانی ئەدەبیی بەشی زانکۆی تەورێز، فێرکارن کە وە دووی بەکالۆریۆس و بڕوانای باڵا کەوتوون. هەتاکوو نان و ناویان هەبێ و لە دەست قوتابخانەی سەرەتایی ڕزگاریان بێت و چیدی هاونشینی منداڵی چڵمن نەکەن و ببنە مامۆستای پۆلەکانی دواناوەندی و لە سەرتر وانە بڵێنەوە و لە حەوتوودا زیاتر لە کاتژمێر دەرس نەڵێن، ئازەربایجانی وتەنی: هەم زیارەت بێ و هەم توجارەت!

ئایا بەم تەخشان و پەخشانە و بەم هەڵەی دەستووریانەوە دیسانیش حەقیان نییە؟

گەرەک لە دامەزراندنی وانەبێژاندا زۆر وریا بین، کێ باش و کێ خراپە. لەوە گرینگتر وردبین بین کێ شیاوی ئەوەیە ببێ بە مامۆستا. ئەمەش مەسەلەیەکی گرینگە، فڵانە کەسێکی لە دنیا بێخەبەر، ڕۆژگارێک وانەبێژی حەپۆلە بووە، ئێستا بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانە، دوایە فڵان و ئەمجار فیسارە. ڕۆژێکیش سەرۆکی فڵان شارەدێ و مەزنەشارە، دواتریش... زۆری پێ ناچێ دەبێ بە سەرۆک و کاربەدەستی باڵای بەشی دامەزراندنی ناوەندی شارەکان و لە دامەزراندنی فێرکاراندا دەمدرێژی دەکا. ئەمە چۆناوچۆنە؟ خوار و ژوور و پێچوپەنای دەستووری سەرێ و خوارێی پۆست و پلە، ئەوەیە کە تەنیا لەگەڵ زەوق و سەلیقەی ئەم جۆرە مرۆیانە ڕێک دەکەوێ، ئەگەرچی جارناجارێک کێشە و هەڵلای



ئاڵوگۆڕ کردن لە نێوخۆی دائیرەوە سەر هەڵدەدا، هەمیسان بەرد هەر بەردە و هەمبانەکە گۆڕدراوە، دەستکەوتەکەشی هەر ئەوەیە دەیبینن.

خۆ دەزانن "عەینودەولە" کێیە؟ سەرەکیترین نەیاری "مەشرووتە" بوو، دواتر بوو بە چاودێری سێهەم خولی پەرلمانی شۆرای میللی و بوو بە سەرۆکوەزیری مەشرووتە. چ فایدە؟

بە ڕادەیەکی فرە کەم ئەوانەش هەر یەکەی "عەینودەولە"یەکن دەبێژن هەر کەس بوو بە کەر، ئێمەش کورتانین، ئەمە سەر و ئەمەش کڵاو. ئەوە بۆ من جێی سەرسوورمانە و بۆیە ڕک دەمگرێ کە بۆ دەبێ ئەو خەڵکە خۆشباوەڕ بن؟ بۆ دەبێ خێرا شتەکانیان لە بیر بچێتەوە؟ نەقڵەکەی حاجی ڕێویيان لە بیر چۆتەوە؟ بڕوایان بە تۆبەی هەیە! سڵاواتی لە دیداری لێ دەدەن!

کەوا بوو ئەگەر هاتو یەکێک لەو مرۆڤانە لەم سەرۆکانە بانگی هەڵدا و گوتی گەرەکمە لە کاروباری پەروەردەدا ئاڵوگۆڕییەک پێک بێنم ئێتر ئەوە بزانن فێڵ و تەڵەکەی لە ژێر سەردایە و ئەوەی دەیبێژێ نایپێژێ! هەر وەکوو چوونە حەجەکەی حاجی ڕێوی.

ئەم شێعرەی "م. ئومێد"م وەبیرهاتەوە:

ئەو دارە بێبەرانەی ڕیشەتان لە نێو خاکی هەرزەدا شاردۆتەوە کۆتاییەکەی.ج

## چاودێری پەروەردەیی و لایەنەکانی

**چاودێری لە ڕوانگەی من و دائیرەوە ـ شێوازی هەمیشەیی چاودێرەکان - چاودێریی تەلەفۆنی ـ نان بە قەرز دان ـ چاودێری نۆرەیی ـ چاودێری پارێزگایی و لە خۆبوردوویی ـ جنۆکە و بیسمیللا ـ بێزاری لە چاودێران و مەسەلەی ڕەجم کردن ـ بۆچی دەبنە چاودێر؟ ڕێنیشان دان و بیچم و سەر و گوێلاک و پاشماوەی ڕووداوەکان**

قسە لەسەر چەمکەکانی چاودێری پەروەردەیە! چلۆنایەتییەکەی. چ کەسانێک دەیکەن؟ دەسکەوتەکەی؟ بۆچوون و ناڕازی بوونی مامۆستاکان، دەبێ چۆناوچۆن بێ؟ دژکردەوەی ئیدارە و زۆر شتی دیکەش.

بە بڕوای من دەبێ ڕوون بێتەوە بەرنامەی خوێندن هەتا چ ئاستێک چۆتە پێشێ؟ سەرکەوتنی مامۆستا لە کوێدا بووە؟ دۆستایەتیی بەڕێوەبەر و فێرکارەکان لە چیڕا بووە، هۆی چییە نیگەرانن، چ دەبێ ئەگەر حەوجێیان بە ڕێنوێنیکردن هەبێ؟ شێوەی وانە گوتنەوە لە پۆلەکاندا چۆنە؟ کەموکوڕی بەرنامەی دەرسی کامانەن ـ هەڵبەت بە لای مامۆستاکانەوە ـ وانەبێژی ئەوان لە پۆلەکاندا لەگەڵ چ گرفتێک بەرەوڕوو دەبنەوە، هەروەها چەند بابەتێکی دیکە. ئەوانەش لە مامۆستایەکی کارامە، خوێندەوار، لێزان و ئینسان دەوەشێتەوە و کاری بوودەڵە و گێلەپیاوان نییە.

لەوانەیە واقت وڕبمێنێ ئەگەر بڵێم چاودێری لە دائیرەکانی ئێمەدا تەنیا مانا و ئامانجێکی هەیە:

تۆمارکردن و ڕاگرتنی نادیاران و عەیب گرتن لەم و لەو، ئەویش وەختێک چاودێر بیهەوێ خۆی نیشان بدا و خۆ بنوێنێ! یان لەگەڵ بەڕێوەبەر و فێرکارێک بە ڕقدا بچێ، بە خەیاڵی خۆی کڵاویان لەسەر بنێ و پێشی بێنەزمی و ناڕێکی بگرێ.



بیر لەوە ناکەینەوە ئاوەها چاودێرێک لە عۆدەی بۆرەپیاوی گەوجۆکە و نەخوێندەوار و ناوەستا و نامرۆڤ بێتە دەرێ؟ چۆن نەتوانێ، دەشتوانێ، بە چاوی خۆشمان دەیبینین.

چاودێر کاتێک دێتە قوتابخانە سەرێک لە نووسینگە هەڵدێنێ، لە تەک بەڕێوەبەردا چاکوچۆنی دەکا. ئەگەر گونجا، چایەک دەخواتەوە. دواتر لە دەفتەری چاودێریدا، دەستووری هەمیشەیی دەنووسێ و دەڕوا.

مەرجەکان لەو بابەتانە پێکهاتوون:

هەموو مامۆستاکان لەسەر ئەرک و کاری خۆیان ئامادە بوون ـ قوتابخانە پاک-وخاوێن بوو ـ شووشەی پەنجەرەکان ترووسکەی دەهات ـ بە گوێماندا دان کە لێدان و لێدان یاساغە و هەڵگیراوە و لە قوتابخانەدا بە تورکی نەدوێن، لەو قسەڵۆک و هەلەق مەلەقانە.

بۆ بەشێک لە شارەکان چاودێری تەلەفۆنیمان هەیە!

پێکەنینی ناوێ، ڕاست وایە. چاودێر دێتە یەکێ لە قوتابخانەکان. لە پاش ئەوەی "ئەرکی خۆی جێبەجێ کرد" هەر لەو قوتابخانەیەوە تەلەفۆن هەڵدەگرێ و زەنگ بۆ ئەو فێرگانە لێدەدا کە دوورەدەست و لاپەڕن. ئەو چەند وتەیە لە نێوان بەڕێوەبەری فێرگەی دیکە و جەنابی چاودێر دێتە ئاراوە:

*ـ بەڕێز بەڕێوەبەر بۆخۆتی؟ من...*

*ـ سڵاوتان لێ بێ جەنابی... ئێوە چۆنن؟*

*ـ خراپیش نیم ـ زۆر باشە بەڕێز... مامۆستاکان هەموویان لەوێن؟*

*ـ بەڵێ هەموویان لەسەر ئیش وکاری خۆیانن!*

*ـ خۆ کەس غیاب نییە؟*

*ـ نەخێر گەورەم، تەواویان خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆیانن.*

*ـ فەرمایشتان نییە!*

*ـ هیچ عەرزێکمان نییە.*

*ـ کەوابوو خواحافیز!*

ئەمجار جەنابی چاودێر بیستۆکەکە دادەنێ و لە جانتاکەی دەفتەری پرسینەوە و بازپرسی دەردەهێنێ و بە ڕێنووس و ڕێزمانی ئیدارەجاتی دەنووسێ: "لەو ڕێکەوت و کاتژمێرەدا، لە فلانە شوێن و فیسارە جێگا سەردان و لێپرسینەوەم کرد و هەموو شتم بە چاوی خۆم لە نزیکەوە بینی! تەواوی کارمەند و کاربەدەستەکان لەوپەڕی باشیدا خەریکی بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان بوون. باش چوونەتە پێشێ، بەڕێوەبەری قوتابخانەش ئاگادار کراوەتەوە، لەوە بەدواوە مامۆستاکان قوتابی تەمبێ و لێدان نەکەن و هەتا دەتوانن لەم بارەیەوە خۆیان بپارێزن. چەند شووشە و پەنجەرەیەک خاوێن نەبوون، بە خزمەتچیمان گوت کە جارێکی دیکە لێیان قەبووڵ ناکەین. ئەشێ لەوە زیاتر بە پاکوخاوێنیی قوتابخانە ڕابگەن، ئەگینا بە گوێرەی یاسای تایبەت دەجووڵێینەوە!"

ئەگەریش چاودێر کەیفی لێ بوو بۆ چەند خولەکێک وردە فەرمایشەکانی دە گوێی مامۆستاکان دەسرەوێنێ، لەمەڕ قازانجەکانی تەمبێنەکردن و بە فارسی ئاخاوتن؛ ئەمەش نامرۆیانەیە پارە وەربگرن و خۆ لە دەرسدان گێل بکەن. ئەبێ فێرکار ویژدانی هەبێ و مامۆستا دەبێ... مامۆستا ئەشێ... جارناجارێک فەرمایشتی مەلایانە و ئامۆژگاریی باوکانە لە چەشنی پیرەمێردانی ڕیشچەرموو یان قسەی ویشک و بێکاکڵ. لەسەر "پەروەردەی نوێ" وەک دەڵێن "دوو تەنەکە بایی مێینە یان نێرە، جلێکی لێبکە و خێرا بینێرە" دەبێ بمبوورن! وەک گوتوویانە قسە ئەگەر هات حەیفە بیگێڕیەوە و نەیڵێی. ئەو شتانە لە "پۆلەکانی فێرکاری"ی وەزارەت یان ناوەند و پارێزگاکان بە زۆری بەرچاو دەکەون و دەبیسرێن، بێجگە لە وردە فەرمایشتەکانی جەنابی چاودێر مامۆستاکان بە هەوای کارەکانیانەوە لە دنیایەکی دیکەدا کوێتەی خەیاڵ غار دەدەن: کەسێک لە بیری ئەوەدایە فێری ترۆمبیل ئاژۆتن بێ و بڕوانامەی شۆفیری وەربگرێ، ئێستا دەستی بە دەمی ڕادەگات دوو تمەن لە گیرفانیدا هەیە، ئەوەش لەبەر خەرج و موخاریج بۆی ماوەتەوە، تابلۆی فلانە فێرکاری لەبەرچاویەتی و دەخوازێ فێری شۆفیری ببێ: فێر بوون بە "فولێکس واگۆن". یەکی دی لە فکری ژن و منداڵەکەیدایە. گەنجەکان لە بیری ئەوەدان کەی ببێ بە سەعات چوار و برۆن



بۆ پارک و باخچەکان و سووڕانەوەی شەقام و بازاڕ و وەدووی ژن و کچ کەوتن و قسە کردن و لاتاو فڕێدان، خۆنیشاندان و بە عەزرەتی ڕامووسانێکەوە گەورە بوون لەگەڵ زەینییەتی کۆمەڵگا، (لە شاری وەک تەورێز).

ئەوی تر لە بیری ئەوەدایە نۆرە ئاوەکەی نەسووتێ و سێفەبنعەرزیلەکەی لێ عەدم نەبێ و ڕەنجەکەی بە فیڕۆ نەڕوا (لە شارەدێیەکان)، چاودێرەکان جاری وایە بۆ لێپرسینەوە یەک دوو پۆل بەسەر دەکەنەوە. هەڵبەت مامۆستا پێشتر قوتابییەکانی ئاگادار کردبۆوە بڵێین وانەی ئەورۆمان فلان لاپەڕەیە مەبەست لە وانەی چەند ڕۆژ پێشە کە قوتابییەکان بە ڕەوانی دەیزانن. چاودێران دەروونناسانە تێیانڕادەمێنن، کێ لە هەموویان ترساوتر دیارە، ئەوەیان هەڵدەبژێرێ، شتێکی لێدەپرسێ! ئەگەر هاتو قوتابی بە جوانی وەڵامی دایەوە، ئەوە جەنابی چاودێر تیری بە خەتا دەچێ و ناچار دەبێ یەکی دی هەستێنێ، بێتو مینگەمینگ بکا، ئیتر جەنابیان دەهری دەبن و قوتابیی بێچارە هەڵدەپێچێ. لەو کاتەدا مامۆستا هەوڵ دەدا بە تاکتیکی جۆراوجۆر لە پشتەوەڕا قوتابی تێبگەیەنێ، بە سەر هەڵتەکاندن و ئیما و ئاماژە کە مەحتەل نەمێنێ و ماناکانی بۆ ڕاڤە دەکا...

خۆ ئەگەر وانەبێژ گەمژە نەبێ زۆر بە هاسانی دەتوانی کڵاو بنێتە سەر چاودێر و بە ڕەقەی ڕێدا بەڕێی بکاتەوە، بڕوا لە دەفتەری سەرکێشیکەری خۆیدا بنووسێ: وانەکان زۆر بەجوانی و بە زیادەوە چوونەتە پێشێ.

لێرەشدا حەق بە مامۆستایە.

ئەو چاودێرە بەڕێزانە تەنیا ئەوەندەی تێدەگەن، چاودێری یانی گوشارهێنان و هەڵپێچانی قوتابی و ئیتر بەس. بۆتان دەنووسم کە چۆناوچۆن بە گەلاڵەی لەوە پێش ئامادەکراو دەتوانن چاودێری گێژ، چاوبەست بکەن و بە جێگای ڕیش، سمێڵی بۆ دەتاشن؛ بەڵام ئیدارە وەک بڵێی تەنیا ئەمری ئەوەی بە دەستە سەرنجی چاودێرەکانی بخوێنێتەوە، بە بۆنەی کەمتەرخەمی و خۆ گێلکردن، بڕینی مووچە و وەدوا خستنی مانگانە و یان دەرچوونی تەمبێنامە، بۆ مامۆستای بێچارە!

نان بە قەرزدان زۆر باوە! پێویست بە لێدوان ناکا.

چاودێری نۆرەییمان هەیە. مامۆستایان باش دەزانن چ ڕۆژێک چاودێر بە سەریان دەکاتەوە و دێتە سەردانیان. ئەو ڕۆژە بە وریاییەوە ئامادە و چاوەڕوان دەبن. کەسێک ئەو ڕۆژە خۆی ون ناکات و لە کاتی خۆیدا زرە لە زەنگ هەڵدەستێنن. زۆر جار وا دەبێ هەر ئەوەندەی چاودێر لە کاروباری خۆی بۆوە، ڕەوتی قوتابخانە دەلەنگێ و خێزاندارەکان هەر یەکە بە لایەکدا بۆی دەرباز دەبن، بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی خاتوون جێبەجێ بکرێ و بچنە بازاڕ.

جاری وایە چاودێر لە پارێزگاکانەوە دێتە شارەکان. وای دانێن لە شارێکی گەورەدا و دوور لە ناوەندی پارێزگا، وانەبێژان لەگەڵ سەرۆکەکەیان نێوانیان خۆش نییە و لەگەڵ یەکدی لالووتن. تێکڕا لە دژی ئەو شکایەتنامە دەنووسن کە ئەو سەرۆکەی ئێمە فلان کاری ناحەزی کردووە، فیسارە حەقی لە ژێر پێ ناوە، گوێ بە گرفتەکانی ئێمە نادا. داخوازی ئەوەین گرفتەکانمان چارەسەر بکەن. ئیتر دوای ئەوەی بۆ چەند جارێک نامەی لەو بابەتە گەیشتە ئیدارە، چاودێرێک ڕەوانە دەکرێ هەتا ئەویش "بە گوێرەی یاسای تایبەتی چاودێری بکات" جەنابی چاودێر ئەو شەوە میوانی بەڕێز سەرۆک دەبێ و دووبەدوو ڕایدەبوێرن. بۆچی؟

لەبەر ئەوەی چەند جارێک نان و نمەکی یەکدییان کردووە و دەورانی خوێندکاری لە سەر کەوڵێک نانیان خواردووە، ئێستاش بە ئەرکی دەزانن لە شاری غەریبی میوانداری لە یەکتر بکەن! ناکرێ شەو لە جێیەکی دیکە ڕۆژ بکاتەوە. بەیانیش هەڵدەستن بە یەکەوە ڕوو لە دائیرە دەکەن.

سەرۆک بەتایبەتی قۆڵ دە قۆڵی چاودێر دەنێ: یانی بزانن کە ئێوە لەوپەڕی گێلی و ساویلکەییدان. ئیتر بەبێ ئەوەی کەسێک توخنیان بکەوێ! قسەکانی شەوی ڕابردوو دەجوونەوە، دانیشتن و لێدوانی خۆیان دوور لە چاوی هەمووان بە بێدەنگی دەست پێدەکەن. لە دوانیوەڕۆدا! جەنابی چاودێر هاوڕێ لەگەڵ بەڕێز سەرۆک سەردانی چەند قوتابخانەیەک دەکەن. چاویان بە وانەبێژانی تووڕە و شکایەتکار دەکەوێ و دەیانناسن.

خۆ ئەگەر هاتو فیزی هێنا، ئەوە چەند فەرمایشێکیان بۆ دەفەرموێ! بە دوای ئەوانەدا وەک بیسمیللایی لێبکەی ون دەبێ، فێرکاران چاوەڕێن بزانن بەیانی



دەستکەوتیان چی دەبێت؟ بەڵام تاکوو ئەو بەیانییە تەشریف دەهێنێ دوو سێ ڕۆژ دەبا! ئەوسا چەند تەمبێنامە دەدەنە خزمەتیان. دوو سێ کەسێکیان بۆ شوێنێکی دوور و لاپەڕ ڕادەگوێزن، بڕیارنامەیەک لە ئیدارەی باڵاوە دەردەچێ: ئیدارە بۆخۆی دەزانێ کارەکانی چۆناوچۆن جێبەجێ بکا. هیچ مامۆستایەک (بۆی نییە لە کاروباری ئیداریدا زمانددرێژی بکا) نە وانەبێژ نە.... ئەو کار و فەرمانەش ئاوێکە لە کۆنەوە ڕژاوە.

ئەو کەسەی دەچێتە چاودێری و سەردانی شارێک دەکا بۆ کاروباری پەروەردە و ڕاهێنان، فەرمایشتی پێیە، لە ڕاستیدا ئەشێ مرۆیەکی لێزان و ئازا بێ و بزانێ ئەو مامۆستایانەی کە لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبێتەوە ڕەنگە خاوەنی کەسایەتییەکی زانستی و ڕەوشتبەرز بن و هەر بە سەوادەکەیان لە تای تەرازوودا هەڵیدەکێشن.

چاودێر دەبێ ئەوەندەی ویژدان و لەخۆبردوویی هەبێ، ئەگەر ناهەقی لە سەرۆک دیت، بەرپەرچی بداتەوە و بە توندی بە گژیدا بچێ. جا با زەمانێک هاوپۆل و هاوقاپیش بووبێتن، یان ئێستا بۆتە جەنابی ڕەییس، نەڵێ: لەوانەیە سبەی من لێکەوتم، ئەو هاتە جێی من! ئەوەیە نان بە قەرز دان و ژێر پێخستنی هەقی مافخوازان. ناکرێ هەر مرۆیەکی ترسنۆک، گەمژەپیاو و هەلپەرست و ویژدانتۆپیو و ڕەشخوێن بکرێتە چاودێری ڕاهێنانی نیشتمانی. ئێستاش ئەو چیرۆکە بە سەر زارانەوە هەر ماوە کە چاودێرێکی کۆنەکار لەگەڵ ئافرەتێکی دەرسبێژ چ گوڵمەزێکی نابۆوە، ئێستاش مامۆستاکانی تەورێز هەر باسی دەکەن. بەداخەوە کاربەدەستانی باڵا و سەرۆکەکان قەتیان حەز لە چارەی مرۆڤی ژیر و بەویژدان نەهاتووە. ناخۆشیان ویستوون و کەیفیان لە گێلۆکە و نزمفامان بووە. ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە بۆچی دەڵێن ئەوانە بێدەمودوو و دوورەپەرێزن؟

### چاودێر و خووخدەی باش خەون و خەیاڵە.

لە یەکێ لە شارەکانی دەوروبەری تەورێز کابرای گۆڕین بە بۆنەی ترۆمبیلەکەیەوە کرابوو بە چاودێر. جێبەکەی ئیدارە تێکچووبوو بۆ هاتوچۆی

بە ئاشکرا ئەوە دەڵێم: لە بیست کەس چاودێر کە تەشریفیان هێناوەتە قوتابخانە و هاتوونە سەردانی پۆلی من، هەروەها لە دوورەوە تاریفم بیستوون نۆزدە کەسیان نەخوێندەوار و پلە نزم و حەپۆل بوون و هەرەیان لە برەی کارەکە نەکردۆتەوە! بڕوانامەکەشیان نرخێکی ئەوتۆی نەبووە، مرۆگەلێکی قەڵب و تەوەزل و چەواشە بوون. مەبەستیان هەر ئەوەندە بووە ڕاپۆرتی کاری خۆیان لە بەرامبەر مووچەکەیان بدەنەوە بە ئیدارە و ڕاسپاردەی خۆیان بە جێ هێنابێ! هەر تۆمار بەتاڵ نەبێ! نەڵێن ناوچە و دەڤەر بەبێ چاودێر ماوەتەوە.

قسەم کورت دەکەمەوە، زۆربەی چاودێران بەو هۆیەوە دەبنە چاودێر، هەتاکوو دووکارە بن، یانی لە دوو ڕێگاوە داهاتیان دەست بکەوێ، یەکێ مل دەنێ لە تەشیڕێسی و پێڵاو جووت کردن، بەڵکوو کەمتر زەحمەت بکێشێ و زۆر خۆی نەڕەنجێنێ، لەڕ و لاواز نەبێ و باش بتوانێ خزمەتی ژن و منداڵی بکات.

یەکی تر بە فەرمانی سەرۆک دەبێتە چاودێر، بەشکم بتوانێ درێژە بە خوێندن بدات. ئەوەی تر بۆیە دەبێتە چاودێر، چونکە ئەم پیشەیە بە ئاسان دەژمێرێ.

لەو مرۆڤانەیەکە زۆر خۆ بەزلزانن، یەکێ لەبەر زمانلووسی و سیخوڕی و خۆشخزمەتی کردن بە جەنابی سەرۆک و شەیتانی کردن لە مامۆستاکان. فلانە بەڕێز بەو هۆیە بۆتە چاودێر کە پیر و خێزاندارە، ئەو باشە سەردانی قوتابخانەی کچان بکات.

هەواڵێکم لە شارە گەورەکان نییە، لە شارۆچکان قەت وا نییە چاودێر پەیمانگەکان بەسەر بکاتەوە، جار نا جارێک ڕێزدار سەرۆک سەردانی تایبەتی دەبێ، لە نزیکەوە پۆلەکان و مامۆستاکان بەسەر دەکاتەوە، ئەو جۆرە بەسەر کردنەوانەش لە پەیمانگاکان خۆی لە خۆیدا گەمە پێکردن و مەخسەرە پێکردنێکە. سەرۆکەکان بڕوانامەی بەکالۆریۆس (کارناسی)یان هەیە، جاری واشە دواناوەندی، بەکالۆریۆسی فەلسەفە، زمانی فەرانسە و... ڕادەی زانیاریی ئەوان لە تای تەرازووی زانستی گوڵچاندندایە. یان بیناسازی، ئەندازیاری بیناسازی، زۆر لەخۆبایین، کڵاویان دەنێن بە تیلاگی سەریانەوە، دەچن لەمەڕ کیمیا و جەبر لێکۆڵینەوە دەکەن بزانن



لادێکان مەحتەل مابوون. ئەوەیان بە ڕێگەچارە دەزانی کەسێک بکەنە چاودێر ماشێنی هەبێ. چی دی بۆ ئەو بەڕێزە لە بەرچاو نەگیرابوو، خوێندەواری، ڕێزی لە نێوان مامۆستاکاندا، ئاگاداری لە کاروباری فێرکردن و ڕاهێنان، ڕادەی ڕەوشت وزانیاری...

ئیتر هۆیەکە بۆ ئەوە سەرەوخوار دەبێتەوە کە مامۆستاکان دایمە بە چاوی ڕک و قین لە چاودێران بڕوانن، وا نەزانن سەریان پێوەیە. گاڵتەیان پێدەکەن. نایاندوێنن. لە شارۆچکان کار دەگاتە جێیەک خیز و خۆڵ دەکەنە گیرفانیانەوە. پاشقولیان دەدەن. دوور نەچین پارەکە من ئەو کارەم کرد. شکاندنەوە لەلای مامۆستا و منداڵەکان. دیارە لە بەرچی کار دەگاتە ئەو جێیانە: باسی خۆم بکەم باشە، من ئەو چاوەڕوانییەم هەیە کاتێک چاودێر دێتە قوتابخانە و سەردانی پۆلەکەی من دەکا، دەبێ بە قەت منی خوێندبێ، زیاتر بزانێ نەک کەمتر، بە حەز و ئۆگرییەوە کاری خۆی هەڵبژاردبێ و ویژدانی ئەو ئەرکەشی هەبێ.

زۆربەی چاودێرەکان ورەی ئەوەیان نییە بچنە سەردانی ئەو پۆلانە کەوا مامۆستاکانیان ڕێزیان بۆ دانانێن. لەوە تۆقیون بە خۆیاندا بشکێنەوە، فێرکاری وریا بۆ ئەوەی چاودێر تەریق بکاتەوە، پلانی بۆ دادەنێ دەزانێ دۆدانەکە چەندە دۆ دەبا! پێش ئەوەی دەستی بگاتێ بە قوتابییەکان دەڵێ چی بکەن و چی نەکەن. شێوازێکی چواربرگەیی لە بەرچاو دەگرن، کاتێک بەڕێز چاودێر گەیشتە سەر پۆل، مامۆستا یەکێ لە منداڵە زیتەکان دێنێتە بەر دەم تەختەڕەشە!

مەبەستەکە دێتە گۆڕێ، قوتابی بە ئەنقەست بە هەڵە وەڵام دەداتەوە، کەس وستەی لێوە نایەت، چاودێر لێی دەڕوانێ و ئافەریمی پێ دەڵێ و سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات دەخوازێ، ئیتر قوتابی وەک شانۆکارێکی مدریک سەری بەرز دەکاتەوە! دەڵێ: مامۆستا وا نییە! من بۆخۆم دەزانم یەک دوو جێم خراپ لێک داوەتەوە. ئەوسا پۆلەکە دەبێتە شارە هەنگەژاڵە و منداڵان لێی لە هەڵلا دەدەن. جەنابی چاودێر سەری لێ دەشێوێ و خودا خودایەتی لە کەلێنێکەوە بۆی دەرچێ! شەرت دەکا هەتا ماوە، نەیەتەوە پۆلی ئاوا. هەر واش دەبێ، تازە کەس نایبینێتەوە.

مامۆستا بە باشی وانەکانی گوتۆتەوە؟ وەک ئەوە وایە پینەدۆز خەریکی بەرگدوورین بێ.

هاوکارێک دەیگێڕاوە: سەرۆکەکەمان هاتبوو بۆ سەردانی پەیمانگەکەمان. پەیمانگەیەک تاکوو پۆلی نۆ. بە زەحمەت و کوێرەوەریی زۆر توانیبوومان کتێبخانەیەک دانێین، چەند سەت کتێبمان هەبوو، بە هەڵکەوت (مازیاری هیدایەت)یش لەگەڵیان بوو. تەنیا فەرمایشتێک جەنابی سەرۆک لەمەڕ کتێبخانەوە هەیانبوو ئەمە بوو: بەڕێز فلانی ئەو کتێبانەی سادق هیدایەت خوێندنەوەیان باش نییە و لە ڕاستیدا مێشک دەڕووخێنن، باش وایە لەبەر دەستی قوتابییاندا نەبێ و ڕایانگوێزن! ئاماژەی کردە بەڕێز مازیار.

لێم پرسین: بەرێزتان کتێبەکانی هیدایەتتان خوێندۆتەوە؟ دەمزانی بەڕێزیان شۆخی وا ناکەن!

گوتی: من نەمخوێندۆتەوە، هەموو کەس دەڵێن خوێندنەوەی نووسراوەکانی باش نییە! لەراستیدا ئەم کتێبانە دەبێ بخرێنە دۆڵابەوە، دەرگاکەیان لێ قفڵ بدرێ و وێنەی کەللەسەر و دوولوولاکی لەسەر بدرێ!

بڕواتان بێ ئەمە هیچی زیادەبێژی نییە. ئیتر بە جوانی ئاکار و ڕۆحیاتی چاودێرت بۆ ڕوون بۆوە، بۆتان دەرکەوت چی بە چییە.

شێوەی هەڵسوکەوتی شیاوی چاودێری باش دادەنێم بۆ دەرەتانێکی دیکە. یان بۆ ئەو کاتەی چاودێرێکی باشم دەست بکەوێ. بزانم سەرنج دەداتە وتەکانم. هەڵبەت ئەوە بیروڕای تایبەتی منە.

ئێوە بە خێر و من بە سلامەت.

## لێدان

**قەدەغەکردنی شانسی ـ لێدان لە پۆلی ڕاهێنانی مامۆستایان ـ خۆشباوەڕی و لاساییکردنەوە لە ژیار و شارستانیەت ـ ڕاهێنەری مرۆڤدۆست و (کۆکلوکسکلان) و جیاوازیی تیرە و ڕەچەڵەک (گۆڵدواتێر) ـ پاشقولدان و قولاپەی ئەم و ئەو گرتن ـ "فەلاقە" و بیروبڕوا. "قاقای بڵحانە"ـ هەر بەو هۆیانەوە لێدان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانن ـ دەستیاری بریکار و زۆر قسەی دیکەش**

دایمە ئەو قسەیە بۆ مامۆستا دووبارە و چەندبارە دەکەنەوە، لێدان و تەمبێ-کردن یاساغ و قەدەغەیە!

ڕووڕەشی بۆ مرۆی درۆزن. منیش ئەو فەرمایشتە دەفەرمووم، دەڵێم قەدەغەیە! بەڵام چۆناوچۆن؟ بۆ کێ؟ بۆ کامە شوێن و کامە دەڤەر؟ بە کامە فێرکاری گوێڕادێر دەڵێن؟ چ ڕێگەچارەیەکتان لەباتی ئەم کارە داناوە؟ لە پاش کامە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و تێگەیشتنێک؟

بڕیارنامەگەلێکی فرەمان هەن. ئەمانە گشتی دەبێژن تەمێکردن خاس نییە و چتێ خراپە، بە تایبەت بۆ قوتابی. لە وەزارەت، لە ناوەندی پارێزگا و لە شار و باژێڕەکان، لە کۆلێژ و بەشەکانی دائیرە و ڕاهێنانی مامۆستایان... ئەوە بۆتە دەمەجوو.

چەند ساڵ لەوەپێش کە خوێندکاری کۆلێژی مامۆستایان بووم ئەم قسانەم دەبیست، دەیانگوت: پەروەردەی نوێ، لێدان و دارکاری وەلا دەنێ، لەبەر ئەوەی لێدان کەسایەتیی منداڵ دەڕووخێنێ، بێورە و سەبارەت بە قوتابخانە و وانەکانی ڕەشبین دەبێ و دەبێتە مرۆیەکی سەرلێشێواو و بێهیوا. ویستی پەروەردەی نوێمان دەخوازێ لەگەڵ منداڵان بە زمانی شیرین و ئاکاری باش بجووڵێینەوە و هیچکات لێیان نەدەین.



ئەوەمان لەبیر نەچێ هەر لەو کۆلێژەی ئێمە خوێندکاری بووین، دارکارییان دەکردین و حەزیان نەدەکرد بە زمانی خۆش بماندوێنن. هۆی چی بوو؟ دواتر بۆتان ڕوون دەکەمەوە. بە وردی ئەمە بێژم سەرلەبەری مامۆستاکانی کۆلێژی ئێمە ـ ڕەنگە یەک دوو کەس نەبێ لەگەڵ ئەو دیارییە ناوازەیەی پەروەردە ئاشنا ببوون، ئەویش بۆ بەرنامەکانی دەرسی، بەیاننامەی وەزارەتی و وەرگێڕانی کتێبی ئەمریکی، ئەگینا خۆ ماشەڵڵا هەڕەیان لە بڕەی نەدەکردەوە.

قەت ئەوەم لە بیر ناچێ، ڕۆژێک مامۆستای پەیمانگە گوتی: ئەگەر هاتو یەکێک لەو قوتابییانە لەسەر مێزەکە تەخت لێی دانیشت، ئێوە چی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بێتە خوارێ و بچێ لەسەر جێی خۆی دانیشێ؟ یەکێ لە هاوپۆلەکان گوتی: لە بنانگوێی دەسرەوێنین! قوتابییەکان زۆر پێکەنین، دواتر مامۆستا گوتی: ئەمە کارێکی شیاو نییە. نابێ کاری وا بکەن. قوتابی گوتی: کەوابوو ئێوە چی دەکەن؟ مامۆستا گوتی: زۆر بە شێنەیی، بە زمانێکی خۆش پێی دەڵێن: کاکە گیان وەرە بچۆ سەر جێگاکەی خۆت دابنیشە. قوتابی گوتی: ئەوە هاتو بە قسەی نەکردین؟ مامۆستا گوتی: دیسانیش پێی دەڵێین برای من! چاوی من! ئەو کارەی تۆ دەیکەی جوان نییە! ئەوەتا کورسی بۆ دانیشتن داندراوە! هەستە بچۆوە سەر جێی خۆت. داوات لی دەکەم. قوتابی گوتی: ئەگەر جوابی نەدایەوە چی؟ مامۆستا گوتی: ئەمجار دێین دادەنیشین پێی دەڵێین لاساری مەکە، ئەم کارەی تۆ زۆر منداڵانەیە، ئینسان نابێ ئاوا هەستێ و دانیشێ! وەرە وەک من دانیشە و گوێ بدە بە دەرس و مەشقت، بڕوانە هاوڕێکانت چۆن ژیرانە دانیشتوون و خەریکی خوێندنەوەی خۆیانن. چەندە گوێڕایەڵن. قوتابی گوتی: گریمان هەر جوابی نەداوە و لە سەر مێزەکە نەهاتە خوارێ؟ مامۆستا تووڕە بوو و گوڕاندی: ئەم جار بە کەیفی خۆمان دە بناگوێی دەسرەوێنین، شەرعی ماری بە داری! قوتابییانی نێو پۆلەکە کردیان بە قاقاکێشان و فیشقوهۆڕ. ئەوە ڕادەی هێز و فرەزانی و ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی ئەوانە.

ئەوە نەریتێکە لەگەڵی گەورە بوون و دەستیان پێی ڕاهاتوە، خۆ پاراستن لەو ڕەوتە کۆنە؛ مرۆی پسپۆڕی گەرەکە. خوێندنەوە و شێوازی بنەڕەتی دەخوازێ و ئەوەندە سادە و ساکار نییە کە ئەو بەڕێزانە بڕوایان پێ هێناوە!

لە پێشدا دەبێ بزانین کە ئەم دیاری و خەڵاتە کە دەنگی گەیوەتە حەساریٚ و "پەروەردەی تازە و" لێدان و پێدادانی لە سەر منداڵان هەڵگرتووە، ئەوە شێوازی جووڵانەوەی ئەمریکایە لەگەڵ قوتابییاندا، گەییشتۆتە ئێران. بەبێ ئەوەی ڕێچکەی بۆ وەدۆزریٚ و توێژینەوەی لە سەر بکەن. ئاخۆ لێدانی منداڵان زەرەر و قازانجی کامەیە و دەبێ چۆن دەست پێ بکەن. بە چاولێکەری لە ژیاری شارستانیگەل "دائیرەی فێرکاری" وەرێ دەخەین، فیکەی سەرکەوتن لێدەدەین، لووت هەڵدێنین، بەڵام هەر تۆز و پۆزمان دیارە. تەنیا شتێک کە لەو ساڵانەدا من وانەبێژ بووم، دیتوومە لەو ئیدارەیەدا سێ چوار فیلمی سینەمایی بووە. یەک دووانێک لەوانە قوتابخانەکانی ئەمریکی نیشانی ئێمە دەدا لە گەڵ چۆنیەتی جووڵانەوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری قوتابی و وەرزش و پەروەردە؛ چەندێک هەڵسووڕان و خۆ ماندووکردن بەبێ سانەوەی شەو و ڕۆژێ. کاربەدەستانی خۆمان لێژنەیان بۆ ساز کردووە و قسەیان لەسەر کردووە. لە کتێبێکی بەشی ڕاهێنانی مامۆستایان، چەند وردە فەرمایشتیان دە گوێی من ئاخنیبوو، ئەوەی خاسە و زیانی بۆ پەز نییە لە ڕێگەی دیتن و بیستنەوە ئەشێ بگوترێتەوە.

تەنیا کەرستەیەک بۆ فێرکاری کە ساڵی پار لەبەر دەستمدا بوو؛ چەند دانە غەرغەرە (بەکرە) و بادام و گوێز بوون. منیش هەر بەم چتگەلە حیساب و هەڵاواردن و جیاکاریم فێر کردن. تەنانەت لەو فێرگەیەدا کە من مامۆستا بووم گۆی جوگرافی و "ماکێتی زەوی" و نەخشەیەکی چووکەی لێ‌نەبوو. داوام لە ئیدارەی ئەو بەشە کرد گۆی جوگرافیمان بداتێ. لە وەڵامدا گوتیان پارەمان نییە. جێی خۆیەتی لەم وتارەدا تیشک بخەمە سەر ئەم خاڵانەی کە زۆر گرینگن.

کاتێک ئامریکا ئەم گشتە ڕاهێنەر و دڵسۆز و مرۆڤویستەی هەیە بەم ڕێ‌وشوێنە مۆدێرنەوە لەمەڕ ئازادی و تەبایی، کامە تاجە گوڵینەی لەسەر گەلەکەی ناوە و بە کوێ گەیشتوون کە ئێمە بێژین بەجێ‌ماوین؟ ئاخۆ ئەوانە هەر ئەو ڕاهێنەر و دەروونناسانە نین کە ئێستاش چاویان بەرایی نادا ڕەش‌پێستەکان ببینن؟ (لینچ) بە مافی خۆیان دەزانن، ڕێکخراوی تۆقێنەر و مەترسیدار و خۆفناکی



لاگری ڕەگەزپەرەستی وەرێ‌دەخەن، ئێستاش ڕێکخراوی کوشتن و بڕین و داپڵۆسێنەری کوکلوکس‌کلان بە هەزاران ئەندامی سپی‌پێستی ئەمریکی هەیە ترس و خۆفی خستۆتە دڵی ڕەش‌پێستەکانەوە. بەوەش ڕانەوەستاوە، جەغزی هەڕەشەکانیان بە وڵاتاندا بڵاو کردۆتەوە. ڕۆژ نییە کە لە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکاندا نەخوێنینەوە کە ڕێکخراوی مرۆڤ‌کوژ و ترس‌چێنی کۆکلۆکس‌کلان فڵانە نوێنەری پەرلەمانتاری هیندستانی داوەتە بەر هەڕەشەی کوشتوبڕ، لەبەر ئەوەی لایەنگری لە ڕەش‌پێستەکان کردووە و قسەکانی لە بەرژەوەندی ئەواندا بووە. ڕۆژێکی تر دەخوێنینەوە کە...

ئایا ئەوە هەر ئەو کۆمەڵگایە نییە ڕاهێنەر و دەروونناسانی بیرتەسکی لە چەشنی گۆڵد واتێرەکانی خستۆتەوە کە هیچیان لە دڕندان کەمتر نییە و ڕۆحێکی شەڕخوازانەیان هەیە!؟ ئاخۆ ئەوە هەر ئەو خەڵکە نین؟ ئەو فێرکار و دەروونناسانە نین کە تەنیا بەردەمی خۆیان دەبینن و قەت تێناگەن و ئەوەی بەلایدا ناچن مافی مرۆڤە.

دەبێ بزانین بە پەسەند کردنی چەند کتێب و بەیاننامە و بەخشینی ماف بە ڕەش‌پێستان، چرایەک لە تاریکیدا هەڵناکەن و دەردێک دەرمان نابێ. کۆمەڵ دەبێ پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ، عاملاو و لەگەڵ دەوروبەری سازگار و تەبا بێ و مافی قولەڕەشان بدات. لە پەنای خۆیدا بیانحاوێنێتەوە، نەک پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی خوازە ڕامیارییەکانی هەر دەنگی بێ، هەر دەبێژێ و نایپێژێ!

بەڕێزان - وەرگێڕان و نووسەرانی ئامۆژگار! دیتووتانە ئێمە بە چاوی قووچاوەوە چۆن بەبێ ئاوڕدانەوە غار دەدەین؟ بۆ ئەوەی تاقمێک لاوی گەمژە و حەپۆل دەستەمۆ بکەین، کە لەم سەردەمی دنیای خێراییدا دیلی "مۆدە" سەرلێشێواوی بن، یەخسیری "قاقای" بڵحانە، لە چەشنی قەل گەرەکمانە فێری ڕەوتی کەو بین. بێخەبەر لەوەین ڕۆینی خۆمان لە بیر دەبەینەوە، بارهاتووی دەستی ئێمەش بیر لە هیچ ناکاتەوە جگە لە "مۆدە" و "قاقای بڵحانە".

**نەختێک لە مەبەستەکە کلا بووم.**

نابێ وا بزانین هەر کات بڕیارنامەی وەلانانی لێدان دەرچوو، ئیتر مامۆستاکان ئەم قسە لە گوێ دەگرن! هەر ئەوەندەی بڕیارنامەکە گەیشتە قوتابخانە، بەڕێوەبەر یان سەرۆک، بە یەکەیەکەی مامۆستاکان و بریکاری واژۆ دەکات. ئیتر لە نێو فایلێکدا هەڵیدەگرێ و لە کارتۆن و...دا دایدەنێ و دەیخاتە ئەرشیفی فەرامۆشییەوە.

ئاخرییەکەی ئەوەیە لە لێژنەی ئەنجومەنی قوتابخانەدا داوا دەکەن (لە فێرکارانی پیاو و ژن) کە ئەوان ڕاستەوخۆ لە قوتابییان نەدەن و بیاندەنە دەست جەنابی بریکار، تاکوو ئەو تەمبێیان بکات. بەڵام کەی؟ ئەو کاتەی قوتابی لاساری دەکا و خۆی لە دەرس و دەوری قوتابخانە دەدزێتەوە! بریکار دایمە شووڵە تەڕی بە دەستەوەیە بۆ سەرەگرتن و ڕیزەکان ئامادەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترساندن و تۆقاندنی قوتابییان، وەکوو ئەوانەی لە یەکدی دەسرەوێنن، خۆ دەدزنەوە و زمانپیس و چەقەسرۆن. بۆ لێدانی ئەوان بەڕێوەبەر بریکار و مامۆستاکانی دەڵێتەوە و بۆ یەکتری دووپاتە دەکەنەوە، کە بە جۆرێک لێیان بدەن کە شوێنی شووڵە تەڕ بە سەرپەنجە و جەستەیانەوە دیار نەبێ. کاردانەوەی چەوتی نەبێ. یانی بە شووڵ و بە مست بۆ لێدانی سەر لەوپەڕی مەترسی و خەتەردایە. بیستوویانە و لەنێو بڕیارنامەکانیشدا خوێندوویانەتەوە لە فلان شارۆچکە وانەبێژێکی ماڵکاول زۆر خراپ لە قوتابییەکی داوە و تووشی تەنگەنەفەسی و هەناسەبڕکێی کردووە و دواتر وانەبێژی داماویان لە سەر کارەکەی لابردوە و بۆ لێکۆڵینەوە دراوە بە دادگای ئیداری.

ئەگەر هاتو ڕۆژێک بە هەڵکەوت چاودێر هاتە قوتابخانە ـ هەڵبەت بەبێ بەرنامەی دیاریکراو ـ تەواوی شووڵەکان لە ژێر دۆڵاب و مێزەکاندا حەشار دەدەن و چاودێریش گەورەیی لە خۆی نیشان دەدات و گوێی خۆی لێ دەخەوێنێت، چایەکی تاڵ فڕ دەکات و سەردانی یەک دوو پۆلێک دەکات. هەروەک پیشەی خۆیەتی دەفتەرەکەی بە شێوازی خۆی پڕ دەکاتەوە و هەروەکوو باسم کرد دەڕوا و ئیتر کەس نایبینێتەوە.



تاکوو ئەو جێیەی بە چاوی خۆم دیتوومە، خەبەرم هەیە هەروەها لە هاوکارەکانیشم بیستوومە، لە پۆلەکانی سەرەتایی و دواناوەندی ئەشێ تەمبێ کردن هەبێ! چونکە ترس لە گۆڕێدا هەبێ باشترە!

زۆربەی مامۆستا و ڕاهێنەران لەسەر ئەم بڕوایەن "کوتەک" لە بەهەشتەوە هاتووە!

**ترسی خەرەزەن کردوونی ئەسیر**

**کـــەری گاران و گابەشی ژێر نیر**

ئەوەش لە مامۆستاکانی بەرێ بۆیان بەجێماوە. یان دەیانەوێ تۆڵەی هەمان ئەو کاتە بکەنەوە، وا بۆ خۆشیان لێیاندراوە و بە سەریاندا داون. لە کاتی لێدانی منداڵی بێچارەدا ئەوەندە تووڕە دەبن و ڕک دەیانگرێ، وا هەست دەکەن دەیانەوێ تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. زۆر جار ئەوەم بە چاوی خۆم بینیوە، بریکار بە شووڵە تەڕێکەوە هەڵیکوتاوەتە سەر قوتابی و بە سەریدا گوڕاندووە، و ئەو بەستەزمانەش میزی بە خۆیدا کردووە.

بۆچی ئاوایە؟ هۆی چییە ئەو هەموو داوانامە و بڕیارنامە و هەڕەشە و گوڕەشە و ئامۆژگارییەی دەدرێ بە پەیمانگەی مامۆستایان. بۆ بەڕێوە ناچێ؟ بۆ کەس لە گوێی ناگرێ؟ لەبەر چی جێبەجێی ناکەن؟

هۆیەک لێرەدایە: لێدان خۆو شانسی و بەبێ خوێندنەوە و لێکدانەوە یاساغ کراوە. شێوەی جێبەجێکردنی جۆرێکە دەرسبێژانی تووڕە و لاسار کردووە. زمانی بڕیارنامەکان لەمەڕ هەر بابەتێکەوە دایمە حوکمدەر و دەستووری و تەریق کردنەوە بووە و ڕۆحیات و کەسایەتیی مامۆستای ڕووخاندوە. بڕیارنامە و ڕاسپاردەی ئیداری پڕن لەم چەشنە ڕستە و تووڕەهاتانە:

پێویستە بزانن؛ ئاگادار دەکرێنەوە؛ ئەوەی مل با بدا بە گوێرەی یاسا تەمبێ دەکرێ؛ ئەمەش دەبێ ببێ و پێویستە، ویستی ئیداری بەم شێوەیە دەخوازێ و ئەمر دەکا...

لە بڕیارنامەکاندا هەموو جۆرە تەمبێکردنێک ڕاگیراوە و سەرپێچیکاران هەڕەشەیان لێکراوە، هەروەک "فەرمان" داناوە زۆر جار بابی قوتابییان بەو هۆیەوە هاتوونەتە قوتابخانە و لەگەڵ مامۆستایان بە کێشە هاتوون. هەڕەشەیان

کردووە، ئەگەر هەر کەس لە منداڵیان بدات لێیان قبووڵ ناکەن و بە توندی وەڵامیان دەدەنەوە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ زۆریەک لە مامۆستایان ـ بە ئاشکرا دەڵێم لە سەتا نەوەدیان لەو دەرسبێژانەی کە من دەیانناسم داخی دوکاندار و قەساو و ژن و خەسوو بەوان دەڕێژن. بەشێک لە مامۆستایان بۆیە دەستیان ڕاناوەستێ و شووڵ فڕێ نادەن پێیان وایە دەبێ منداڵ لێیان بترسێ و هاروهاجی نەکات و زمانی پرسیاری لە دەمدا نەبێ، بۆ ئەوەی ئەوان بە شێنەیی بتوانن "ڕەنگین-نامەکانیان" بخوێننەوە، وانە و تاقیکاری بۆ خوێندنی باڵا، بە ڕەوانی لەبەر بکەن.

ئەم وانەبێژانە زیادە لە ڕادە مەشق بۆ قوتابییان دادەنێن. بۆ نموونە جاری وا هەیە قوتابی ناچار دەکرێ پازدە کەڕەت لە ڕووی دەرسەکەی بنووسێتەوە! ئەو نووسینەوەیە لە زیادییە و هیچ قازانجێک بە قوتابی ناگەیەنێت، جگە لەوەی دەست بە سەر کاتەکانیدا دەگرێ و دەرەتانی پرسیار و وەڵامی بۆ ناهێڵێتەوە و ئەمەش کاتێکی زۆر بۆ دەرسبێژ دەڕەخسێنێ، دەتوانێ بە کەیفی خۆی لاق لە سەر لاق دابنێ.

لە گوند و شارۆچکان مامۆستایانی خۆجێیی لە پۆلەکانی قوتابخانەدا سەرقاڵی حیسابات و سیایی فرۆشتنی بەروبوومی کشتوکاڵی خۆیانن ، هەروەک عەلاف، لە مەیدانی گەنم و جۆ و قەپاندا بن وایە. ئیتر لە کاکڵە بادام و مێوژ و گوێز هەر مەپرسە؟ ئاخۆ لێدان لە ئێراندا زیان و کاردانەوەی چەوتی بە دواوە هەیە؟ ئایا دەکرێ بە دەرکردنی چەند کتێبێکی رووکەشی دەردەکان لە ڕەگەوە هەڵکێشین؟

بە بڕوای من ئەو کارە ناکرێ، بۆچی؟ ئەوە مەبەستێک بوو لە پێشدا قسەمان لەسەر کرد، ئێستاش پێیدا دەچینەوە. ناچارم چەند خاڵێک وەبیر بهێنمەوە. دەڤەرەکانی پەروەردەی پلە یەکی تاران و شێوەی ڕاهێنانی قوتابیانی ئەوان لەگەڵ تەواوی بەشەکانی ئێران لەیەک جیاوازن. قوتابییەکی پۆلی چوار، بهێننە بەرچاوی خۆتان لە گوندێکدا هەروەک ئەوانەی پێشتر باسم کردن. ئەو لەو ڕۆژەوە زمانی گرتووە و قسەی کردووە و قسە فێر بووە، شتی لە بیر ماوە. لە بیریەتی باوکی هەموو جارێ لە دایکی داوە، قسەی ناحەز و جنێوی پێداوە، بە دار لێی داوە. هەر ئەو بوو لە خوشک و براکانی خۆی دەدا. قسەی ناشیرینی پێ دەگوتن و ناو و



ناتۆرەی لێدەنان. هەر بەم شێوەیەش پیاوانی لادێی بینیوە. لەگەڵ منالان جگێنی کردووە. بابی پێی زانیوە و لێیداوە. لەماڵێدا لە ژێر کورسیدا خەوتووە و بە قاچی مەنجەڵی شۆرباوەکەی وەرگێڕاوە، دایکیشی بە تۆڵەی ئەوە کوتاویەتی. جارێک چاوی لە کتێبەکانی کاکی کردووە، بەبێ لێدان ڕزگاری نەبووە، ئەویش لە داخی ئەوان لە برا چکۆلەکەی داوە. لەهەر لایەکەوە دەرفەتی هێنابێ داخی خۆی بە چکۆلەکان ڕشتووە. لە کووچە و کۆڵان تووشی سەگ و پشیلە هاتووە و بەردی تێگرتوون. ئەوسا پێی ناوەتە فێرگە و هەر لە یەکەم ڕۆژدا شەڕی کردووە و لێدانێکی بە نسیب بووە، بۆ ڕۆژی دوایە گوێی بە مەشق و وانە نەداوە و دارکاری کراوە. بۆ بەیانیدا درەنگ هاتۆتە سەر پۆل و دیسان دە بناگوێیان سرەواندووە. یەک دوو ڕۆژ دواتر لە کاتی هاتنە ژووری مامۆستادا قرچەپێ هەڵنەستاوە و چەند شووڵی وێ کەوتووە، لە ماڵێ هەر بە سەریاندا داوە، لە قوتابخانە بۆیان دووبارە کردۆتەوە. پێی ناوەتە پۆلی چوار. ئێستا ئەوە بڕیارنامەیەک ڕێگەی دەرچوونی پێدەدرێ: ئەی مامۆستا، لێدان و دارکاریکردن یاساغە و نابێ لە منداڵ بدرێ!

باشتر وایە ئەو بڕیارنامەیە بەر لە هەر مەرجێک لە پۆلەکانی سەرەتاییدا بە کاری بهێنن و پەیڕەو بکرێ، ئەو کاتەی کە هێشتا منال ئازاری شووڵە تەڕی نەچەشتووە و لەگەڵ لێدانی فێرگە ڕانەهاتوە. لە ماوەی چەند ساڵێک دەرزبێژیدا بەو ئاکامە گەیشتووم لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بۆ ئەوە نابێ یەکجارەکی لێدان وەلا بندرێ. پار قوتابییەکم هەبوو لە گوندێکی دیکەوە دەهاتە قوتابخانە و لەلای من دەرسی دەخوێند. باوکی نەمابوو، لەگەڵ دایکی و براکەی دەژیا. براکەی چوار ساڵ لەو گەورەتر بوو. ئەو برایە جێگەی بابی بۆ گرتبۆوە! وەختێک چوومە ماڵیان، دایکی لە کوڕە گەورەکەی ڕازی نەبوو، دەیگوت کار و پیشەی بۆتە لێدانی برا چکۆلەکەی، بۆچی لە ماڵێ چۆتە دەرێ، بۆچی بە دەرس و مەشقی ڕاناگا، بۆ ئەوە دەکا؟ بۆ ئەوە ناکا... برای چکۆلە لە ترسی برای گەورەی عەرزی بە خۆوە نەدەگرت، بەبێ جووڵە لە بن کورسی دانیشتبوو و متەقی لەخۆی بڕیبوو.

پێتان وایە هەڵسوکەوتی ئەو قوتابییە لە فێرگەدا چۆن دەبێ: لە دوو جۆر بەدەر نییە:

- ئەگەر مامۆستای توورە و بێحەوسەلەی هەبێ و دایمە بە سەریدا بکێشێ و لێی-بدا، یان لە خوێندن و قوتابخانە بێزار دەبێ و خوێڕی بار دێ، یان ئەوەی ئاکاری ماڵێ هەڵدەگرێ و لاسار و سەرەڕۆ دەبێ و سرک و تۆقیو و بە بێ-وازی دێتە فێرگە، پۆک و ناپۆک شتێک دەبیستێ و دەڕواتەوە، ئەو ڕق و کینە لەلای خۆی کۆ دەکاتەوە و دەبێتە ماری بریندار.
- ئەگەر مامۆستایەکی هەبێ تەواو لێدان و دارکاریی وەلا نابێ، ئەوە لەو لاشەوە جەربەزەیی دەکات و پادار و بێپا بە یەکەوە دادەپلۆسێ. شەرم لە کەس ناکات، دەستی بگاتە هەر منداڵێک تێیدەسرەوێنێ و نەعاملاو بار دێ، لە خۆڕا شەڕ و هەڵڵا ساز دەکا و دار و دیوار دەنووسێ و دەپەڕێتە سەر کورسییەکان و ڕۆژێ پێنج شەش دانە گەچ (تەباشیر) خەسار دەکا. مامۆستا لە دەستی جاڕز دەبێ، گوێ بە دەرس و مەشقی نادا. سەرکوتکردنی لە ماڵێدا بۆتە هۆی ئەوە قوتابخانە بشێوێنێ و گشت لایەک بە سەر یەکدا بدات.

باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە لەگەڵ ئاوەها قوتابییەک ئەو دوو لایەنە لەبەر چاو بگرین. خۆشەویستی نیشاندان و سەبر و تاقەت، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا جارجار لێتوورە بوون و لێدانی سەبر و بە ئارامی جێی خۆیەتی.

لە تەواوی وتارەکەمدا، بەو ئاکامە گەیشتووم:

هەڵگرتنی لێدان لە قوتابخانەدا بە گشتی، هەڵەیە. ناکرێ هەموویان بە چاوێک تەماشا بکەین و بە یەک شێوە لێیان بدەین. دۆخ و خواستی ناوچە و حاڵوهەوای خاووخێزان، پشت گوێ نەخرێ (لێرەدا ئەو دەرفەتە بە مامۆستا دراوە کە لە نزیکەوە لە ژیان و گوزەرانی قوتابی ئاگادار بێتەوە.. گەرچی زۆر جاریش ئەو ڕێگەیە داخراوە) لێدان خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، ئامرازە؛ توورە بوون و بێزاری دەبێ ڕواڵەتی بێ و کار نەکاتە سەر دەروون و ئامانجی مامۆستا. بەڕاستی کاتێک قوتابی لێیدەدرێ ئەشێ بزانێ هۆی ئەم لێدانە چ بووە. ئەگەر خەتایەکی کردووە با لە تاوانی خۆی ئاگادار بکرێتەوە و دایک و باوکانیش لەو شتانە بێهەواڵ نەبن.



بەو شێوەیەی لەسەرەوە بە وردی باسمان کرد، لێدانی منداڵ نەک زیانی نییە، قازانجیشی هەیە! بەو مەرجەی لێدانەکە بەرە بەرە کەم بکرێتەوە و بگاتە سیفر.

ئەگەر قوتابی بەم شێوە ڕاهێنانەی باسم کرد، پەروەردە بکرێ و ساڵ بە ساڵ بڕواتە پێشێ، دەکرێ لە دەورانی دواناوەندیدا ـ تەنانەت پێش ئەویش لێدانیان لە سەر هەڵبگرین. ئێتر ئەوە تازە پێویست ناکا لێی بدرێ. بەڵام ئەگەر هاتو کەسێک کوتوپڕ لە پۆلی بۆ وێنە هەشتەمدا ڕێوشوێنی کتێبەکانی ئەمریکایی ڕەچاو کرد، ئێتر ئەوە ڕۆژەڕەشە و "کەسێ بە منال، کە زۆری ڕوو دا/ ڕیشی لە پیری ئەچێ بە گوودا".

منیش جارێک ئاوام بەسەر هاتووە، ویستم تاقیکارییەک ئەنجام بدەم. لە بەرامبەر تەواوی بێئەدەبی و هاروهاجی و لاساریەکاندا دەنگم نەکرد و خۆم خواردەوە، پۆلی حەوت بوو. من بێخەبەر لە هەموو شت، کار بەو جێیە گەیشتبوو، بەرپرسی قوتابخانەی دواناوەندی بریکاری ڕاسپاردبوو لە پەنجەرەوە چاودێری ئەو پۆلەی من بکا، هەروەها بریکار لە قوتابییانی خۆم دووزمان و سیخوڕی دانابوو. ناوی ئەو قوتابییانەی نووسی کەوا لاساری دەکەن و بزۆزن، تاکوو ئەویش دواتر بە دڵی خۆی لێیان بدا و تەمبێیان بکات. لەگەڵ ئەو شێوە بیرۆکانە مرۆڤ چۆن هەستێ و دابنیشێ؟ هەر ئەو گوشارەی بریکار و بەرپرس و مامۆستاکان بە گشتی بووە بە هۆی ئەوە منالانی پۆلەکەی منیش مل بادەن و گوێ نەدەن بە خوێندن و فێربوون. قوتابییەکان لە تەمەنی هەڵدان و باڵغبووندا بوون، خوازیاری هەستان و دانیشتنی فرە و دەمەتەقە، هەڵچوون و سەرەڕۆیی و هەست بەخۆ کردن و چێژ وەرگرتنی دەورانی گەنجی، نەبوونی کوڕ و کۆبوونەوە و خۆ تاقیکردنەوە لە بواری وتار و خۆدەرخستندا، نەبوونی یاریگای وەرزش و شوێنێک بۆ لابردن و دوور خستنەوەی گرفتە دەروونییەکان لە سەر خۆیان، هیچ شتێک نەبوو، تەنیا دەلاقەیەک ئەوان شکیان دەبرد تا هێز و دڵخۆشی خۆیانی تێدا وەدۆزن لە پۆلەکاندا، لە چەشنی بەندیخانەیەکی سەرئاوەڵا دەچوو. ئەوە بوو کە بە گوێرەی حەزی خۆیان بە گژ مامۆستادا بچن و ئازاریان بدەن، لە دژیان ڕاوەستن و عال و سالی بنێنە لاوە. بەڵکوو فێرکار ڕێگە بباتە نێو هەڵەکانی خۆیەوە، بزانێ قەت لە کاتی فەرمیدا نایەتە قوتابخانە، هەر بۆیە

ئەوانیش بە کەیفی خۆیان لەبەری هەڵدەستن، مامۆستا دان بەوەدا بنێ کە درەنگ هاتۆتە سەرپۆل. داوای لێبوردن بکات و...

ئێستا ئێوە قوتابخانەیەکی دواناوەندی بهێننە پێش چاوی خۆتان کە مامۆستایەکی لەخۆبایی لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە بێت، بە لەبزی ناشیرین قوتابی بدوێنێ: (کەری لە کەر بوو)! لە لێدان و پێدادان دەست ڕانەگرێ، لە هەموو لایەکەوە خۆی بە خوێندەوارتر بزانێ! هەر لەبەر ئەوەی کاتێک قوتابی بووە، دایمە شاگردی یەکەم هاتۆتەوە، ئێستاش موتالآکەی لە چەند کتێبێکی قوتابخانە بەولاوە سەرناکەوێ، باوەڕیان وایە هێزی ئاوەزی ئەو مرۆڤانە نزمە و داهاتوویەکی ڕوونیان بۆ چاوەڕێ ناکەن. ئەشێ خێرا بەرپرسێکی دڵسۆز بێت و ئاڵوگۆڕێک لە قوتابخانەی دواناوەندیدا پێکبێنێ. هەروەکی باسم کرد، ڕەوتەکە چۆن دەبێ؟ بەرنامە و شێوازی تەواوی دواناوەندییەکان بەم جۆرەیە.

مامۆستایەکی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە: کاتێک لەگەڵ قوتابییەکان چاکیوچۆنی دەکا، بەڕێوەبەری قوتابخانە دەهری دەبێ و سەرکۆنەی دەکا: ئەرێ فلانی ئەوە کار نییە تۆ دەیکەی، بۆ ئەوەندە ڕوو دەدەی بەو قوتابییانە. سبەینێ ڕوویان دەکرێتەوە، بە ڕبەت ناپێون و ئیتر کەس دەرۆستیان نایەت.

من لەسەر ئەو بروایەی خۆم سوورم، زۆربەی وانەبێژان، دەستبەرداری ئەو خووە نابن کە فرچکیان پێگرتووە، باش وایە بخرێنە دەریای خەزەرەوە و نەجاتمان بێ لە دەستیان. بە هێنان و لابردنی یەک دوو بەرپرس و دەرکردنی چەند مامۆستایەک، کارێک جێبەجێ نابێ و گرێیەک ناکرێتەوە. فکر و هزری داتەقاوی گەرەکە و خوێندنەوەی ژیرانەی پێ دەوێ.

کار بە پینە و پەڕۆ و تیفتیفە دان و دەمامک بە سەر هەڵکێشان چاک نابێ و برینەکان لە ئاکامدا دەبنە زووخاو. ئەوجاریش دەرمانکەر کێن؟ هەر ئەوانەی لە ئاتەگی دەردێنن و لە نێوشانی دەکەنەوە، کاتێکیش ئەستووندەک شکا، تاوڵ تێکدەتەپێ، خاسان جوانیان وتووە: "پزیشکی ناشی نیوەی تەمەنت دەبا، مەلای خراپ نیوەی ئیمانت دەرفێنێ".



هەر ئەو بەرپرس و سەرۆکانەی پەروەردەیان بۆژۆ کردووە، ئەوەندە نازانی ڕۆژێک کۆ دەبنەوە، مووچەکەیان بە زیادەوە وەردەگرن، لە تەنکەی باخەڵی دەنێن و سەرۆکانە و ڕەییسانەش بە خوتوخۆرایی دەقۆزنەوە، بەڵێ یانی ئەوە سیمینار و کۆبوونەوەیان پێکهێناوە، وەرنە سەیری و بزانن چۆن پەروەردە گەشەونەشە دەکات. هەر ئەو کاربەدەستانەی لەوەپێش لە گشت کاسەیەکدا کەوچک بوون و نەیاندەتوانی مرۆڤانە ئەرکەکانیان بەرنە پێشێ سبەی لە ناوەندەکاندا کاریان لە پێشە و لە ڕیزی پێشەوەدان و سەریان گرتووە و بە سەر ژێردەستانی خۆیاندا پۆز لێدەدەن و تۆزوپۆز دەنێنەوە، لە خۆیان پتر کەس بە نێر نازانن، کار و پیشەیان بۆتە هەڕەشەکردن و دەرکردنی بڕیارنامە لە دژی سەرپێچیکاران. شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم! خۆ نەقڵی خورما و خورماخۆرەکەتان بیستووە.

شێعر:

**ناتەوێ سەری سەوزت بە با دەی**
**ئەشێ زمانت لە زۆر شت لادەی!**

## دژواریی کتێبگەلی وانەیی

**قسەی خۆڕایی ـ کرێکار لە ڕۆژێکدا ئەوپەڕی دە قران؟ ـ میزان کردنی ڕەوشت و گەلاڵەی بەرنامەکان و دانانی هەلومەرجی گوزەران بۆ خەڵک و لەبەرچاو نەگرتنی ـ یاسا ـ ئاماژەیەک بە وانەبێژی فارسی لە ئازەربایجان، گرفتەکان و باشترین ڕێگەچارەی ـ هۆی دارمانی دەروونی بۆ زارۆکانی ئازەربایجان ـ وردە فەرمایشت لە "وانەی ئینگلیزی"دا ـ لێکدووریی کتێبەکانی دەرس لە ژیان و گوزەران ـ زانستگای ئەدەبیاتی تەورێز لە ڕۆژگاری نووسەری "چوار وتار"دا و ڕۆژگاری ئەفلاتوون ـ ئاکام.**

هەتاکوو لە نزیکەوە شوێنێک نەبینم و لەوێدا نەژیم، لەگەڵ خەڵکەکەی هەستان و دانیشتنم نەبێ، دەنگیان نەبیستم، نەزانم چیان دەوێ، هەڵە و نابەجێیە بۆ ئەو کۆمەڵگایە دڵم بسووتێ و خەمخۆرییان بۆ بکەم، تەنانەت چیرۆکیان بۆ بنووسم. ئێژن کابرای گۆرین مەزنترین چیرۆکنووسی ئێرانە: ئاشکرایە وتەی ئەو تاقمە ـ بە مەرجێک لێبوردووییمان هەبێ دەستی ئەوانەی سەرووتر بگرین ـ بێناوەرۆک و خوتوخۆڕاییە. ڕووی قسەشمان لەو کەسانەیە، لە پایتەخت (ناوەند) جێیان خۆش کردووە و لەگوێی گادا خەوتوون. تا دەتوانن دەخۆن و ورگیان لێ بەرداوەتەوە. لە جێی گەرم و نەرمیشدا دەنوون، لە چلەی هاویندا، باوەشێن لەبەر دەستیاندایە و بۆ سارد و سەرمای زستانیش سۆبا و شۆفاژ و کەپتەی برقی لە پشت سەریانە و مێیینە و قەرەواش و خزمەتکاریان هەیە، هیچیان کەم نییە و دنیا بە کەیفی ئەوانە. مووچە و پووڵ و پارەی زیاتر لە هەقی خۆیان و کەسپ و کاری دایمە و لە ساڵدا چاوخشاندنێک بە سەر کتێبگەلی دەروونناسی و پەروردەیی ئەمریکی بۆتە کۆی کارەکانیان. بەبێ ڕاڤە و شەنوکەو کردن، کتێب بۆ منالانی "چابەهار" دەنووسن، بۆ



منداڵی گاوگان بەرنامە و ڕێنوێنی دادەڕێژن. دەبێ قوتابخانەکان لە سەرەتای مانگی ڕەزبەردا بکرێنەوە. مامۆستاکانیش لە یەکەمی مانگی گەلاوێژدا حازر و ئامادە بن. لە کۆتایی مانگی جۆزەردان وانەکان بگەنە کۆتایی، بەڵام بێخەبەر لەوەن کە هێشتا "گاوگانیەکان" تا کۆتایی مانگی ڕەزبەر لە ڕنینی ڕەزەکانیان تەواو نابن. چۆن دەتوانن خۆیان بۆ قوتابخانە ئامادە بکەن. لە جۆزەردانـدا لە باخ و مەزراکان سەرقاڵی ئیش و کارن، لە گەلاوێژدا ناپەرژێنە سەر ئەوەی کە ئەزموون و تاقیکارییان هەیە و قەرەبووی کەمکارییەکانی خۆیان لە بیر دەچێتەوە. لێرەدا دەقی دوو نامەتان بۆ دەکەمەوە تاکوو ئاشکرا ببێ کە چۆناوچۆن دەکرێ لە پایتەخت دابنیشی و پاڵی لێ بدەیەوە و بۆ لادێکان و پایتەخت بە یەک شێوە، ڕێنووس و ڕێزمانیان بۆ دەربچێ. نامەی یەکەم من نووسیبووم، لەگەڵ تەنیا کەسێک لە قوتابخانەدا هاوکار بووم، بەڕێوەبەر و مامۆستای پۆلەکانی دووەم و چوارەم بوو، گەیاندمە دائیرەی پەروەردە:

**بەڕێز بەڕێوەبەری قوتابخانە...**

لەگەڵ ڕێزمدا لە ئیدارەی پەروەردەی ناوچەکە داوا بکە بە جێگای کرێکاری ڕۆژانە، خزمەتکاری هەمیشەیی بگرن لەبەرامبەر (دۆزنامەی یەک و برگەی ح مادەی دوو دەستووری قوتابخانەکان)دا ئەو خاڵەشی لێ زیاد بکەم هەروەکوو ئیدارە لە نامەی... فەرمانی لەسەر دراوە "قوتابخانەکەمان تەنیا گرفتی ئاوی خواردنەوە نییە بۆ قوتابییان" کە لە ئەستۆی کرێکارێکدا بێ و ڕۆژێ بە تەمەنێک ئاوی خواردنەوە بێنێ بۆ منداڵان. پێتان وا بێ گرێکوێرەکان کرابێتەوە، هیچ گەوجێک نایەت بە دە قران تەواوی ئەرکەکانی قوتابخانە ڕاپەڕێنێ و پۆلەکان خاوێن بکاتەوە و بە ئاودەستەکان ڕابگا، ئاوی خواردنەوە و دەستشتن لە ئاوایی بهێنێ، پێوەندیی نێوان قوتابخانە و ئیدارە ڕابگرێ، پێداویستی لە ئیدارەکانەوە بهێنێ و هەروەکوو بەڕێز سەرۆک سەرزارەکی دەیگوت ـ سەرەڕای ئەو ئەرکانە بەفری سەربانەکانیش بماڵێ. ئەگەر کەسێک هەبێ و لە ڕۆژانی ساردی زستاندا لە

قوتابخانە وەمێنێ ئیتر لە سبەیدا ـ کەم وا هەیە لادێنشینان تاقە کەسێکیان پێمل بێ بۆ کاری زۆرەملی. لە کۆتاییدا خراپ نییە ماددەی ٥ لە دەستووری قوتابخانەکاندا بهێنمە بەرباس کە تایبەتی بە تەندرووستی قوتابخانە و ئاشکرا کردنی ئەم خاڵە بن کە بەبێ خزمەتکار ـ یان کرێکاری رۆژانە، لەشساخی قوتابخانە تووشی بەڵایەک دەبێ تاکوو چ ئەندازەیەک بە پێچەوانەی دەستووری دێتە ئاراوە. هەڵبەت بەر لە هەر شتێک بەرێوەبەری قوتابخانە لەو شتانە بەرپرسە.

مادەی ٥ ـ هەموو رۆژێک حەساری قوتابخانە و تەواوی ژوورەکان گەسک بدرێ و خاوێن بکرێتەوە و بە تانکی ئاوی خواردنەوەی شوێنی دانیشتنی فەراش (سەرایەدار) رابگەن، بەتایبەت ئاودەستەکان بە باشی پاکوخاوێن بن و دەرمانی تایبەتی دژە میکرۆبیان پێوە بکرێ، هەروەکوو جەنابی سەرۆک دەیانگوت: هەڵبەت ئەوەش ئەرکی هەموو فێرکارێکە ئەگەر دڵسۆزیی خۆی بۆ پەروەردە نیشان بدا و بە کەموکوورییەکانی قوتابخانە بزانێ و نەیشارێتەوە، حەزی منیش لە وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵانە هەر ئەوەیە.

**لەگەڵ رێزمدا ـ فێرکاری پۆلەکانی یەکەم و سێهەم...**

* * *

**ئێستاش دەقی وەڵامی نامەکەی من وەخوێنن کە دەبێتە نامەی دووهەم:**

**بەرێز بەرێوەبەری فێرگەی سەرەتایی...**

جواونامەی ژمارە... پاشکۆی ئەو ئاگادار کردنەوەیە، بۆ هێنانە سەرکاری خزمەتچی فێرگە سەرەتاییەکان شایانی ئەوە نین، جارێ هیچ بوودجەیەکیان بۆ تەرخان نەکراوە، زۆربەی فێرگەکانی لادێ لە فێرگەکەی ئێوە پرترن و بەبێ خزمەتچی ماونەتەوە! هەر ئەوەندە تەواوە کە رازی بوون بە خزمەتکارێکی رۆژانە کە دە قران وەربگرێ و ئاوی خواردنەوە بۆ قوتابییان بهێنێ، ئەوەش لە پارەی نەوتی قوتابخانە کەم دەکرێتەوە! لەو برە پارەیە زیاتر جێی نییە بۆ خەرج کردن،



هەر کات کەسێ پەیدا بوو بەم پارەیە ئاوی بۆ فێرگەکەتان هێنا ئەوە ئاگادارمان بکەنەوە با ئێمەش بە کارەکانمان رابگەین.

**سەرۆکی پەروەردە...**

بەم بابەتە لە دەستوورەکانیاندا ئاماژە دەکەنە سەر ئەوە، ئەشێ تەرکی ئاودەستەکان دەرمانی دژە میکرۆبی لێبدرێ. ساکارترین وتە ئەوەیە ئاخۆ کاربەدەستان و کاربەرێوەبەران تاکوو چ رادەیەک سەرنجیان داوە بە پێداویستی و داخوازییەکانیان و چییان بۆ جێبەجێ کردوون؟ سەرنجدان بە کاتی وەرزشی بەیانیان بە پێشنیاری وەزارەتی، لە ماوەی دوو سێ ساڵ لەمەوپێشدا بریار وا بوو تەورێزییەکان لە وەرزی زستاندا لە بوولێلی بەیانیدا جێبەجێی بکەن. ئەوەش گەڵالەیەک بوو بیرتیژانی تارانی مەرحەمەتیان فەرمووبوو. بەڵام ئەوەندەیان نەزانیبوو تاوهەڵاتی تاران و تەورێز نیو سەعات تۆفیریان هەیە! هەروەها لە سەرما و بەستەڵەکی ئازەربایجاندا لە کوێ ئەو بەرنامە پیرۆزە جێبەجێ بکەن.

پۆلەکەنی دواناوەندی خۆ ماشەڵڵای لێبێ ئەوەندە بەرین و بەرفراوان نین، ئیتر چبگا بۆ سالۆن و هۆڵی سەرداپۆشراو و یاریگا.

لێرەدا ئاماژە دەکەمە سەر گرفت و دژوارییەکانی ئەو کتێبانەی کە لە قوتابخانەدا دەخوێندرێن. دەبێ ئەوەش بڵێم قسەکانم یان دەستکەوتی تایبەتیی ئەزموونی خۆمن، یان بەری هەستان و دانیشتنە لەگەڵ هاورێیانی نزیک و دوور و فێرگەی لادێکان. لەپێشدا دەچمە نێو دەقی خوێندنەوەی کتێبی سەرەتایی و گوتنەوەی ئەو لە ئازەربایجاندا ـ ئەویش کتێبێک کە بۆ فارسی زمانان نووسرابێ، کارێکە دژوار و بەزەحمەت، دەبێ ئەوەش بڵێم کە زەحمەتی ئەو کارە تەنیا لە ئەستۆی وانەبێژی دڵسۆزە، هەرچەندە مامۆستای دیکەشمان کەم نین، دایمە لە بیانوو دەگەرێین بڵێین لێیگەرێ چی دەبێ با ببێ، زەحمەت و دڵسۆزی چی! ئەم وڵاتە شیاوی ئەوە نییە دڵسۆزی بۆ بکەی، لەگەڵ ئەو فەرق و جیاوازی دانانە چەندە فرە و بە خێرایی دەتوانێ بیانووت وەدەست بکەوێ.

لێرەدا لە کتێبی یەک دوو ساڵ لەوەپێش نموونە دەهێنمەوە کە چەند کەسێکی بەڕواڵەت پسپۆڕ، زەحمەتی نووسینەکەیان وەئەستۆ گرتبوو. لێرەدا بە چاوی خۆت شتەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە کاتی قەڵەم پێداهێناندا نووسەران چەند دەخۆ نووساون و مێشکی خۆیان هەڵگوشیوە و خۆیان تەکاندووە، بەشکەم بەرهەمەکەیان بەهێزوپێز بێ. وایان زانیوە منداڵی دەرسخوێن لە ئێراندا یانی ئەو چەند کەسەی خۆیان و ئاشناکانیان وا کولێرە بە ڕوومەتیان چەور دەبێ و پۆشتە و پەرداخن، کتێبی بەرایی ساڵی ڕابردوو لە چاو کتێبەکانی پێشتر کەموکووڕی نییە بەڵام ناتەبایی زێدەی تێکەوتووە، ئاشکرایە لە بەرچی نووسەران، ویستوویانە کتێبێک بنووسن لایەنەکانی شار و دێ لە خۆ بگرێ و لە چوارقوڕنەی ئێراندا کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە تارانیشدا هەروا کە پایەتختی وڵاتە مەلها و کۆلێت[1] و، تەدانسان، سینەما، باکووری شار، ئۆرکسترای بیانی و سەماکەر و گۆرانیبێژی ئیسپانیایی هەیە. هەروەها لە "ئاخیرجان"یش کەوا شوێنی ئیشوکاری منە لادێیەکە هەروەکوو هەزاران گوندی نەناسراو و پشتگوێخراوی ئێران کوێخای هەیە و من و ئەوی تر (مشوورخۆر) و ئەوپەڕی، بۆ نەزر و نیاز! نەزر و نیاز بۆ کاتێکە کە بێبارانی بێ، یان سەرچڵی دارەکان شەختە و سەرما بیگەزێ.

لەو کتێبەدا شێوەی شێوخواردنی بنەماڵەیەک هەبوو، ئازەر، دارا. "پاپا و ماما" گیانیان: مێزی نان خواردن و کورسی لە دەوری، ژوورێکی بەرفراوان و بە باقوبریق لە چەشنی بووکی یەکشەوە. کەوچک و چنگاڵ، دەوری و دەفری چینی. جام و شەربەی بلوور و زۆر شتی تر. کاتێکیش لە قوتابییەکانم دەپرسی: ئێوە بێژن ئەوانە خەریکی چین؟ تێکڕا مەحتەل دەمان متەقیان نەدەکرد. خۆ ئەگەرکوو بەبێ شی کردنەوە پێم گوتبان خەریکی شێوخواردنن، بێگومان وەیاندەزانی درۆیان لەگەڵ دەکەم. بۆ مەگەر شێوخواردن هەر ئەوە نییە کەوڵی نانی ڕادەخەن، باوک وەلای ژوور بکەوێ و دایک لەلای خواروو دابنیشێ و منداڵەکان دەوریان

[1] لە دەقە فارسییەکەدا "کۆلبە" نووسراوە بە مانای خانووچکەیە لەپارک و قەراخ دەریا و دارستان.



بدەن؟ کاسەی گڵێنەیان لە نێوەڕاست خۆیان دابنێن، پڕی بکەن لە شۆرباو، لە پێشدا گەورەی بنەماڵە دەست دەبا و بەدوای ئەودا باقی خاوخێزان مل دەنێن لە تێکۆشین؟ کەوا بوو ئەوە چۆن شێوخواردنێکە مامۆستا گەرەکیەتی بە زۆرداری پێملمان بکات؟

ئەم چوار ڕستەیە لە ژێرە وێنەکەدا نووسرابوو: **بابە شێو دەخوا. دایە شێو دەخوا. دارا شێو دەخوا. ئازەر شێو دەخوا.** بۆ وتنەوەی ئەو چوار دێڕە پتر لە کاتژمێرێک وەختم بە فیڕۆ چووە. ناچار بووم بۆ ڕازی کردنی قوتابییەکانم بە دەیان شێر و ڕێوی بهێنمەوە، کە ئەوان خەریکن شێو دەخۆن، بەڵکوو لە داهاتوودا ئامادە بن و گرفتیان بۆ پێش نەیەت.

ئەو ڕستەیەشمان لەو کتێبەی تر هەبێ بۆ ئەوەی بێژم: ئازەر و دارا بۆ فێرکارەکەیان کارتی پیرۆزبایی دەنێرن، دەی باشە، کارتی پیرۆزبایی یانی چی و بە چی دەڵێن؟ ئەمەش کاتژمێرێک دەخایەنێ تاکوو بە هەزار ناری عەلی لە مانای ئەو دوو پیتە بگەن! ئێستا دەمێنێتەوە چۆن بەڕێی بکەن؟ ئاخۆ گاڵتەجاڕی نییە کە مرۆڤ کارتێکی پیرۆزبایی بە دەستەوە بگرێ بیدا بە کەسێکی تر کە ئەویش بیبا بۆ ماڵێک ـ مامۆستاکەی ـ کە دەرگا بە دەرگای خۆیانەوەیە.

ئالێرەدایە مامۆستا دەبێ جارێکی تر ئیش و کارەکانی وەلا بنێ و دوو سەعاتی تەواو خەریکی شەنوکەو بێت، بە سوێند و ئایەتەوە بنووسێ، تاکوو منداڵی بەستەزمان پێمل بکەن و ڕازی بکرێ! بەڵێ ئەمە باری ژیانی تارانە و شارە گەورەکانی وڵات لەگەڵ ژیان و گوزەرانی ئێمەمانان تەوفیری فرەی هەس، لەوێندەرێ پۆستە هەیە و ماڵەکان زۆر لە یەک دوورن، هەروەها زۆر شتی دیکەش.

سەرلەبەری ناوەرۆکی کتێبەکە تایبەتە بە شارنشینان و تێگەیشتنی ئەو تاقمە لە فارسی زمانانە و دەوڵەمەند و ئاغاواتان. وتم ساماندار و ئاغاوات. منداڵی فارسیخوێنی ڕەشوڕووت نە کارتی پیرۆزبایی بۆ مامۆستای دەنێرێ و نە بە کارد و چەنگاڵ لەسەر مێز شێو دەخوات. قوتابی کاتێک ژیانی خۆی لە کتێبەکەدا

نەدۆزییەوە ئیتر چ قازانجێک بە نسیبی دەبێ، فێربوونی زۆرەملی بە جێیەک ناگات و بێ ئەنجام دەبێ.

نموونەیەکی دیکە، نووسرابوو **دارا سەری دادێنێ**. قوتابی گوندی لەو شتە بە هەڵە تێدەگا، وا دەزانێ بە دوژمنایەتی ئەوەی پێدەڵێم، بە عومری کاری وا ناکات! ئەوە هەر بە کارێکی دزێو دەزانێ، زۆر جار ئەوەی بیستووە کە جەنابی ئاخوند و مەلای تایین فەرموویەتی شانە کردنی سەری نێرینە حەرامە! لەراستیدا لە زۆربەی قوتابخانەکانی شار، هێشتنەوەی فۆکلە و قژی درێژ قەدەغەیە و بە کارێکی ناحەزی دەژمێرن. هەر کەس زولف و ئەگریجە دابنێ ئەوە شووڵی بەرێوەبەر دەزانێ قۆناغ لە کوێیە. بۆ یاساغکردنی کاکۆڵ هێشتنەوە نامەی ئەمریمان هەیە. قوتابی لادێ بە هەڵکەوت دایکی دەبینێ لە حەمامڕا بێتەوە سەری داهێنابێ؛ زارۆیەکی یەکەمی سەرەتایی چەندەی تووکەسەر هەیە هەتاکوو شانەی بکا؟ ئەو وێنەیەی لە دارا هەڵگیراوە و لە کتێبەکەدا چاپ بووە کەوا خەریکی شانەکردنی سەریەتی، بە گومانی منداڵی دێهاتی درۆ و دەلەسەیە. هەر بە تەنیا سەر داهێنانەکەی درۆ نییە. ئەوەی کە پاتۆڵی قوڵەی لە بەر کردووە و لە سەر ئەژنۆیەتی، ئەمەش درۆیە. ئاخۆ دەکرێ بەم جۆرە قوتابی ڕوو بکاتە قوتابخانە؟ مامۆستا چۆن شتی وا قبووڵ دەکات؟! لە بنەڕەتا ئینسان شەرم دەیگرێ ئاوا ڕووتوقووت بە کۆڵان و بازاڕدا بگەڕێ! منداڵان چی دەڵێن؟

بە هەڵکەوت لەم کتێبانەدا شتێک دەبینی لەگەڵ خووخدە و ژیانی لادێ یەک بگرێتەوە، ئەگەر جارناجارێکیش بچنە نێو خەڵکی دێهاتەوە لەمەڕ مانگا و شیر دۆشین و بارەی مەڕ شتێک دەنووسن، ئەوە تەواو بە دیدی شارستانی و لە دۆخی لادێ دوورە.

هەروەکوو ئەو شتە فرەیە کابرای، خۆشگوزەرانی شارنشین بە حەسانەوە و پشوودان و کات ڕابواردن بەیانی تاکوو ئێوارێ دەڕوا سەیر و سەیاحەتێک دەکات و دەگەڕێتەوە. لێرەدا چتگەلێک نووسراوە بۆ خاوخێزانی شارنشین بە بیر و خەیاڵی ئەوان، چونکە قەت نەیاندیوە، ئەو شتەی زارۆیەکی شارستانی لە گوندی



دەیبینێ دەمی بۆی پڕ دەبێ لە ئاو، پێی خۆشحاڵ دەبێ و بۆی دەشنێتەوە و لەوانەیە بۆ منداڵی دێنشین سەر لەبەر ڕەنج و کوێرەوەری بێت، پڕ بێ لە بیرەوەریی تاڵ و کوڵەمەرگی. کەوا بوو پەردە لادان لەسەر ئەو شتانە و زۆر گوتنەوەیان تەنیا دەردی منداڵی لادێ کاری دەکات و وەرهەمی پێ هەڵدێنێ، ئەشێ فکرێکی بنەڕەتی بکرێتەوە.

سەرەڕای ئەو بەرنامەگەلە و کتێبی دەرسی، بەیاننامە بە دوای بەیاننامەدا بڵاو دەکەنەوە: ئەشێ لەنێو پۆلەکان تەنیا بە زمانی فارسی قسە بکەن. لە تورکیبێژی خۆ بپارێزن، لە بەشێکی دیکەدا سەبارەت بە باشترین ڕێگەی گوتنەوەی زمانی فارسی لە ئازەربایجان، لێرەدا بیروڕای من دەخوێننەوە.

مامۆستایەک کە دەچێتە بنج و بناوانی شتەکانەوە باش تێدەگا قوتابییەکەی خۆی لە تەنگەژە و چەواشەییدا لە نێو دابونەریتی سەیر و سەمەرەی سەرسوورهێنەردا دەبینێ ناچار دەبێ زۆر شتی دیکە دە مێشک و گوێی ئەو قوتابییانە بئاخنێ و سەدان درۆ و دەلەسەی بۆ دەکا. هیچ کە قازانجی بۆ منداڵی بەستەزمان نییە بەڵکوو زیانیشی پێدەگا و بۆ هەمیشە ڕۆحی ئازار دەدا. جا ئەگەر قوتابی خرایە نێو مەنگەنەوە و لەو بوولێڵەدا ژیا و تووشی سەرلێشێواوی هات، ئیتر دیارە بە ڕکدا دەچێ و هیچ فێر نابێ، لەبەر ئەوەی دوێنێ بە باوەگەورەی دەگوت "باوە" ئێستا ناچاری دەکەن بێژێ "بابا"، بە دایکیشی بڵێ "مامان، مادەر".

وێنەی تەلارێکی سرنجڕاکێش لە کتێبەکەدا هاتووە لە ژێریدا نووسراوە ئەوە قوتابخانەی سەرەتاییە، ئیتر درۆ لەوە گەورەتر! قوتابخانەی ئەوان دوو هۆدەی هەیە مۆرەیە و بە قوڕ ساز کراوە، ئەمەش حوجرەی مزگەوتە و تەرکەکەی تۆزی لێ هەڵدەستێ، قوتابی مان دەگرێ و لەوانەیە لە دڵی خۆیدا بڵێ هەرچی دەیبیستم درۆیە، ئەمجار باوەڕ بە هیچ ناکات و چی بژنەوێ بە درۆی دەزانێ. ئەمە ئاشکرایە، منداڵ ئەو شتانەی دەیبینێ باشتر باوەڕی پێدەکا و فێری دەبێ، کاتێک فێرگە قوڕینەکەی خۆی لەبەر چاویەتی، باوەڕ ناکا جگە لەوە قوتابخانەیەکی دیکە هەبێ.

ئەرێ کاکی برا بۆیە منداڵی ئازەربایجان لەدوای ئەو هەموو ساڵە سەرەڕای ئەو گشتە بڕیارنامە و تۆمارە کە دەبێ تەنیا بە فارسی قسە بکرێ، بێزارن لەوەی دوو

کەلیمە فارسی بێژن و چاکیوچۆنی بکەن. ئەوەشیان پێ بڵێن: ئەگەر بێتو هەرکەسێک لە دەرسی زمانی فارسی لە کەمتر وەربگرێ تاقیکردنەوەکەی دووبارە دەکرێتەوە و دەبێ لەسەررا تێهەڵچێتەوە.

چارەی گرفت نییە، کاتێک دەرزبێژ لەوەپێش بە نمرەی حەوتەوە قوتابی قەبووڵ کردووە و بڕوانامەی پێداوە ئێستاش نمرەی دەی دەداتێ و لە کیسەی خەلیفە کەم نابێتەوە. وەختێک قوتابی نەتوانێ بە زمانی فارسی قسە بکات، ئیتر لە وانەکانی دیکەدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ، چونکە باقی کتێبەکان بە فارسی نووسراون، مامۆستای مێژوو ناچارە وانەکەی لە ڕێچکەی خوێندنەوەی فارسییەوە بەرێتە پێشێ. ئەگەر بۆیان دەست بدا قوتابییەکانیش دەفتەری قامووسی تایبەتیان هەبێ، منیش کاتێک لە پۆلی حەوتەمدا مێژووم بە قوتابییەکان دەگوتەوە لە پێش دەست-پێکردنی وانەدا، وتە و کەلامی دەرسەکەم هەروەک زەنگی فارسی خوێندنەوە لەسەر تەختەڕەشە بۆ دەنووسین و قوتابییانیش لە ڕوویان دەنووسییەوە، بۆ ئەوەی لەپاش حازر کردن و لەبەرکردن ئەوان بە باشی بتوانن کتێبی مێژوو بخوێننەوە و لەبیریان نەچێتەوە، جا ئیتر چۆنیان بۆ لەبەر دەکرا شەیتانیش نازانێ.

ئەو فارسی نەزانینە بۆتە کێشەیەکی گەورە و دارمانێکی دەروونی بۆ منداڵان. بەتایبەت کاتێک لەگەڵ منالێکی فارسی زمان بەروەڕوو دەبن یان دەبنە هاوپۆل، پێت وا نییە ئەو ڕووخان و کەمهێنانە ساڵیانی ساڵ ئاسەواری بمێنێتەوە؟

کابرای گۆرین کەوا دوکتورە قەت وا نەبووە لە پۆلەکانی سەرەتاییدا وانەی وتبێتەوە، بە هۆی بەڵگەی دەروونناسییەوە کە لە زانکۆ خوێندوویەتی لە تەک ڕێوشوێنی پەروەردە لە فلان زانکۆ، خۆشی چەند ساڵ بۆتە مامۆستای زانکۆیەکی دیکە. دەست دەبا بۆ پۆلەکانی سەرەتایی و بە پێوانەی خۆی کتێبیان بۆ دەنووسێ، زۆربەی نووسەری ئەو کتێبانە هەر ئەو کەسانەن.

نموونەیەک دەهێنمەوە لە کتێبی جوگرافی و مێژووی پێنجەم و شەشەم بە وتەی "ئالی ئەحمەد" لە کیف و جانتا و تاقە و سەرمێز جێی نابێتەوە و هەڵیناگرێ. لە پێنج شەش فێرگەدا وانەم وتۆتەوە و لەگەڵ قوتابییەکاندا لە پێوەندیدا بووم، نەمدی



تاقەکەسێک بتوانێ ئەو دوو کتێبە بە شێوەی دەرسی فارسی لە ڕوو وەبخوێنێ. لەبەرکردنیش بە قوربانی چاویان بێت. دەڵێن چی؟ ئاخر قوتابییەکان گێژۆکەن یان ئەو سەرچڵ و لەهەڵەدایە کە بە پێوەری خۆی و ویستی منداڵە نازنازییەکانی قەوم-وقیلە کتێب دەنووسێ بۆ هاوولاتیان، ئایا تەواوی ئەوانە ئەوە ناگەیەنێ کە بۆ نووسینی کتێبی دەرسی ـ بە تایبەت سەرەتایی ـ بە پێی ویستی مەڵبەند و شوێنی ژیانی ئەو خەڵکە بێت، بەپێی هەلومەرج و هەستان و دانیشتنی هەر ناوەند و پارێزگایەک بنووسرێ، لەگەڵ گوزەران و داب‌ونەریتی ئەوان بگونجێ؟ بۆ ئەوەی ئاکامێکی بێ غەل‌وغەش بدا بە دەستەوە، من لەوە ئاگادار نیم ئاخۆ لە ولاتی ئینگلیز و ئامریکا ئەم کارانە دەکەن یان نا، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە کارێکی شیاوە و دەبێ بکرێ. وەختێک لەگەڵ خۆمان و خەڵک و پەروەردەی ولاتەکەمان ڕووڕاستین، دڵنیام دەبێ ئەم کارە بکرێ. ئاخۆ تەنیا خۆنواندن و دەربڕینی سۆزێکی هەڵەشەیی و ڕەوتێکی کیسەڵئاسا تەنیا بەتاڵ نەبوونی داوانامە و خوازەکانی ڕواڵەتی بەسە بۆ ئەوەی بڵێین قسەیەکمان کردووە، خۆمان لە تەنیشت پێشکەوتوان وەبینین؟ کەوا بوو نووسراوە و کتێبی کابرای تایین لە سەرمان زیادە و قوڵتێکی فرەس. ئیتر منیش وتەکانم وەردەگرمەوە، ئەگەر بەیەک شێوە بابەت کتێب بۆ پارێزگاکانی فارسی‌زمان دەنووسرێ کتێبی فارسی بۆ پارێزگای ئازەربایجان ئەشێ پێوەر و تایبەتمەندی خۆی هەبێ و لەگەڵ ویست و دۆخی ئەو ناوەندە یەک بگرێتەوە، بەشێوەیەکی ساکار و ڕەوان بێت و گرفت ساز نەکا.

یەکەم کتێب کە بۆ مەبەستی فێرکاری نۆ مانگە بۆ قوتابخانەکانی تاران دەنووسرێ ناکرێ لەو ماوەدا لە فێرگەکانی ئازەربایجان بە قوتابییان بگوترێتەوە (و نووسراوەی لەبەر بگرێتەوە). بە سرنجەوە لەو نموونەیە ورد ببنەوە و موتالای بکەن و بزانن بۆچی لە کتێبەکەدا هاتووە ئەو ئاوە دێتە خوارێ: ئاو. منداڵێکی فارس‌زمان کاتێک ئەوە دەبینێ دەڵێ؛ ئاو! فێرکارەکەشی پێی دەڵێ: نووسراوەکەی ژێری مەبەستی لە ئاوە!! منداڵ زوو فێر دەبێ کە نووسراو باسی لە وێنەکەی سەرەوە دەکات، خێرا فێر دەبێ بڵێ "ئاو"، ئیتر گرفتێک لە گۆڕێدا نییە. بەڵام کاتێک منالی

تورکزمان چاوی بەم وێنەیە بکەوێ دەڵێ "سوو"، ئەمجار مامۆستا ناچار دەبێ بە منداڵان بڵێ بەم وێنەیە بێژن "ئاب" نەچن بڵێن "سوو"، ئەو منداڵە گوێزەبانەی بە "سوو" بۆ کراوەتەوە، تاکوو ئێستاش هەر ئەوەی گوتوە، هەتاکوو فێر دەبێ بە "سوو" دەڵێن ئاب کاتژمێرێکی پێ دەچێ. هەر ئەوەشە کە ئیمکان و هەلومەرجی پۆلەکانی تاران لەگەڵ لادێ و شارەکان تۆفیریان هەیە و وەک یەک نین.

ئەوە گریمان هەر ئەو چرکەیە فێر بوو "سوو" لەگەڵ "ئاب" هەر یەکن! کاتێک گەیشتەوە ماڵێ، دیسانیش هەر دەڵێ "سوو". بۆ بەیانیش کاتێک کە دەچێتەوە بۆ قوتابخانە لە بیری دەچێتەوە بە فارسی بە سوو دەڵێن چی! ئیتر لێرەدایە مامۆستای کلۆڵ ئەوەندە دەڵێ ئاب ئاب، زمانی لە کار دەکەوێ و مێشکی ئاو دەیبا، ئەشێ ڕووبارێک بڕژێنێتەوە مێشک و گوێی منداڵەوە هەتا تێبگا سوو تورکییە و ئاب فارسییە.

هەر لەو نموونە بچووک و ساکارەوە هەڵیسەنگێنن کە مامۆستای فێرگەکانی ئازەربایجان لە دەرس‌دانی ئاوا کتێبێکدا دەبێ چەندە خۆ ماندوو بکا و بکەوێتە زەحمەتەوە. زەحمەتی قوتابیش لەو کەمتر نییە! جا ئیتر بەرهەمی کارەکەی چی دەبێ ئەوە با بمێنێ. ئەو چاودێرانەی لە تارانەوە سەردانی فێرگەکانی ئازەربایجانیان کردووە هەموویان بە جۆرێک ڕەخنەیان گرتووە: قوتابییان نەیاندەزانی بە زمانی فارسی بدوێن، قەتیش بیریان نەکردۆتەوە هۆی چی بووە. وەختی خۆی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا زارۆیەکی فارس‌زمان قوتابی من بوو. دەرس پێدانی ئەو کتێبە لە نێو ئەو قوتابییانەدا بۆ ئەو لەوپەڕی ساکاریدا بوو. هەر لەو پۆلەدا لە سەروبەندی پشووی قوتابخانەدا بۆ ڕاهاتنی قوتابییان هەر کەسە و لاپەڕێکی گۆواری فارسیم پێدان، گوتم لە هەر جێیەکدا وشەیەک، ڕستەیەک، ئەگەر بۆتان خوێندرایەوە، بیخەنە نێو بازنە و کەوانەوە. زۆری نەخایاند منداڵە فارس‌زمانەکە چەند ڕستە و هێڵی دە کەوانە خست و بە جوانیش دەیخوێندەوە و تێی‌دەگەییشت. بەڵام ئەوانی دیکە مەحتەڵ مابوون. جگە لە چەند قوتابییەک کە هەوێنی زیرەکیان تێدابوو وشەگەلێکی تازەیان خەت دابوو بە دەربڕینی هەڵەوە. کاتێک ئەو منداڵە گەیشتە پۆلی دوو، ناوی چەند کتێبم دا بە باوکی و ڕامسپارد کە



ئەو کتێبانەی بۆ بکڕێ و کوڕەکەی بیخوێنێتەوە، سەیرم کرد ئەو کتێبانە بە جوانی دەخوێنێتەوە، هەر ئەو کتێبانە منداڵە تورکزمانەکان لە پۆلی چواردا، بە زەحمەت بۆیان دەخوێندرایەوە. تاوانێکیشیان نییە، ئیتر ئەوە ڕوون و ئاشکرایە!

* * *

لەگەڵ ئەو گشتە درێژدادڕییە، ئێستاش بڕواتان بە وتەگەلی وەزارەتی و دائیرەکان هەیە و لەگەڵیانن؟ کە لە ڕەزبەری پارساڵدا دەنگیان بەرز کردەوە: کێشەیەکیان نییە بە ناوی کتێبە دەرسییەکان. وا دەزانن تەنیا موشکیلە و گرفت کە هەیە هەر ئەوەیە لە کاتی خۆیدا کتێبەکان ناگاتە شارەکان؟ ئاخۆ قسەیەک لە سەر ناوەرۆکی کتێبەکان نییە؟ هەروەها دەکرێ لەمەڕ کتێبەکانی دەورەی ناوەندیشدا قسە بکرێ. بۆ نموونە سەرنج بدەینە خوێندنەوەی کتێبە دەرسییەکانی ئینگلیزی ئەو ساڵە.

با لە پێشدا بزانین کتێبە دەرسییەکان کامانەن؛ لە پۆلی حەوتەمدا بەرگی یەکەم دەورەیەک دەخوێندرێ "ئینگلیزیی مۆدێڕن modern English" لە پۆلی هەشتەمدا بەرگی دوو، دەورەی کتێبی دیکە بەناوی "بە ئینگلیزی قسە کردنی قوتابییان Speak student English" هەڵبەت شێوازی فێرکردنی دەورەی ئەو کتێبە لەگەڵ ئەوەی پێشوو عەرز هەتا ئاسمانی جیاوازی هەیە، مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی باش دەزانن لە پۆلی هەشتەمدا قوتابی وردە وردە وتەگەلی کتێبەکەی پێشووی لەبیر دەچێتەوە. لێبڕاوانە هەوڵ دەدا لەگەڵ شێوازی کتێبی تازەدا ڕێک بکەوێ، سەرلەنوێ تێهەڵدەچێتەوە، بۆ فێربوونی وشە ئینگلیزییەکە لە سیفرەوە دەست پێدەکاتەوە. کاتێکیش دەگەنە پۆلی نۆیەم ناچارن بەرگی سێهەمی کتێبی هەشتەم وەخوێنن، دەی زۆر باشە. با لەوانە بگەڕێین. لە پۆلی دووهەمدا جارێکی تر کتێبەکە گۆڕانی بە سەردا دێ. ئەوجار Direct method سەر هەڵدەدا و دێتە ئاراوە. هەڵبەت سێهەم بەرگی دەرسەکانی دیکەش بە ڕیز بە دوایدا دێن، بەرگی چوار و پێنج.

ئیتر بەم کەشم‌ونەشمە قوتابی چۆن ئینگلیزی فێر دەبێ؟ سەرنجی ئەم بەشە بدەن، کتێبی حەوتەم ئێرانییەک نووسیویەتی، کتێبی هەشتەم و نۆیەم ئەمریکاییەک، کتێبەکانی تر ئینگلیزییەکان.

با بزانین کتێبەکان چیان لە جانتادایە:

لێرەدا بە بێ درێژدادڕی چەند نموونەیەک دەهێنمەوە لە ناوەرۆکی چەند کتێبێک. (قسە کردنی قوتابییان بە ئینگلیزی) دەکرێ بێژی ئەو کتێبانە باشن، ئەویش بۆ پۆلێکی بیست کەسی ژوورێکی ڕێکوپێک لە یەکێ لە قوتابخانەکانی تاراندا کە نیوەی قوتابییەکانی منالانی ئەمریکایی بن و دانیشتووی تاران، ئەوانی تر منالی خۆشخۆر و خۆشپۆش ڕوومەتیان ترووسکە دەدا. (پاپا گیان و ماما گیان)، بیرەوەریی خۆشی خۆیان دەگێڕنەوە، کامە باڕ چوون و کێهە شەونشینییان بە کەیف و سەما ڕۆژ کردۆتەوە. دیارە لەوێشدا نێر و مێ تێکەڵ دەبن.

ئا لەم پۆلانەدا وێدەچێ ئاوا کتێبێک بەهرەی هەبێ و بێ حاسڵ نەبێ، ئەویش بە شەرتێک مامۆستای شارەزا و پسپۆڕ و فرە دڵسۆز و بەتاقەت لە گۆڕێدا بێ و دەست بکەوێ، بەڵام بەداخەوە کە مامۆستایەکی ئاوا کەمە و "وەک سەنگی مەحەک" وایە. لە کتێبی هەشتەمدا گوتوبێژ و هاموشۆی نێوان خێزانێکی ئامریکایی دانیشتووی تاران و گەورەماڵێکی تارانی باس کراوە و لە سەری دەڕوا، منداڵەکان لەمەڕ پۆلی وانە گوتنەوەی مامۆستا دەدوێن. پاسی قوتابخانە، دابونەریت و جەژنەکانی ئەمریکا وەسف دەکرێن، ڕۆژانی حەسانەوە و پشوودان، خاووخێزانی هەردوو لا بە ترۆمبیلی تایبەتی خۆیانەوە دەچنە پیکنیک (گەشت و سەیران) و ڕوو دەکەنە دەوروبەری (جاجروود). ژن و پیاو تێکەڵ دەبن و مل دەنێن لە خواردنی Hotdog. منی بەستەزمان هەتاکوو دە حەوتوو لەوە پێش نەمدیبوو و نەشم دەزانی چییە! زۆری وەک من هەن، سەتا نەوەد و پێنجی مامۆستای زمانی ئینگلیزی بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم، لە تەواوی ئێراندا بڕواتان هەبێ مامۆستایەکی زمانی بیانی لە شارەدێیەکی لاپەڕی ئازەربایجان ئەو ناوەی بەم عینوانە وەرگێڕابوو "سەگی گەرم" وتبووی ئامریکایی مەسیحی و کافرن، سەگ چییە، تەنانەت بەراز و گوێدرێژ لێدەنێن و دەیخۆن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە زۆربەی مامۆستایانی بواری ئینگلیزی و شار و شارۆچکان یان دیپلۆم یان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی فەلسەفە و زمانی فەڕانسەن. بەتایبەت سێ چوار ساڵ لەوە پێش کە کۆلێژی



ئەدەبیاتی تەورێز پۆلی شەوانەی نەبوو، هەر وەکوو ئێستاش نیەتی. لە شارۆچکەیەکدا کە هەموو شانازییەکەی ئەوەیە لە ڕۆژی عاشووڕا شەشسەد "قەمەزەنی" هەیە بەوپەڕی بەختەوەری دەزانن. چۆن قوتابییەکانی باوەڕ ناکەن ئەمریکی بێدین و بێفەڕن؟ چۆن گۆشتی گەماڵ ناخۆن؟

لە کتێبی ئینگلیزی پۆلی نۆدا هاتووە، باس لە سەربردەی قارەمانیەتی "بەیس-باڵ"ی ئەمریکی دەکا، لە بەرابیدا دەبێژێ وەرزشکاری پیشەیی لە ئێراندا نرخ و بایەخێکی نادرێتێ. خەڵک ئەوەیان بۆ لێک نادرێتەوە چۆناوچۆن دەبێ یارییەکی ئاوا ببێ، بە هۆی داهات و ژیواری کەسێک لە ڕێگەی لێدانی تۆپ بە دەست یان بە پێ؟ ئەمەش بەجێی خۆی؛ لە دە کەس بیست کەس مامۆستای زمانی ئینگلیزی یەکیانم نەبینیوە یاریی "بەیسباڵ" بزانێ یان هەر نەبێ ئەو یارییەی تەماشا کردبێ. یەک دوو کەسێک نەبێ لەساڵەکانی ڕابردوودا، داری دەستی ئەو یارییەیان بە دەستەوە گرتبوو تاقییان کردبۆوە، کەسێکیش بۆ چەند چرکە چاوی لەیاری بەیسباڵ کردبوو، لە سینەما لەگەڵ هەواڵی "مویتن". ئالێرەدا بیری لێ بکەنەوە، ڕاڤە و لێکدانەوەی وتەکانی ئەو یارییە کە لە کتێبەکەدا هاتووە چەند دژوار و کاتکوژە.

نموونە ساکارەکەی pitcher ـە. لەشارێکدا کە قوتابی پۆلی دە و یازدە جیاوازییەک لە نێوان سینەما و شانۆدا نابینێ و لە دنیایەکی بچووکدا دەژی وەکوو گوندی خۆیان و "شابەستەر"، مامۆستاش بە تەمەنی خۆی، تیاترۆ و شانۆی نەبینیوە و ئەو فیلمانەی لە سینەما دیتوویەتی لە ئەنگوستی دەست تێناپەڕن (تارزان، مەهوەش و ڕاج کاپووری) گێڕانەوە و ناساندنی پاڵەوانان و سەربردەی ئەوان لە "بەیسباڵ"ی ئەمریکی و یارییەکانی کارێکە شێتانە و بێئاوەزانەیە. لەوە زیاتر پێی ناوێ لەسەر ڕۆیشتن و درێژدادڕی. ئاکامی بە کوێ دەگا؟

ناشێ کتێبی قوتابخانە و خوێندن دوور لە ژیانی قوتابی بێ. ئەگینا ئاکام و داهاتوویەکی باشی نابێ. بۆ نموونە چاوێک بە ناوەرۆکی کتێبی دەرسی زمانی فارسیدا بگێڕین. بە جێی ئەوەی پەند و ئامۆژگاری و پێداهەڵدانی **ماعیرانی** دەورەی غەزنەوی ناواخنی کتێبەکە بێت و قورسایی بخاتە سەر بیر و مێشکی قوتابییان،

چی دەبێ ئەگەر کەڵک  لەو شێعرانە وەربگرین کە بەسەر زار و زمانی خەڵکەوەن، یان نەقڵ و نەزیلەی چیرۆکی هەر گەل و نەتەوە و پارێزگا و کۆمەڵگایەک؟

خۆتان داوەری بکەن، منداڵ بە حەزەوە تامەزرۆیانە ئەوانە دەخوێننەوە، نەک ئەو پڕوپاگەندە و تووڕەهاتەی لە کتێبی ئەوەڵدایە؛ هەور دێن و ڕادەبرن/ ئەستێرەچاو دادەگرن... (یانی ئەستێرە "چاوشارکێ" دەکەن) قوتابی بەتایبەت قوتابی دواناوەندی ـ دەبێ ئەوەندە بزانێ لە دنیای دەوروبەری چ ڕوو دەدا. شێعر و پەخشانی ڕۆژگاری ئەو کامانەن. قوتابخانەی دواناوەندی و تەنانەت زانکۆی ئەدەبی لەگەڵ دنیای دەرەوە لە پێوەندیدا نین. شێعرێک کە قوتابی دواناوەندی دەیخوێنێتەوە ئەوەی لە کتێباندا دەگوێی دەئاخنن جودا لەو هەڵبەست و شێعرانەن کەوا شاعیرانی ئەمڕۆیی دەیهۆننەوە. ئێستاش لە زانکۆی ئەدەبیی تەورێز لە چاخی نووسەری "چوار وتار"دا دەژین و فەلسەفەکانیشی لە ڕۆژگاری ئەفلاتوون و دنیای خەیاڵی خۆیاندا خوێندکار و بەکالۆریۆسی بەشی فەلسەفە جگە لە چەند تاریف و ڕستە لە مێژووی فەلسەفەی کۆن هیچی دی لە هەمبانەدا نییە، ئیتر قسەی ئەوەم نییە خۆی فام و ئاوەزێکی هەبێ و لە هەوڵدان ماندوو نەبێ. خوێندکاری بەشی فەلسەفە بە بیستنی وشەی "فەلسەفەی سەردەم" هەڵدەبەزێتەوە و چ لە هیچ نازانێ. دۆکتۆر هاتووە ئەدەبیاتەکەی پەرژین کردووە، لەباتی فێربوون و ڕۆچوون بە نێو ڕەهەندە ئەدەبییەکاندا. وا دەزانن ڕشتەی خوێندنەکەیان لەبەرکردنی وتەی قەبە قەبەیە و وەرگێڕانی دەستەواژە و وشەی عەرەبی "مەرزبان‌نامە" و ئەو بابەتگەلە و دواتر ڕۆچوون بە ناخی کتێبە دەستنووسە کۆنەکاندا و بەدەست هێنانی سەربەرزی لە ڕاستکردنەوە و هەڵەگرتن و چاپی ئەواندا. ئێستاش بۆ شێعر لە کۆنە کتێباندا دەگەڕێن و لە نێو "دیوان و کولیات و قەسیدەدا..." بێجگە لەوانە چیدی بە شێعر نازانن، هەر بە ڕبەی خۆیان دەپێون، ئەو لاوازی فکرییە بەرهەمی ڕاستەوخۆی پەروەردەی وشک و بنشرپی فێرگە و قوتابخانە و دواناوەندی و زانکۆیە، چارە چییە؟

بە هەوڵ و تێکۆشان کار دەچێتە پێشێ.

## وتنەوەی زمانی فارسی لە ئازەربایجان

**وەبیرهێنانەوە ـ بیرورا و لێدوانی وانەبێژ لە کتێبی دەرسیدا ـ شێوەی لێکدان و تێکەڵکردنی پیتەکانی فارسی بۆ فێربوون ـ ڕەوشتی نەگونجاو ـ کەڵک وەرگرتن لە وشەی ناسراو و نموونەیەکی ئەوان ـ تایبەتمەندییەکان و دابونەریتی خەڵک ـ ئاماژە بە تایبەتمەندی و پێویستی ڕێزمان و دەستووری زمانی تورکی ـ جیاوازی و ناکۆکی بنەڕەتی دەستووری زمانی فارسی و تورکی ـ بیرۆکەی کتێبی سەرەتایی بۆ منالانی ئازەربایجان ـ ڕێنووس بە شێوازی گونجاو بۆ وانەبێژی ـ بایەخدان بە زەنگی لێدوان و پەیڤین ـ ڕچەشکاندن بۆ کورتە پەخشان و جوان قسەکردن ـ شێوازی من لە چیرۆکبێژیدا ـ ئیتر هەر بژین.**

گومان لەوەدا نییە کە دەبێ منداڵانی تورکزمان فێری فارسی ببن، بەڵام دەبێ قۆڵی لێ هەڵماڵین و زۆر بە ژیر و وریایی ڕێگەیەکی شیاو پێشان منداڵان بدرێ و تووشی سەرلێشێواوی نەیەن. وەک دەڵێن لە هەر دوو دینەکە نەبن و سەرەڕای زەحمەتێکی فرە تووشی دارمانی دەروونی نەیەن... ئەوە چەمکێکی بە نرخە و هەڵگری ڕاڤە و لێدوان و لێکۆڵینەوەیە.

لە پێشدا ئەو گرفتەی کە لە کتێبە دەرسییەکانی ئێستای فارسیدا بەتایبەت لە کتێبی سەرەتاییدا هاتبووە پێش، ئەوە چارەسەر دەکرا، هەروەها ڕوون دەبۆوە چ کتێبێک بۆ پارێزگا دابین بکرێ.

ئیتر بۆ ئەوەی دەستکەوتی چاکمان هەبێ ئەو کتێبانەی بۆ منداڵانی شارە گەورەکان وەکوو تاران دەنووسرێن لە کوێرەدێیەکی ئازەربایجان بێکەڵک و کەم بایەخە. تەنانەت ئەو کتێبەی بۆ ڕاهێنان و دەرس وتنەوە لە بەرایی کتێبەکانی سەرەتاییدا هاتوە و ئەو نامیلکە و "کتێبۆکەی" کە بۆ پەیڤین داندراوە بۆ داهاتوو بۆ



ئەو پۆلانە باشە قوتابییان وەکوو مامۆستاکەیان بتوانن بە فارسی بدوێن، کتێبەکانی ڕێنما هیچ گیروگرفتێک لە کۆڵ فێرکاری قوتابخانەکانی ئازەربایجان ناکاتەوە.

لەم وتارەدا باسەکەمان ئەم لایەنە لە خۆ دەگرێ، ئەگەر هاتو ڕۆژێک بڕیار لە سەر ئەوە درابێ بۆ بەشی ئازەربایجان کتێبی تایبەت بە خوێندنی زمانی فارسی دابین بکرێ، ئەبێ ئەوە چۆن کتێبێک بێت؟ ئەگەر دەمانەوێ بە پووڵ و پارە خەرج کردن هەوڵ و تەقەللاکانمان بگەنە ئاکام و قازانج وەربگرین لە دەرسپێدانی زمانی فارسیدا لەو هەرێمەی خۆمان ئەشێ چ شێوازێک بگرینە بەر؟ ئاخۆ دەکرێ هەر بەم ڕێبازەدا بچینە پێشێ کە بۆ منداڵانی فارسیزمان داندراوە کە لە قسە کردندا بە زمانی فارسی گرێ ناکەن؟ ئاکامی ئەو دووە وەکوو یەک وایە؟

بە بڕوای من وەڵام، "نا"یە. ئالێرەدایە ڕوو لە دەلاقەیەکی دیکە بکەین، کتێبی شاز و ناوازە بەرهەم بێنین. ئەوە قسەی تێدا نییە کە دەبێ نووسەری ئەو کتێبانە شارەزا و پسپۆڕی ئازەربایجان بن. هەڵبەت نەک مامۆستای دواناوەندی و پەیمانگاکان کەوا هەمەکارەی هیچکارەن. فێرکاران بە تەواوی بەرپرسی پۆلەکانی سەرەتایین، دەبێ لەو کاروبارەدا تێبینی و بیروڕایان دەربڕن و ڕێزیان بۆ دانێن، خۆ ناشکرێ هەموو مامۆستایەکی تەمەندار بەرپرسی ئەو کارە بێت. تەنیا بەو ئێحتوبارەی کە تەمەنێک لە پەروەردەدا کاری کردووە و پیاوێکی بەئەزموونە و خاوەنی کتێبانە. نووسەران دەبێ ئەو کەسانە بن بە باشی دوو زمان بزانن، زمانی فارسی و تورکی؛ لە ڕێنووس و داهێنان و فێرکاریدا شارەزا و دەگمەن بن، زۆر وەستایانە بتوانن ئاسانکاری بکەن و ڕێوشوێنی تازە دامەزرێنن بۆ فێربوونی زمانی فارسی. هەروەها لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی فارسیدا مەلەوان و خاوەنڕا بن، لە بوارەکانی پەخشان و شێعر و چیرۆک و شانۆنامە و فۆلکلۆردا.

چەند ساڵێکە بیرۆکەیەک لە مێشکمدا گەڵاڵە بووە بۆ دانانی کتێبێکی لەو بابەتە، هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی بە هۆی بە نووسینی ئاوا کتێبێک ئەو شانازییەم بە نسیب ببێ هەر من ئەو کارەم لە دەست دێت، هەوڵی من تەنیا بۆ ڕچە شکاندن و لەمپەر پەڕاندن و پێشنیارێکی شیاوە بۆ تاقیکردنەوە و وێنە خستنە بەر دەستە.

بۆ فێرکردنی ئەلفوبێی زمانی فارسی هەر ئەو شێواز و ڕێچکەیەی کتێبەکانی سەرەتایی زمانی فارسی ساڵی ٦٤ ـ ٦٥ بەباشی دەزانم وا نووسەران ناوی شێوازی تێکەڵاویان لەسەر داناون. لەسەر ئەم ڕێوشوێنە منداڵ هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا چەند پیتێکی ئەلفوبێ دەناسێ، فێر دەبێ دەست بکات بە نووسین. ئەم ڕێچکە و ڕێبازە - لاپەڕەییە و زارۆ هەر بە شکڵ و بیچمی وشەکاندا زەینی دەکرێتەوە و تێدەگات، بەبێ ئەوەی شیکاریی بۆ بکرێ و هیجای بۆ دابندرێ. ئەوسا بە شێنەیی وشەکان بناسێ و دەست بکا بە نووسینەوەی پیتە باشەکان ـ نەک هەرچی خوێندووییەتی لە پیت و نیوێکیش نەگەیشتبێ، من بەم شتە ڕازی نابم. بەم شێوەیە قوتابی ناتوانێ هەتاکوو کۆتایی ساڵ دەستی مەعلان بێت و چوار دێڕ بە جوانی بنووسێ و پیتێک بناسێ. لێرەدا دەرفەتێک نامێنێ بۆ کۆشش کردن. سەرەڕای ئەمانەش منداڵ حەز دەکات ئەوەی لە کتێبەکەدا دەیخوێنێ لەبەری بنووسێتەوە، لەسەر ئەم شێوازە کار ناچێتە پێشێ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ وشەکان نامۆن، نایانناسن. بەڵام لە شێوازی تێکەڵاودا ئەو کارە بەرهەڵستی لە ڕێدا نییە، هەر لە لاپەڕەی بەراییدا دەست دەکرێ بە فێرکردنی ئەلفوبێ، وشەگەلێک بۆ ناوەرۆکی کتێبەکە دادەندرێ، تەواوی وتەکانی ئەوانیش لە پێشدا فێر دەبن، مەبەست لەو "شێوازی تێکەڵاوە" شێوەیەکە کۆی وشەکان نیشانی زارۆک دەدا و لە چوارچێوەیەکدا وشە بە گشتی وتەی نوێی جێی سەرنج فێری قوتابی دەکرێ. لە ئاوا وشەیەکدا کە بە "وشەی کلیدی" پیتی سەرەکی پێناسە دەکرێ، یەکێکە لەو وشانەی منداڵ خووی پێ دەگرێ حەزی پێ دەکا، تەنیا یەک پیتی تازەی تێدا هاتووە. منداڵ بە کەڵک وەرگرتن لە وێنەی ڕێنووسەکانی دیکە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەست بە پیتی نوێ ناکات، وشەکان دەخوێنێتەوە.

(وەرگیراو لە کتێبی شێوازی دەرس وتنەوەی کتێبی یەکەمی سەرەتایی نووسراوەی سەمین باخچەبان. ل )

دەبێ بۆ دانان و نووسینی کتێب خاڵێکی بنەڕەتی لە بەرچاو بگرین. ئەویش کەڵک وەرگرتن لە وشەگەلێک کە یان ڕەگیان لە فارسیدا هەیە و هاتوونەتە نێو



تورکییەوە و بە جۆرێکی دیکە قسەیان پێدەکرێ و لە کاتی ئاخاوتندا تورکییان لێ سڕاوەتەوە، یان ئەوەی لە بناوانەوە تورکی بوون و هاتوونەتە نێو وانەکانەوە، یان ڕیشەی عەرەبیان هەیە و لە هەردووک زمانەکەدا کەڵکیان لێوەردەگرن، لەو جۆرە وشە ناسراوانەمان زۆرن.

شەپۆلی زمانی فارسی بە چەشنێک وەسەر زمانی تورکی کشاوە، تەنانەت شارنشینانی نەخوێندەواریش لە ئازەربایجان زمانەکەیان وەژێر لیتە کەوتوە و وشەی پەتی فارسی لە قسە کردنیاندا بە زۆرینە بەر گوێ دەکەوێ، لە ڕاستیدا ئەوە بە شێوەی خۆنواندن و ڕواڵەتگەرا و مانای خۆ فریودان و ڕوو لە بێگانەکردنە. بۆ نموونە ئەو کەسەی خۆی لێگۆڕاوە، لەباتی ئەوەی بە زمانەکەی خۆی بێژێ "گون ئایدن" وای بە باش دەزانێ بڵێ "صبح بخیر"[1].

منداڵەکانیش بیانەوێ و نەیانەوێ بێئەوەی پێ لەسەر پلیکانی قوتابخانە دابنێن لەگەڵ ئەو وشانە ئاشنا دەبن و ئەو سێبەرەیان بە سەردا دەکشێ. کەوابوو بۆ دەبێ لە نووسینی کتێبدا کەڵک لەو ناسیاری و ئاشنایەتییە وەرنەگرین؟

ئەو خاڵە بەتایبەت لە کتێبی ئەوەڵی سەرەتاییدا بەرچاو و گرینگە، ئەشێ ئەوەندەی لەدەستمان دێ ڕێگە بۆ قوتابی خۆش بکەین لەو وشانە نەپرینگێنەوە وا لە ناو ماڵ و لە کۆڵان بیستوویانە. هەروەها بیر بکەنەوە کە ئەوەی لە ماڵێ گوێیان لێبووە لە قوتابخانە بە دەرس دەیخوێنن. ئەوسا ئیتر ڕاکردن و ترسان لە قوتابخانە بێهوودەیە. ئاخۆ ئەوە باش نییە؟

چەند وێنەیەک لەم گوتە و وشانە لێرەدا دەخەمە بەر سەرنجی خۆشەویستان:
میز ـ کورسی ـ سابوون ـ خاولی ـ گیرفان ـ پاتۆڵ ـ پەنجەرە ـ پێنووس ـ قاقەز ـ شووشە ـ وەتاخ ـ ژوور ـ دیو ـ حەوشە ـ حەسار ـ کۆڵان ـ شەقام ـ دەفتەر ـ کتێب ـ گۆرەوی ـ دەسماڵ ـ ماشێن ـ ترۆمبیل ـ گوڵ ـ کوخ ـ شفتالو ـ هەنار ـ پلاو ـ خۆرشت ـ شلە ـ کەباب ـ پلاو ـ مانگەڵ ـ کاسە ـ قاپ ـ هەوڕ ـ گڵێنە ـ دەوری ـ چنگاڵ ـ شۆرباو ـ

[1] بەیانیت باش.

ئاشپەز ـ چێشتکەر ـ تۆپ ـ تۆڕ ـ قامیش ـ تار ـ لۆ ـ سیم ـ هەودا ـ سەنتوور ـ دومبەڵەک ـ شەربە ـ دیوار ـ گێچ ـ قسڵ ـ مافووره ـ فەرش ـ بەڕه ـ جاجم ـ گەز ـ بازاڕ ـ چیت ـ فەندوق ـ بادام ـ فستق ـ هەڵوا ـ مێوژ ـ نۆک ـ لوبیا ـ فاسۆلیا ـ قابڵەمە ـ بەران ـ باشوو ـ قاوه ـ قیقاج ـ نرخ ـ قیمە ـ قەیماخ ـ خانم ـ خاتوون ـ ئاغا ـ گەوره ـ سەروەر ـ کاکە ـ پیاو ـ خان ـ بانگ ـ دەنگ ـ هەرا ـ بەننا ـ قەساو ـ قزڵئاڵا ـ حەمباڵ ـ دەوات (دەفری جەوهەری پێنووس) ـ زنجیر ـ قوتابخانە ـ حەمام ـ گەرماو ـ سوور ـ ئاوی ـ شین ـ قرقی ـ قەزاق ـ (قەرەنەی) ـ نیگابان ـ چاوەدێر ـ تەختە ـ قەڵەم ـ قەدیم ـ کۆن ـ قبووڵ ـ دەفتەر ـ دەفتەر ـ ڕۆژنامە ـ قاپۆچی ـ قاتمە، قاچ ـ کەوچک ـ قاڵیچە ـ هونەر ـ ناڵبەکی ـ نیعمەت ـ نەزەر ـ یاسەمین ـ و...

دیسانیش دەتوانین زۆری دیکە وەدۆزین لە هەموو بەشێک ئەگەر بمانەوێ لەو وشانەی وا بە کار دێن زەق و ڕەق نین. ئەوانە هەڵدەگرین و لە جێی خۆیدا کەڵکیان لێ وەردەگرین یان لە کتێبەکانی دووهەم و سێهەم و... بەکاریان دەهێنین.

لە هەر سێک واژه کە هەر وەکوو لە پێش ڕیزکردنی ئەوانەدا گوتم، دەتوانین دەستەیەک لە نێوان وشە و لەبزەکانی سەرەوە دەستنیشان کەین کە بوونەتە فارسی تورکی، تورکی فارسی. عەرەبیش بەسەر هەردوو لادا زاڵ بووه.

خاڵی سێهەم لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندیەکان و دابونەریت و ژیانی ئەو کۆمەڵگایە وەختێک مناڵ بە پانەوە چاو لێدەکات و دەبینێ کتێبەکەی بەردەمی باس لەو شتانە دەکات و لەگەڵیان ئاشنایە، حەز و ئەلاقەی دەچێتە سەر کتێبەکە و خووی پێدەگرێ و چێژی لێ وەردەگرێ. ئەگەر بێتو مناڵێکی خەڵکی "مەمەقان" وێنەی شووتییەکی دە پازده کیلۆیی لە کتێبەکەیدا چاپ بووبێ لە خۆشیدا دەکەوێتە بزەبز. کاتێک قوتابی چاوی بە ئاوا وێنەیەک بکەوێ بێگومان بە دڵ و گیان نووسراوەی ژێر وێنەکە بە زەین دەسپێرێ و لە بیری دەمێنێ و لە کتێبەکە دوور ناکەوێتەوە. یان کاتێک منداڵێکی تەورێزی وێنەی چەند کەسێک دەبینێ لە کتێبەکەدا خەریکی یاریی "دایە مەمدە بە گورگە"ن... ئەو منداڵە بەباشی گوێ بە دەرس و مامۆستا دەدا و هۆش و بیری بە لایەکی دیکەدا ناڕوات. ناوی مرۆڤەکانی نێو کتێبەکە باش وایە بۆ منداڵان



ناسراو بن، ئەوە زۆر یارمەتیدەره بۆ قوتابی، بۆ وێنە منداڵێکی ئازەربایجانی درەنگ دان بەوەدا دەنێ ئەگەر ناوی کۆڕیژکەیەک "دارا" بێت.

خاڵێکی دیکە: لە زمانی تورکیدا بە پێچەوانەی فارسی (صفت و مضاف الیه) پاشگر دەکەوێتە پێش وتەوە، هەروەک: بۆیرک ئادام ـ آدم بزرگ ـ بنیادەمی گەوره، مەزن ئوکوودریسی/ پێستی گا. پێچەوانە ئەمە دێتەدەری (پێستی گا ئەستووره) ئوکوود ڕیسی برک ئولار. لێرەدا ناچارین لە پێشدا مانای "گا" لێک بدەینەوه ئەوجار باسی پێستە بکەین، دواتر وشە و کەلیمەکانی دیکە پاش و پێش بکەین. ئەو کاره بۆ منداڵێکی یەکەمی سەرەتایی دژواره و تووشی سەرلێشێوانی دەکا. هەڵبەت ئەگەر هاتبا و وشەکانی لەجێی خۆیدا مانا کردباوه و ئاسانکاری بۆ کردبان، گرفتێک نەدەهاتە پێشێ.

کتێبەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی پێشوو: بووکە شووشەی ئازەر، تۆپی گەوره. قوتابییەکانی من تووشی سەرلێشێواوی دەهاتن و تێنەدەگەیشتن هۆی چییە جێگۆڕکێ بە وشەکان دەکەم. هەڵبەت وستەیان لێوە نەدەهات. بەڵام جووڵانەوه و پرسینەوەکان و هەڵەکارییەکان دەریدەخست چەندە کارەکە هەڵەیە.

کتێبی ئەوەڵی ساڵی خوێندنی ٦٤ ـ ٦٥ لەو بارەوە بە کار دێ، هەتاکوو دەگاتە لاپەڕەکانی بیست و حەوت ئەم شتگەلەی تێدا نییە. ئیتر نازانم بە سەرنجەوە ئەم کاره کراوه یان هەر پلاری کوێره!

"ژێر"ی فارسی لە ڕێنووسی وشەی تورکیدا بە شێوەی پاشگر دێت و بە کۆتایی وشەوه دەنووسێ هەر وەک لە وتەی تورکیدا زۆر جێی سەرنج نییە.

ئەگەر بمانەوێ کارێکی شیاومان کردبێ باش وایە کتێبی ئەوەڵ تا دەگاتە لاپەڕەی ـ ٥ ئەو گوتە و واژانەی تێدا نەبێ تا فێرکار زۆر بە شێنەیی بتوانێ وشەیەکی ساکار بێنێتە ئاراوه و ڕچەشکێنی بکا و ڕێچکە وەدۆزێ، لە ماناکردن و جێگۆڕکێ کردندا لێزان و بە ئەمانەتەوه بچنە پێشێ. بە قوتابییەکانم دەگوت، هەر خەڵکێک زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە و بە شێوەی خۆی قسە دەکات، ئێمەش کاتێک زمانی فارسی بە فەرمی دەخوێنین دەبێ لەو شتانە بە باشی تێبگەین و

بزانین لە کاتی ئاخافتندا فارس وەکوو تورک قسە ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو فارسە و ئێمە تورکین و کابرایەکی دیکە زمانی تایبەت بە خۆی هەیە. ئیتر ئەوە بوو قوتابییەکان هێور هێور لەو ناباوەڕییەی ئەوەڵ جار هەیانبوو دەهاتنە دەرێ. تەنانەت تاکوو ئەو جێیەی بۆمان دەگونجێ و بۆمان بووز دەخوا، لە هێنانە گۆڕێی وردەواژە (حرف اضافه) خۆ بپارێزین.

وردەواژە لە ڕێنووسی تورکیدا بە شێوەی پاشگر بە کۆتایی وشەوە دەلکێ، ئەو کارەش بە پێچەوانەی دەستووری ڕێزمانی فارسییە. ئەو دەستوورەش لێ‌زیاد کردنێکە لە جیاوازیی زمان و لە بنەڕەتدا لە نێوان زمانی فارسی و تورکیدا بە کار دێ. زمانی تورکی بەشێکە لە زمانەکانی پێکەوەلکاو، لە واژەی ئەو زمانانەدا لەمەڕ جیا بوونەوەی برگەکان کۆ دەبنەوە سەر یەکتر، بەڵام لە بناخەوە برگەکانی تر گۆڕانیان بە سەردا نایەت و وەک خۆیان ماون. ئەوەی لێشی زیاد کرابێ بە کۆتایی ڕیشەکەوە نووساوە. فارسیش دەچێتە خانەی زمانەکانی پەیوەنددراوە و لە واژەدا ئەو زمانگەلە بە ڕیشە یان مادەی برگەکانەوە زیاد بووە. بەڵام نەک تەنیا بە کۆتایی ڕیشەوە، بەڵکوو بە سەرەتای ئەوەوە لکاوە. بنەماکەش بە هۆی لێ زیادکردنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەک ئەوەی ڕیشە بە وشە لکێندراوەکانەوە تێکەڵ بووە، بەڵام لە وشەی زمانی چەسپاودا.. وەک ئەوە وایە کە تەنیا بە ڕیشەکەوە چەسپاوە بە بێ ئەوەی پەیوەند درابێ)[1].

کەوا بوو دەگەینە ئەو ئاکامە، لە پۆلی یەکەمدا وردەواژە لەگەڵ وشەی پێوەندی‌دراوەوە بخوێندرێ و مانا بکرێتەوە. بۆ وێنە "لە ماڵێ" وەک لۆغەتێک بڵێینەوە و قوتابییەکانیش دووپاتی بکەنەوە. لە وەرگێڕانەکەشدا، لەوانەیە لە قوتابی بپرسین: "لەماڵێ" یانی چی؟ هەروەها وردەواژەکان لەگەڵ ئەو تاریفات و شیکارییە، قوتابی لە پاش ماوەیەک بەبێ ئەوەی بۆخۆی ئاگادار بووبێ زیادە بێژییەکان بە ڕەوانی بەکار دەهێنێ و دەیڵێتەوە. ئیتر سەرلەبەری وردەواژە لە جێی خۆیدا بەکار دەهێنێ و بە لایەوە نامۆ نابێ.

---

[1] حەسەن پیرنیا. مێژووی ئێرانی کۆن. کتێبی ئەوەڵ. لو



بۆ ڕوون بوونەوەی مەبەستەکە من لێرەدا پێنج لاپەڕە لە کتێبی ئەوەڵ، تایبەت بە ئازەربایجان دەخەمە ڕوو - لەوانەیە ئەو گەڵاڵە و شێوازە بنووسرێتەوە - هەروەکوو گوتم ئەو پێنج تابلۆیە شێوەی پێشنیازی هەیە بۆ ڕچەشکاندن و دانانی ئەم ڕێوشوێنە.

| | | |
|---|---|---|
| **ئاش شام** | | شۆرباو شێو |
| **شام ئاش** | | شێو شۆرباو |
| **ئاش شام** | | شۆرباو شێو |
| **ئا ا ش ش م** | ل. یەک | -- -- |

| | | |
|---|---|---|
| **داداش داداش** | | کاکە برا |
| آش شام | | شۆرباو شێو |
| **داداش داداش** | | کاکە برا |
| **د د** | ل. ٢ | |

| | | |
|---|---|---|
| آب **بابا بادام** | | ئاو بابە بادام |
| آب داداش | | شۆرباو داداش |
| آب بابا بادام | | آب بابە بادام |
| **ب بـ** | ل.٣ | ب بـ |

"بابا" لێرەدا بەمانای باوەگەورە و بە بابی باب دێتە ئەژمار. تەنیا لێرەدا وشەی "آب" بۆ منداڵ نامۆیە.

لە پەڕی چوارەمدا دەتوانین لەو ڕستانە کەڵک وەرگرین: **بابا بادام داد. بابا آش داد. بابا آب داد. داداش بادام داد. داداش آش داد. داداش آب داد. بابا شام داد. داداش شام داد.**

(بابە بادامی پێدا. بابە شۆرباوی پێدا. بابە ئاوی پێدا. بابە شێوی پێدا. کاکە شێوی پێدا.)

لاپەڕەی پێنج بۆ ڕاهێنان و لێکدانەوەی ئەو واژانەی دەخوێندرێتەوه و فێرکردنی وشه تازەکانه، سەرلەبەری قسەکان دەگوترێنەوه، له لای ژوورووی لاپەڕەکەوه دەنووسرێن، با ئەو واژانه بخوێننەوه و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن، مامۆستا وشه مانادارەکان بۆ قوتابییان ڕاڤه دەکات و بیر و زەینیان دەکاتەوه. من دەهاتم "جیاخوازی"م وەرگێڕابوو به "داغیدین" بۆم مانا کردبوونەوه. منداڵەکان زوو تێدەگەیشتن دەبێ چی بکەین، زۆریش لەو دەستەواژەیه خۆشحاڵ بوون. ئەمەش لاپەڕەی پێنج:

**ئەم وشانه بخوێننەوەو لێکدانەوەیان بۆ بکەن:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| آباد | شام | آبادان | ئاوەدان | شێو | ئابادان |
| شام | آتش | آبان | شێو | ئاور | خەزەڵوەر |
| شاد | بادام | آب | شاد | بادام | ئاو |
| آبادان | داداش | شاد | ئابادان | کاکه | شاد |

مامۆستا دەتوانێ به پێی ڕەوشت و داهێنانی خۆی هەوڵێکی دیکه بدات. بۆ وێنه بڵێ پیتی شینی چکۆڵه له لاپەڕەی پێنجدا بژمێرن. یان هەر وشەیەک پیتی بێی چکۆڵەی تێدا هەبوو بیخەنه نێو کەوانەوه، یان کەسێک ڕاست بێتەوه و به زەینی خۆی دوو وشه بڵێ، که شینی تێدا بێت، یان لەسەر تەختەڕەشه بینووسێت. ئاشکرایه که ئێستاش تەنیا دەنگی قسەکان دەناسین و لەگەڵ **د**، **م**، **ص** نامۆین. ئەو بەشەی بۆ کاتێکه که قوتابی دەنگی تەواوی وشەکان بناسێ و به سەریاندا واژەکان به ئاسانی لەیەک هاوێر بکا.

له سێ وانەی ئەوەڵدا کاری به ڕسته نییه. تەنیا له وانەی چوارەمدایه که ڕسته دەخوێنێتەوه لەگەڵ یەک "کرداری" ساکاری فارسی. منداڵان له دووهەمی ئامادەییدا بیست سێ ڕۆژی سەرەتای ساڵی خوێندن کاره سەرەتاییەکانی نووسین به ڕەنگوبۆیه کردن و شێوەکارییەوه فێر دەبن، ئێتر دەتوانن له وانەی ئەوەڵەوه دەست بکەن به لەبەر نووسینەوه. له وانەی چوارەمدا دەتوانین، نژوه گوتن دەست پێبکەین. تاکوو ئێره تەنیا کەڵکمان لەدەنگی آ وەرگرتووه. فێرکردنی دەنگەکانی تر به دوای ئەمەدا دەس پێدەکات.



گومان لەوەدا نییە که دەبێ کتێبی وانه گوتنەوه به هەردوو زمانی فارسی و تورکی بێت. له یەکەم مانگی ئەوەڵ ساڵی قۆناغی ئامادەییدا قوتابییان دەبێ بتوانن ڕستەگەلی ساکاری فارسی بڵێنەوه. ئاخافتن و وتوویژ باشه نەک هەڵه بوون، کەوابوو بۆ فێرکردن ئەو کتێبه فارسییه لەوپەڕی باشیدایه، هەڵبەت مەبەستمان ئەوەیه قوتابی ڕابێنن بۆ تێگەیشتنی زمانی کتێبەکە. تەنانەت دەبێ بێجگه له قسەکانی دەرەوەی ئامادەیی، واژەکانی پێشین له بەرایی کتێبەکەدا به گوێی قوتابییدا بدەین. مامۆستا له کاتێکدا به تورکی خەریکی وانه گوتنەوەیە، جارناجارێک قوتابی له زانیاریی فارسی یارمەتی وەردەگرێ و زۆر شتی به فارسی لێ دەپرسێتەوه، یان ئەوەی ڕستەیەک به فارسی دەبێژێ، دوایه شیکاری بۆ دەکا. گفتوگۆ (دیالۆگ) نرخێکی زۆری هەیه، وانەبێژ دەتوانێ لەو هەل و دەرفەتانەدا، زۆر واژەی نامۆ و نەناسراوی چەند وانەی دوایه لەسەر کاغەز بنووسێ، ئەگەر گونجا وێنەی ئەو نووسراوانەش له پشتی کاغەزەکان بکێشرێنەوه و لەبەرامبەریەک دابنرێن به نیشان دانی (نیگار) و نووسراوەکان، و قوتابی هەر له سەرەتاوه لەگەڵ دەربڕینی وشه و وێنەکان ئاشنا دەبێ. من زۆر جار ئەو ڕێوشوێنەم بەکار هێناوه و جێبەجێم کردووه، ئاکامەکەشی زۆر چاک بووه. هەر ئەو کارەم بۆ منداڵه تورکزمانەکان کردووه. له نێو قوتابییه فارسەکاندا باش دەرەوشاونەتەوه. کەوابوو ئاسانکارییەکی باشه بۆ فێربوونی قوتابییان.

ئەو واژانەی له کتێبێکدا گونجاون باشتر وایه له کتێبەکانی داهاتووشدا جاروباره سەرهەڵدەنەوه. له نووسینەکانی کتێبی سەرەتاییدا زۆر جار ئەو خاڵانه لەبەرچاو ناگیرێن، ڕەنگبێ لەبەر ئەوەی هەر جارەی کەسێک دەست دەکا به کتێب نووسین. بەبێ ئەوەی گوێ بداته ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی. قوتابی ئەوانەی له ژێر گوشاری وانەبێژیدا فێری بووه، به بێزارییەوه وەریگرتوون له دوو پۆلی سەرتردا زمانەکەی له بیر دەچێتەوه و دەستەیەک واژه و کەلیمەی نوێ جێیان دەگرنەوه. پێویست به نموونه هێنانەوه ناکات! ئەوەش دەرزبێژ به تۆزێک خۆماندوو کردن و توێژینەوه دەتوانێ لێی تێبگا.

ئەگەر بمانەوێ چیرۆک و نەزیلەیەک لە کتێبەکەدا جێ بکەینەوە، فۆلکلۆری ئازەربایجان خەزێنەیەکی بەنرخ و خۆڕایی دەنێتە بەر دەستمان. دەکرێ کەڵک لە ئەفسانەکانی ئازەربایجان وەربگرین و لە پۆلەکانی سەرتردا تەنانەت تەرجومەی چیرۆکەکانی کوێرئۆغلو. ئەڵبەتە وەگێڕدراوەکان دەبێ لەوپەڕی سادە و ساکاریدا بێ و واژە ئاسان و ئاشناکان لە قوتابی بزر نەبن. گێڕانەوەی حەقایەت و وردە چیرۆکان لە پۆلەکاندا یارمەتیدەرە بە وانەبێژ، بێجگە لە شادکردن باشتر ئەوەیە قوتابییان فێری زمان بکرێن، هەڵبەت لە پۆلی یەکەمدا، ئەویش بۆ سەروبەندی کۆتایی ساڵی خوێندن، دەکرێ بۆ فێرکردنی وشە و زمان کەڵک لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان وەربگرین.

### ڕێوشوێنی من لە چیرۆک نووسیندا ئەوەیە:

لە سازدان و ئامادەکردنی مناڵەکان و هۆگریی ئەوان تێدەپەڕم، کورتیلە چیرۆکێکی ساکاری فارسی دەگێڕمەوە، یان ئەوەی هەقایەتێکی ساکار دەگێڕمەوە و دەینووسمەوە! دواتر چیرۆکەکە بە زمانی تورکی دەخوێنمەوە، هەوڵ دەدەم تارمایی و لێڵی نەمێنێ. کاتێک لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بوومەوە، دەڵێم ئێستاش گوێم لێ بگرن بە فارسی بۆتان دەخوێنمەوە. دەیخوێنمەوە تاکوو بزانم خوێندەواریی ئەوان لە فارسیدا چۆنە و چی دەزانن.

بەم شێوەیە لە هەست و جووڵە و حەزی ئەوان بۆ سەرنجدان و تێڕامانیان کەڵک وەردەگرم، هەروەها بۆیان شی دەکەمەوە کە دوو جار خوێندنەوە چەند بەکەڵک و بەسوودە. باوەڕم وایە ئەو ئەرکەی دەخرێتە ئەستۆی قوتابی، ئەشێ هۆیەکەشی ڕوون بکرێتەوە یان ئەوەی بە پرسیار و وەڵام لەگەڵی ڕووبەڕوو ببێتەوە، هەتاکوو لە هۆیەکانی ئەو مەبەستە بکۆڵێتەوە و سەرلێشێواوی پێش نەیەت و گرێوگۆڵ نەمێنێ، ئیتر وردە وردە مل دەنێم لە خوێندنەوەی چیرۆکە فارسییەکان. ڕستەگەلی دژوار و شوێنە هەستیارەکانی هەقایەتەکە جارێکی تر دەکەمەوە بە تورکی، یان لە مابەینی وشە و ڕستەکاندا لەمەڕ ماناوە پرسیار لە قوتابی دەکەم. زۆربەی جار قوتابییەک



هەڵدەستێنم و پرسیاری لێدەکەم. دەزانم بە سەرڕاستی وەڵام دەدەنەوە. شەرمن نین و سەری خەجاڵەتی بەرنادەنەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم قوتابییەکانی تر ناخەمە پشت گوێ، بەم جۆرە کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت.

لە پۆلی یەکەمدا وێدەچێ سبە و دووسبەی ئەو چیرۆک و ناوەرۆکی فارسییە وەخوێندرێ. لەو بابەتەوە لەگەڵ منداڵەکانیش قسە بکرێ. لە پۆلەکانی دووهەم و سێهەمیشدا... لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم چیان بیستووە بە پێنووسی خۆتان بیخەنە سەر کاغەز و دایڕێژنەوە و هەر ئەمەش بکەنە هەوێنی ئینشا و پەخشانێک، ئەوەش باشترین شێواز و ڕێچکەیە بۆ ئینشانووسین لە پۆلەکانی بەراییدا. گشتی ئەو کارانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی سەرنج بدرێ بە فێربوونی زمان. بەکەڵک وەر گرتن لە واژەکان و کتێبی دەرسی، باقی وشەکانی چیرۆک و غەیری وانەیی ڕێکخەین و... ئیتر حەز و ئاوات بۆ گەنجان عەیب نییە.

نامەوێ لەوە زیاتر درێژدادڕی بکەم. هەڵبەت لە شتێکی ئاوا گەورەدا، ناکرێ لەو چەند خەتە بکەوینە گومان. بەڵام بەو هیوایەم خاوەنڕایان و ئەوانەی دڵیان بۆ ئەو کارانە دەکورکێنێ، هەست و سۆزیان بجووڵێ و تاسەیان گوڵ بکات و ڕچە بشکێنن. دیسانیش ئەوە دەڵێمەوە: هەتاکوو ئەو کتێبانە بەرهەم نەیەن، هەر ئەو مارەیە و هەر ئەو ژارەیە. زۆر جار دیتوومانە و دەبینین کە قوتابی لە پۆلی هەشت، تەنانەت نۆدا، لە خوێندنەوەی کتێبی مێژوو خۆی دوور دەگرێ و لێی بێزارە، دەبینین هەر چەشنە باسێکی هەندەسی لە لای خۆی دەهێڵێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندە بانگ کرایە بەر تەختەڕەشە، زمانی لەگۆ دەکەوێت و دەست و دەمی سارد دەبێتەوە. لەوەش خەراپتر قوتابییان هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە بێزار لە وانەی فارسی و تەنانەت ئەدەبیاتی فارسیشن و بە دەرس و وانەی بێفایدە و قازانجی دەزانن و لایان وایە کاتیان بە خۆڕایی دەبات. تاقمێک لە مامۆستایان لە دنیای ئەدەبیات دوورن و بیری خۆیان بە سەر ئەواندا دەسەپێنن، ئیتر ئەوە سەرباری وانە گوتنەوەکەیانە، هەر دەبێ بڵێین لە چاوی پیس بە دوور بن!!

## لادێ و مناڵانی لادێیی

**پێوەندی بینین و هەستکردن ـ پێوەندیی خزمایەتی لە بەینی لادێیان و مناڵان و هات-وچۆی ئەوان ـ ناتۆرە دانان ـ بناخەی پێوەندیی ژیانی ژن و مێرد ـ نەریتی هەڵسوکەوتی پەروەردە لە گوندەکان ـ زمان پیسی و جنێودان لە نێو قوتابییاندا ـ شەرمێونی لە نێو خەڵکی دێهاتدا ـ ئاماژە بە شێوازی لایەنی "جنسی" لە پۆلەکاندا و دەنگوهەرای مامۆستایانی ڕەوشت بەرز ـ زۆر مامۆستای بێ‌مۆبالات و هیچوپووچ وگاڵتەجاڕ ـ سەرچاوەی ناتەبایی و نەحاوەیی لە لادێدا ـ ژیری و ئەدەب لە نێو خەڵکی دێهاتدا ـ لەبز و قسەکردن ـ بیرەوەریی ناخۆش لە یەکەم فێرکار ـ قازانجی جگێن لە قوتابخانەدا ـ پشووی هاوین و پێمەڕەکاری ـ لەم ئاواییەوە بۆ ئاواییەکی دیکە ـ ...**

مەبەست ئەوەیە منداڵانی قوتابی لادێ و خودی لادێش بناسین و بزانین چۆناوچۆن لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبینەوە، وانە و ڕاهێنان لەسەر چ بنەمایەک دابنێین. گیروگرفتەکانی وانەبێژ لە لادێدا چۆنە و چییە؟ کارێکی دژوارە، دەبێ زۆربەی شتەکان بناسرێن و توێژینەوەیان لە سەر بکرێ تاکو دەگەینە ئامانج و مەبەست. من بە چاوپۆشی لە تەواوی کتێبەکانی ڕاهێنانی فارسی کە هەمانە ـ لەبەر ئەوەی دەزانم دەردێک دەرمان ناکات و گرێیەک ناکاتەوە ـ تاکو ئەو جێیەش توانام هەیە دەست لەسەر دەست دانانێم و دەڕۆمە پێشێ. بە بێ ئەوەی هەر قسە و خۆنواندن بێت، یان کەڵک وەرگرتن لە ڕستە و وشەی فەلسەفی توێژەرانە، بۆ ئەوەی وتەکانم پڕ بێ لە مانای بریقەدار و تاریفاتی وشک و بنشڕ دەستەواژەی ڕاهێنان و دەروونناسی لێڵ و پڕتارمایی ئەوانە دەهێڵمەوە بۆ "خامە ڕەنگینان"، با بە کەیفی خۆیان بیهێننەوە کاوێژ و نانی پێ پەیدا بکەن. هەوڵی من لەو کتێبەدا بۆ ئەوەیە کە پەیوەندیی دیتن و هەست پێکردن لە مەبەستەکاندا دابمەزرێنم. ئەوانەی تامەزرۆن



و هۆگرییان هەیە بۆ لای ئەو کارەیان بکێشم، کاری من دیتنەوە و دەستنیشان-کردنی دەردەکەیە، زۆریش داخوازی ئەوە نیم سەرکەوتوو بم.

* * *

دیسانیش خزموکەسی یەکدین، لە یەکێک لە ئاواییەکانی دوور کەوتوو و لاپەڕی ئازەرشار بە ناوی "چنار" کوێخا ئیدعا و داوای وا بوو کە لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئاوایی نێوانی خۆشە، کەسێک بۆ ئەو بێگانە نەبوو، ئەو هەڵسوکەوتە بەتایبەت لە دێهاتە دوور و لە نێو عەشیرەتەکاندا دەبیندرێ، کە هەر لە نێو خۆیاندا ژن و ژنخوازییان هەیە و ئەوەش زۆر بەرچاوە. دێنشینانی نزیک لە یەک هەر بەو بۆنەوە خزمی یەکترین، دەستگیران گرتن بۆ منداڵان و مێرمنداڵان زۆر بەرچاوە، کچ وکوڕ لە تەمەنی دوو ساڵیدا لە یەکدی مارە دەکرێن. ئەو بیروباوەڕە لە ئازەربایجاندا هەیە ئاقیدە و بڕوایان وایە کوڕەمام و کچەمام ئەو کاتەی دێنە دنیاوە لە یەکتر مارە کراون، هاوسەرگیری خەڵکی گوندی لە تەمەنێکی کەمتر لە کاتی خۆی دەست پێ‌دەکا، عومری زاواکان لە خوار ٦ـ٥ ساڵیدا زۆر بەرچاوە. لەئاواییدا هیچ کەس غەوارە نییە. داوای هەر کەسێک بکەی حەوت پشتی دەناسن. هەر بۆیە غەریبە لە نێوانیاندا قەشانە! لادێکان تەنیا مزگەوتێکیان هەیە. ئەوێش مەکۆ و ڕووگە و جێی کۆبوونەوەی گوندییەکانە، بەتایبەت بۆ ئەوکاتەی کەسێک دەمرێ یان زەماوەند ساز دەبێ، یان ئەوەی لە زیارەتی مەشهەد و کەربەلا و ماڵی خودا دەگەڕێنەوە، یان مانگی محەڕڕەم، ئیتر ئەوە بیانوویەکی باشە بۆ خەڵکی ئاوایی لە دەوری یەک خڕ ببنەوە. ژنان لە لایەک و پیاوان لە لایەک.

کەوابوو دەبێ بڵێم ئەوە هەر فێرگە نییە منداڵانی فێرگەی گوند بۆ یەکەم جار لەگەڵ یەکدی ئاشنا دەکات و لەگەڵ یەک کۆیان دەکاتەوە. قوتابییەکی پۆلی یەکەم یەک بە یەکی منداڵانی قوتابخانە دەناسێ کە چ ناووناتۆرەیەکیان لەسەرە. ئەوە حەسەنە، ئەوەی دیکەیان بابی خاوەنی سێ مانگا و گوێرەکەیەکە،... ئەوان بە پێچەوانەی منداڵانی شاری، کە بۆ یەکەم جار دەچنە قوتابخانە هەست بە نامۆیی ناکەن، ئەگەر بشبێ زۆر کەمە. هەر نەبێ چوار پێنج منداڵ خزم و کەسی یەکدین.

قوتابییان پێش ئەوەی بێنە قوتابخانە زۆر جار چوونەتە ماڵی یەکتر و لە مزگەوت و لە سەر سفرەیەک بە یەکەوە کۆ بوونەوە و بروێشاویان هەڵقوڕاندووە. لەوانەیە خوشکە چکۆلەی ئەوەیان، دەستگیرانی ئەوەی دیکە بێت و زاوا و ژنبرا بە یەکەوە لە سەر کورسییەک دانیشتبن و خەریکی فێربوونی ئەلفوبێ بن. جاری وایە نێوانخۆشی لەبەینی قوتابیدا زۆر دەبیندرێ: وا هەیە بابی یەکیان کرێکاری بابی ئەوەی دیکەیە. یان خزمەتکار و نۆکەری بێت! ئەو دۆستایەتییە لە نێو قوتابییانی شاردا نابیندرێ، ئەگەر بشبێ زۆر کەمە.

گوندییەکانی ئازەربایجان بە دوو دەستە دابەش دەبن: بەشی یەکەم، ئەو کەسانەن جووت و گا و زەویوزاریان هەیە - یان ئاغای دێ زەویی پێداون - ئەوانیش دایدەچێنن، بەروبووەکەشی بۆ خۆیانە، هەرچەندی زۆریش کەمە، بەو کەسانە دەڵێن (جووتبەندە) دووهەم بەش ئەو دەستکورت و هەژارانەن کە زەویوزاریان نییە و وەرزێڕ نین - یان ئاغا زەویی پێ نەداون - ناچارن نۆکەری و ڕەنجبەری بکەن و لە بەردەستی وەرزێڕاندا بن، یان زستانان ڕوو دەکەنە شارە دوور و نزیکەکان بۆ کرێکاری و پەیداکردنی پاروەوە نانێک، لە کاتی کشتوکاڵدا دەگەڕێنەوە نێو ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەوانە بە "قەرە" یان "ڕەشایی" بەناوبانگن.

منداڵی ئەو دوو دەستەیە بە یەکەوە دێنە قوتابخانە و بە یەکەوە لەسەر کورسی دادەنیشن و دەرس دەخوێنن. لادێ تەنیا یەک قوتابخانەی تێدایە، وانەبێژی وریا دەزانێ هەڵسوکەوتی چۆن بێ تا کەس هەست بە گەورەیی یان خۆکەمبینی نەکات. دانیشتوانی لادێ - تەنانەت زۆرجار شارنشینانیش - ناو و ناتۆرە لە یەکدی دەنێن. کەمتر کەسێکت بۆ پەیدا دەبێ ناوی داتاشراوی لەسەر نەبێ. خەڵک هەر بەو ناوانە یەکدی دەناسن و بانگی یەکتر دەکەن، ئەو لەقەم و ناتۆرانەش بە بۆنە و شێوە و بنەماڵە و قەڵافەت و ئەو شتانەی بە سەریاندا بڕاوە کەس هەست بە نزمی و بە بەرزی نەکا لە مقامدا، بۆ وێنە: حەسەنە ڕەش، عەلی عەجەم، حەمە کودەڵ، قالە قەشان، خلە مارکوژ، گاڕووت، ئەحمەد بێخەم...



زۆریش سەیر نییە کە منداڵانی دەرسخوێن دوور لە پۆلەکان لەقەم و ناتۆرەیان هەبێ. لەبەر ئەوەی لەقەمەکان بە مانای گاڵتەجاڕی و عەیبدانان لە سەر ئەم و ئەوە، قسەی پاشملە و لاتاو پێدادانە، لە قوتابخانەدا بیانوویەکی باشە بۆ منداڵان بۆ دووپات کردنەوەی لەقەمی بابی ئەوەی تر، یان گاڵتە بە یەکدی کردن بەو ناتۆرە و نێونیتکانەوە، لەسەر بابی تووشی شەڕ هاتوە و کەوتۆتە ژێر گوشاری منداڵانەوە و لە دەرس و قوتابخانە بێزار بووە و وازی لە خوێندن هێناوە.

مامۆستای لێزان و ژیر لە بەرامبەر ئەو شتانەدا خۆی بە بەرپرس دەزانێ و دەکەوێتە بیری چارەسەری، کاتێک وانەبێژ بتوانێ لەو کارەدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ و خۆشەویستی لە نێوان قوتابییاندا ساز بکات، کەمتر وایە ڕووداوی ناخۆش و پێکهەڵپرژان و ڕاکردن لە قوتابخانە بێتە پێشێ.

چەند قسەیەک لە بەینی ژن و پیاودا:

دێنشینان لەمەڕ مەسەلە و لایەنی "نامووس و ئابڕووی ژن و منداڵ" زۆر بەپارێز و حەیا بەخۆن، ژن و پیاو کەمتر لە یەک نزیک دەبنەوە، تەنانەت لە بۆنەکانیشدا. ئەگەر وانەبێژ لە قوتابی بپرسێ ناوی دایک و خوشکی چییە، ئەوە دەستبەجێ ڕەنگی دەگۆڕدرێ و وەڵام ناداتەوە، ئەوەی لە باب و گەورەکانی خۆیەوە پێی گەیشتووە پێیان گوتووە ناوی دایک و خوشکی خۆت بە کەس نەڵێی! زاوا، تا نەچۆتە پەردە، ڕووی بووک نابینێ. زۆر جار ڕووی داوە پیاوێک بە چاوی حیزانەوە سەیری ئافرەتێکی کردووە و کار گەیوەتە شەڕ و خوێن ڕشتن. بەڵام بەو حاڵەشەوە، ژنان و تەنانەت کچانی لادێ زۆر دەچەوسێنەوە و زیاتر لە رادەی خۆیان کار دەکەن. ئەوان شان بە شانی باب و برا، لە کاروباری وەرزێڕیدا مل دادەخەن و ئارەقە دەڕێژن. منەتیش بەسەر کەسدا ناکەن. دۆشینی مەڕ و ماڵات، کاروباری تەویلە و بان، دەوەکردن و قەڵاخدانان، ئەوە سەرەڕای کاری ناوماڵ و شێولێنان، گشتی ژنان جێبەجێی دەکەن.

بە دوو وشە دەیبڕمەوە: ئەو هەموو بەندوباوەی لەمەڕ حەز و ئەوین و.. بە تام وخوێ باسی دەکەن، گشتی درۆ و دەلەسەیە و خەیاڵیکی هۆنەرانەیە، گۆزەی

سووری سەرشانی کیژان و پەنا و پەسیو و سەرکانی و پەنا بردن بۆ بەر سێبەری مانگە شەو و بەر پەنجەران، خەون و خەیاڵە و هیچی تر. نزیک بوونەوەی ئافرەت لە پیاو بە خەیانەت دەژمێردرێ و لایان وایە ژن ئەقڵی ناتەواوە و زۆر بە هەندی ناگرن و وا دەزانن تەنیا بۆ ئەوە دروست بووە کە وەکوو کۆیلە لە خزمەت پیاو و نێرایەتیدا بێ. هەموومان باش دەزانین نزیکەی ٥ لە سەدی خەڵکی ئێران گوندنشینن. ئەوەی تریان لە شاردا دەژین، ئەوانەش لە دەست هەژاری و ڕۆژەڕەشی پەڕەوازەی شاران بوون و دەڵێن شارنشینین. نەریتی لادێیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە بۆ شار، ژنی لادێ مافی ئەوەی نییە بێتە نێو جەماوەر و ڕووبەڕووی پیاوان قسە بکات، بۆی نییە بە بەرچاوی خەڵکەوە بچێ بۆ حەمام. ناشێ نامەحرەم بیبینێ. دەبێ لەماڵدا کۆیلەی پیاوەکەی بێت و لێی بترسێ! ئەشێ ئەوە بە مافی پیاو بزانێ لێیبدا، لە ماڵێی دەربکات بەڵام هەقی ئەوەی نییە بچێتەوە ماڵی باوان، نووکە نووک بکات و بێژێ شووەکەم بۆم خراپە و لێم دەدات. هەر دەبێ تاقەت بێنێ و خۆڕاگر بێت و بیسەلمێنێ ئافرەتێکی نەجیم و حەیا بەخۆیە. جنێو و لێدان بۆ ژن بە پێویست دەزانن! پێیان وایە ژن شەقی نەبێ بە لای مێردەوە دانانیشێ و دڵی بە ماڵی خۆی خۆش نابێ و منداڵی نازدار و دەستوپێ سپی دەخاتەوە. کیژۆڵە هەر کە تەمەنی گەیی بە دوو ساڵ چارشێوی بە سەردا دەدەن و دەبێ لە بەرامبەر نێرینەدا ڕووی خۆی بگرێ. کەمتر لە بەرامبەر باب و برا ڕووی خۆی هەڵماڵێ و قسە بکات. نەیەتە سەر سفرە، ئەگەر هاتیش پشت هەڵبکات. هەرکات باب یان برا هاتە ژووری ئەشێ قرچەپێ لە بەریان هەستێ و پێش ئەوان دەست نەکا بە نانخواردن و نوێژ و ڕۆژووی نەچێ! ئەوەی چەند ساڵە دایکی و دایەگەورەی کردوویەتی ئەویش بە جێی بهێنێ و خۆی لێ گێل نەکات. لە شێوەی هەنگ هیچ گۆڕانێکی نەبێ لە چوارچێوەی ژیاندا، بە ئەوانە دەڵێن حەیا بەخۆ! ئەمەیە دابونەریتی ئەوان و خووخدە و هەڵسوکەوتی خەڵکی لادێ. قەتیش بە چەند وشە و ئامۆژگاری ئەو کەلتوورە کۆنە لە نێو ناچێ و پاک نابێتەوە و دەستی لێ هەڵناگرن. دەرسبێژی وشیاری قوتابخانەی دێهات دەبێ ئەوەندە بزانێ



قوتابییەکەی لە ئاوەها شوێنێکدا و لە بن دەستی وەها دایک و بابێکدا هاتۆتە دەرێ و پێی ناوەتە قوتابخانە، بیر و مێشکی چی تێدا کۆ بۆتەوە و لە چی دڕدۆنگە. زۆر وانەبێژم پێ شک دێ هەر ئەوەندەی لە دەم منالێکەوە گوێیان لە جنێوێک دەبێ بە توندی بەرەوڕووی دەبنەوە، تانووت و توانجی پێدا دەدەن و پلاری تێدەگرن، لێی دەدەن: هەی گەوجی نەفام، ئەو قسانە چییە فێری بووی؟ جارێکی تر ئەو شتانەت لێ ببیستم دەمت دەشکێنم. ئەم هەڕەشە و گوڕەشەیە چ دەردێک کەم دەکاتەوە؟ قوتابی پاش چەند جار لێدان و شکاندنەوە لە بەردەم مامۆستا وستەی دەرنایەت. بەڵام هەر ئەوەندەی لە قوتابخانە چووە دەرێ و چاوی لە مامۆستا خافڵ بوو، چی بەسەر زاریدا هات نایگێڕێتەوە.

مامۆستای فامیدە و کارامە دەزانێ دەبێ لەگەڵ قوتابی هەڵسوکەوتی چۆن بێ، ئاکاری ئەو ئەوەندەی کار کردبێتە سەر قوتابی، ئەگەر لێی دوور کەوتنەوە هەمیشە ئەوەیان لە بیر بێ و وتەکانی بە ڕێنوما و چرای بەرپێی خۆیان بزانن و کاردانەوەی باشی لە سەر قوتابی هەبێ. ئەگینا سەرکۆنەکردن و تەشەر پێدادان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ شتە باشەکانیش لەگەڵ خراپەکان لە مامۆستا وەشارێ.

ئەو خۆ خواردنەوە و دەنگ نەکردنە زۆر جار بۆتە هۆی ئەوەی زۆر شتی دزێو و قەرەبوو نەکراوە ڕوو بدات و وانەبێژ تەنیا ئەوەی پێماوە سەری زمانی خۆی بگەزێ! من ناڵێم منداڵ بەری لێ بەڕەڵا بکرێ و بە کەیفی خۆی چی پێ خۆش بێ با بیکات، نا لێرەدا حەز دەکەم ئاوڕ بدرێتەوە سەرباسی "لێدان و دارکاری"، منداڵ زۆر لەوە تێناگات بۆچی ناحەزی دەڵێ و جنێو دەدا، تەنیا ئەوەندە دەزانێ وەختێک بابی تووڕە دەبێ و ڕقی هەڵدستێ هەرچی بە سەر زاریدا هات دەیڵێ، ئەویش ئەگەر هاتو هەر کەسێک عەزیەتی کرد و لاقی وەبەر لاقی دا، تووتیئاسا ئەو شتانە دەڵێتەوە. "گەورە ئاو دەڕێژێ و چووکە پێی تێدەخا". نابێ چوارچێوەکە ئەوەندە تەنگ بکرێتەوە؛ قەیدێ ناکا با هەتا ڕادەیەک مەیدان بە منداڵ بدرێ و جنێو بدات، مامۆستاش وا خۆی نیشان دا کە هەر گوێی لێ نەبووە، وردە وردە منداڵ لەو تێکەڵبوون و پێکهەڵپڕژانە دەپرینگێنەوە و دەبنە هاوڕێی یەکدی و دەستی

دۆستایەتی دەکەنە ئەستۆی یەکتر. ڕقوقین لە نێوان منداڵاندا نییە، هەڵبەت ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر کارامەیی مامۆستا، کار دەگاتە جێیەک منداڵ ئەو لەبزە وەلا نێ و واز لە جنێودان بهێنێ.

با نەیشارینەوە مەگەر هەر ئەوە نییە ئێمە ڕۆژی پەنجا کەڕەت هەڵدەچین و ئەو ژیان و گوزەرانە جنێو و نەفرین باران دەکەین؟ ئەوەی لە دڵماندایە هەڵیدەڕێژین، بۆ ئەوەی داخی دڵی خۆمان دەرکردبێ؟

خەڵکی گوندی بۆ یەکەمجار کە دەچنە شوێنێک یان لەگەڵ کەسێک ڕووبەڕوو دەبنەوە شەرمێون و کەمڕوون، منداڵەکەشی هەر وایە، کاتێک دەیدوێنی وا دەزانێ ناوی خۆی نازانێ، سەر بەرز ناکاتەوە و زمانی لە گۆ دەکەوێ. بەڵام هەر ئەوەندەی ڕووی پێ بدەی و وەقسەی بێنی و دنەی بدەی، لەگەڵت دەبێتە مێش و شیلە. منداڵی لادێ سەرەڕای شەرمێونی فرە خۆمانەن، نێوانخۆشی و دۆستایەتیی ئەوان لەوپەڕی بێغەلوغەشیدایە، بەتایبەت لەگەڵ وانەبێژ، ناکرێ لەگەڵ منداڵی شار لە تای تەرازوویەکدا هەڵیانبسەنگێنی، هەر بۆیە ئەو دەرسبێژانەی کە مرومۆچ و هەمیشە ترسێک لە دڵیاندا هێلانەی کردووە، هەڵسوکەوتیان شارەزایانە نییە و بە بێوازی خەریکی وانە وتنەوەن یان زۆر تاقەتی ئەوەیان نییە قوتابی بخەنە ژێر نەزەری خۆیانەوە، بە بیرێکی چەواشە لە قوتابی دەڕوانن، کارەکانیان لە ڕووی بەرنامە و بیرۆکەی شازەوە نییە، هەرچی دەیکەن و دەیبێژن زۆر و بۆرە، یان پلـلاری کوێرە! باوەڕیان وایە نابێ بە منداڵی لادێ ڕوو بدرێ و ئەشێ دایمە سەرکوت و چاوترسێن بکرێن. ئەوان ئەوە نازانن کە زارۆی گوندی لە شوێنێکی پڕ لە تەپەسەری و گوشاری ماڵێدا هاتۆتە دەرێ و لە دەست کوێرەوەری و مەڕ و مالات تاقەت کردن و زەحمەتی کشتوکاڵ ڕزگاری بووە و پێی ناوەتە فێرگە و چاوەڕوانی ئەوەیە ڕووی خۆش و ئارام و خۆشەویستی ببینێ، زۆر خۆمانە و ژیرانە بجووڵێ. ئەوە بیروباوەڕ و چاوەڕوانیی منداڵی لادێیە لە فێرکارەکان.

قوتابییەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە لادێدا کە من وانەم پێ گوتوون ئەوەندەیان حەز بە چارەی من کردووە و خۆشیان ویستووم کە هاتوون بە



بەرچاوی خۆمەوە پێنووسەکەیان لە گیرفان دەرهێناوم، دەرس و مەشقی خۆیان پێ نووسیوەتەوە و بە مەبەستی شۆخی و یاریکردن لەباتی ئەو چیلکەیەکیان خستۆتە گیرفانم. یان ئەوەندە بە یەکەوە نێوانمان خۆش بووە نوقڵ و مێوژی نەنک و دایکیان لە یەخدان هێناوەتە دەرێ و خواردوویانە و هاتوون لە قوتابخانە بۆیان گێڕاومەتەوە کە لە سەر ئەو کارەیان لە ماڵێ لێیان داون. تەنانەت زۆر بە ڕاشکاوی لەمەڕ لایەنی سێکسی و جنسی ـ تا ئەو جێیەی هەڵگری مێشکی منداڵانە قسەی لەسەر دەکەین.

تا ماوم ئەو بیرەوەرییەم لە بیر ناچێتەوە؛ ڕۆژێک لە پۆلی یەکەم و سێهەم زەنگی نیگارکێشان بوو، گشتیان لە ژوورێکدا بوون. پێم وتن وێنەیەکی من بکێشنەوە، لەوانەیە بڕوا نەکەن، بەڵام درۆی تێدا نییە پێنج شەش کەسیان تەنانەت لە کێشانەوەی سیرەتم دانەمابوون و بە شەرمەوە پێشانیان دەدام. دەشزانم کە وا مامۆستایانی "ئەخلاق" زوو دەنگ هەڵدەبڕن و هاوار دەکەن: چتان کرد! ئابڕوو و حەیامان تکا! قەیدی ناکا با هەرچی ئەوان بە بێئەخلاقی دەزانن، پەردەی لەسەر لابدرێ.

قوتابیی من چیان دیوە لە دەستەملانی دایک و باوکیان، لە مەڕ و بزن و کەڵدانی مانگا و گامێش تەواویم بۆ دەگێڕنەوە و بۆم باس دەکەن. تەنانەت ڕۆژێک منداڵێک بۆی گێڕامەوە کە چۆن کراسی ئەو کچەی هەڵداوەتەوە، کە یاری لەگەڵ کردووە و سەیری گیانی کردووە، بۆ ئەوەی بزانێ "هی" ئەویش وەکی خۆی درێژە! کە لەپڕ کچە منداڵە قیژاندوویەتی و ئەویش ڕای کردووە. لە کۆمەڵگایەکدا کاتێک نێر و مێ ئەوەندە بۆ یەکدی شاراوە بن، هەمیشە لە گومان و دڕدۆنگیدا دەژین، سەیر نییە شتی واش پێش بێت! قەت ناتوانین خراپە و داوێنپیسی بدەینە پاڵ منداڵێکی ئاوا، ئەوە تەنیا لە نەزانییەوەیە، حەز دەکا ببینێ جیاوازیی کچ لەگەڵ کوڕ لە چیدایە. ئەو مەبەست و مەنزوورەی گەورەکان هەیانە، ئەو نییەتی و ناشزانێ. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنەری ژیر و بەوەج کە ئەو منداڵە ڕێنوێنی بکا، بە شێوازی شیاو لەمپەری بۆ بپەڕێنێ و دیواری بۆ لابەرێ و لە تارمایی دەریبێنێ. ئیتر هەر مکوڕ نەبێ لەسەر "مامۆستای ئەخلاق" بوونەکەی، ڕێگە خۆش نەکات بۆ هەڵەبوون و لە ڕێ لادان و گرتنە بەری ڕێبازێکی ناشیانە.

من هیچ کات بەرهەڵستیان بۆ دانانێم و ڕێگەیان لێ ناگرم بۆ ئەوەی چی لەدڵیاندایە بیشارنەوە؛ نا، تەواوی چەمکەکانیان بۆ شەنوکەو دەکەم، پەردەیان بۆ لادەبەم و دەلاقەیان بۆ دەکەمەوە و دەرگایان بۆ دەخەمە سەر پشت، تا ئەو جێیەی ئەقڵم بڕ بکا و ئاوەزم یاریدەم بدا، یارمەتییان دەدەم تاکوو چەواشە نەبن و بە لاڕێدا نەچن، زۆر بە تێبینی و وردبینی مەبەستەکانیان بۆ شی دەکەمەوە، بەڵکوو لە ئێستا و داهاتووشدا حورمەت و کەرامەتی مرۆڤایەتی ژێر پێ نەنێن و لە چەشنی ئینسان بژین، قەتیش ڕاستەقینەیان لێ ناشارمەوە.

جارێکی دیکەش ئەوە دەڵێمەوە مامۆستا دەبێ خووخدە و ئاکاری باش ڕەچاو بکا. بزانێ چی دەبێژێ و هەستان و دانیشتنی چۆنە. من بە عومری خۆم دەنگ نادەم بەو دەرسبێژە جلفانەی کە گەرەکیان نییە بە دڵ و گیان وانە بڵێنەوە، ڕوو دەکەنە گاڵتە و وە پێکەنین خستنی ئەم و ئەو و مەخسەرە کردن بۆ ئەوەی پێیان بڵێن: "بەڕاستی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینە" زۆریش لەو کەسانە بێزارم، بەتایبەت دەرسبێژانێک کە مەبەستیان لەو کارانە خۆشویستنی مناڵ بێت بۆ خۆ پێوەنان و ئاکاری ناشیاو و ناپەسەند. وانەبێژی واشمان کەم نین. هەر لەبەر ئاوا کەسگەلێکە کە خەرەفاو و لاڕێ و حەیوانشێوەن، کە مامۆستای ژیر و زاناش بە ناچاری ڕێوشوێن و ڕەفتاری خۆی سانسۆڕ دەکات، بۆ ئەوەی لەلایەن هاوکار و ئیدارەوە بە هەڵە تێنەگەن و بۆی تێنەچێنن. زۆربەی ڕاهێنەرانی وەرزشی لە پۆلەکانی "باڵا"دا خۆش ڕەفتاری ناشیانە و دزێو لەخۆیان نیشان دەدەن، بە ئەنقەست شۆخی و جەفەنگی نادروست دەخەنە پاڵ وتەکانیانەوە.

دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم، ئەو شێوە هەڵسوکەوتانە هەر دەبێ لە گوند و لە پۆل و لە قوتابخانەدا بمێنێتەوە، نابێ قوتابی ئەو شتانە بباتەوە ماڵێ و لە دێدا بڵاو ببێتەوە. بۆ ئەوەی هەرایەک ساز نەبێ. دورویش نییە کار بگاتە جێیەک پاوانکاری بخاتە سەر قوتابخانە. ئەو مامۆستایەی لە کاروباری خۆیدا وەستایە لە ڕوانگەیەکی شیاوەوە هەڵدەستێ، سەربەخۆ دەست بۆ هیچ کارێک نابات و بێبوار لە ئاو نادات، وەک دەڵێن چاکی مەکە با خراپ نەبێ. لەوانەیە منداڵانی لادێ هیچ شتێک لە



ڕۆژنامە، ڕادیۆ و ئەو جۆرە شتانە نەزانن، بەڵام ئەوان لە چاو منداڵانی شار باشتر لە کڵ دەرهاتوون. دەتوانن مەڕوماڵات بەخێو بکەن، ڕان و گاڕان ببەن لە کانی و ڕووبار ئاویان بدەن و بیانهێننەوە، لە مووچە و مەزرا پێمەڕەکاری بکەن و خەریکی ڕنە و دەسکەنە بن، کاری قورس بکەن و ماندوو نەبن. زۆربەی دەرزبێژان کە مامۆستای قوتابخانەی لادێ بوون، سکاڵایان ئەوەیە منداڵی گوند نابێتە بەشەر! شێوەی هەڵسوکەوت نازانن. لەگەڵ ئینسان خراپ هەڵسوکەوت دەکەن، لێیان تێناگەن... لەهەر دەڤەرێک یەک دوو گوندی ناسراو هەیە کە وانەبێژان خەڵکی ئەو دێیانە بە باش نازانن. لێیان دڵپڕن. من دەمەوێ بزانم، ناکرێ بەڕاستی لەگەڵ دانیشتوانی لادێ هەستان و دانیشتن بکرێ و لەگەڵیان ڕابێن؟ هۆی چییە ئاواییەک بە خراپە و خەڵکەکەی بە بێفەڕ نێوبانگ دەردەکەن؟

لەپێشدا ئەوە بڵێم لادێیی هەرچەندەی خراپ و بەدەمار و خوێنتاڵ بێ، هەر ئەوەندەی یەک دوو جار سڵاو و مەرحەبایی لەگەڵ بکەی، گرێ لە دڵیدا نامێنێ و هەموو ڕقێک لە بیر دەباتەوە و خەوشی نامێنێ. ئەوەیە عادەت و ڕەوشتی دێنشین. کەوا بوو چۆن لەگەڵ وانەبێژی هیچوپووچ دەحاوێنەوە؟ با ئەوە بڵێم باشە، زیاتر دەرزبێژی تازەکار و بێئەزموون و کاڵفام دەنێرنە دێهاتی دوورەدەست و لاپەڕ. هەمیشە فێرگە تازەکانی ئاوایی بەم جۆرە وانەبێژانە دەسپێرن. فێرکاری ناشی و کەمئەزموون بە هەوا و ئاوەزی شارنشینییەوە پێ دەنێتە لادێ، بیانەوێ و نەیانەوێ خەڵکی گوندی لە ئەخلاق و ئاکاری ئەوان سڵ دەکەن و بە دڵی ئەوان نابن. هەر بۆیە زۆر حەز بە چارەیان ناکەن، ئەو ساردوسڕییەش کار دەکاتە سەر جەنابی مامۆستا، دەراوەکەش لێڵ دەبێ و ئەوەندەی نازانی خەڵکی دێ نامەیەکی پڕ لە گلە و بناشت ڕەوانەی ئیدارە دەکەن، بەڵێ ئێمە فلانە کەسمان ناوێ و لێرەی لابەرن. ئەوە منداڵەکانی ئێمە بە لاڕێدا دەبا، وانە وتنەوەکەشی بە کار نایەت.

بەڵام خۆ هیچ کام لە دێنشینان ڕەشوسپی لە یەک ناکەنەوە، خەڵکی دێ کاتێک لەبەر دەرگای مزگەوت ڕاوەستاون حەز ناکەن کاتێک بە لایاندا ڕادەبری بە بێ سڵاو تێپەڕی؛ ئەوان لە کەسێکی خوێندەوار بەر لە هەر شتێک ئەدەب و ڕەوشتی ڕواڵەتییان

گەرەکە، خەڵکی شار سەروسلاویان تەنیا لەگەڵ ئاشنا و ڕۆشنایە، لە دێهات داب وا نییە. ئەگەر بێتو مامۆستا بە لای کۆمەڵێک کەیخودا و ڕیشچەرموودا کە لە بەردەرگای مزگەوتدا کۆ بوونەتەوە و خۆیان وەبەر تاوی پاییزی داوە و خەریکی سەبیلە و سیگارکێشانن و باسی شەڕەسەگ و گەنم و جۆ و ڕۆژانی لاوی خۆیان و سەربزێوی کوڕ و لاوان دەکەن، ڕابرێ و سڵاو نەکا بە نەفام و بێحورمەتی دەزانن، ئەوە بە لای ئەوانەوە بێئەدەبییەکی گەورەیە. بەڵام وانەبێژان ئەوانیان بە دواکەوتوو و گێل و بێئاوەز دێتە بەرچاو. وانەبێژ بۆی نییە خەڵکی دێ بە کەم بزانێ.

هەرچەندە بیر و باوەڕی لەگەڵ ئەوان یەک ناگرێتەوە، دەبێ جارناجارێک بچێتە مزگەوتەکانیان، لە بەردەمی کاورای ئاخوند دابنیشێ و گوێ بداتە فەرموودەکانی! لە بۆنەکاندا بەشداری بکات (سەرەخۆشی، لە حەج هاتنەوە...) هەر نەبێ کەوچکێک لە دۆکولێوی ئەو بۆنە و بەرنامانە، هەڵقوڕێنێ.

من بەو شتانە دەڵێم فێربوونی زمانی لادێ. وانەبێژ کاتێک بە زمانی گوند بزانێ، گرفت نامێنێ و کارەکانی هاسان دەبنەوە و بگرە زۆر جاریش نانی لە ڕۆندایە، جاری وا هەیە مامۆستا کارێکی بۆ دێتە پێش، بە بێ ئەوەی خەبەر بدا بە ئیدارە یەک دوو ڕۆژ قوتابخانە بەجێ دەهێڵێ، ئەگەر لەگەڵ خەڵکی دێ نێوانی خۆش بێ، کەس بەو کارە نازانێ، ئەگینا بە پێچەوانەوە شۆفاری لێدەکەن و نامەگەلی بێ واژۆ دەگاتە دائیرە: بەڵێ ئاغای تایین خۆ لە قەرەی قوتابخانە نادا! زۆرمان دێنشین هەیە بیرەوەریی ناخۆشیان لە مامۆستا و قوتابخانە هەیە. لە پاش ساڵانێک دامەزراندنی فێرگە ئێستاش حەز ناکەن چاویان بە چاوی مامۆستا بکەوێ! منداڵەکانیشیان بە نابەدڵی دەنێرنە فێرگە. ئەو وەڕەزی و بێزارییە یادگاری یەکەم وانەبێژە بۆیان بەجێماوە. دیارە ئەویش بنیادەمێک بووە شەڕواڵپیس. خەڵکی دێ زۆر بەم شتانە قەڵسن، ئەوان زۆر لە حەیا و ناموسی منداڵی خۆیان پارێزگاری دەکەن. ببینن کەسێک دەسدرێژی دەکاتە سەریان، قەت لە بیریان ناچێتەوە.

گرفتی شەرواڵپیسی بە گشتی لە کۆمەڵگادا و بەتایبەت لە شوێنە گچکەکاندا، کە مامۆستایان دەگرێتەوە، لە دەرفەتێکی دیکەیدا باس دەکەم.



* * *

دەستکەوتەکە لێرەدا ئەوەیە: وانەبێژی فێرگەی گوند بەو مەرجەی لە هەڵچوون و نەبوونی پەروەردەی خێزاندا کە خوویەکە و قوتابییان لەگەڵ خۆیان هێناویانە، بە نەرمی و لەسەرەخۆیی بجووڵێتەوە، خزمەتێکی گەورەی کردووە و دەتوانێ زیاتر جێی خۆی لە نێو دڵی ئەواندا بکاتەوە و پەروەردەیان بکات و دەرسیان پێ بڵێ. تەواوی باوکان و وانەبێژان دژی ئەو کایە و یارییانەن کە منداڵ بەر لە چوونە قوتابخانە خووی پێ گرتووە و خۆشی دەوێن. بۆ وێنە لە بەرچی منداڵ ناتوانێ لە قوتابخانە جگێن بکات؟ کوێی ئەو کارە خراپە! چی دەبێ ئەگەر زەنگی دەرێ لێدرا، منداڵان خەریکی یاری جگێن بن؟ هەر ئەو یارییەی پاش نیوەڕۆیان هەتا تاریکان لە کۆڵان و بازاڕ دەیکەن. ئیزن بدەن بەیانی بە بەرچاوی مامۆستاوە ئەو کارە بکەن و دانی ئێوارێ خەریکی دەرس و دەوری خۆیان بن. لە بابەتی یارییە داسەپاوە فەرەنگییەکان وا لە پەروەردەی مامۆستایاندا بۆتە باو ناوی "یارییەکانی فێرگەیان" لە سەر داناوە. ئەی بۆ ئەوانە ڕەت ناکەینەوە؟ بەڵام ئەو کایە و یارییە کۆنانە کە قوتابی و مامۆستا دەیزانن نەهی لێدەکرێ. تەنیا ئەوەندە هەیە دەبێ وریا بین ئەو یارییانە نەگەنە ڕادەی قومار و دۆڕاندن و کڵاو لەسەرنان. بێجگە لەوەش مامۆستایان یاریی تۆپیپێ و تۆپی باڵە لە گەڵ قوتابییانی گەورەساڵدا بە قوماربازی دەژمێرن. ئەوەش هەیە ئەگەر ئەو کایە و یارییانەی ناسراون و منداڵان لەگەڵی ئاشنان، ڕێیان لێنەگرن، لە فێرگە و خوێندن سڵ ناکەن و بە حەز و تاسەوە بەرەوپیری دەڕۆن. لەفێرگەکانی لادێدا دەبێ مامۆستا ئەو لایەنەش لە بەرچاو بگرێ، قوتابی دێنشین بە پێچەوانەی منداڵی شار پشووی هاوین بە بێکاری و سوورانەوە بە نێو شەقام و کۆڵان و ڕۆیشتن بۆ ڕۆخی دەریا و سەیر و سەیاحەت و خۆشڕابواردن لە زۆزانەکاندا و وەکوو گدارا و دەوڵەمەندان" چوونە پۆلەکانی تایبەتی هاوین و زۆر بە کەمی موتاڵا کردن، نابەنە سەر. هاوین بۆ ئەوان کاتی کارکردن و پێڕاگەیشتنی باخ و باخات و دەسکەنە و ئاوداشتن و گێرە و کێشەیە. بابیان لە هەوەڵ مانگی جۆزەردانەوە زۆر بۆ وانەبێژ دەهێنن کەی منداڵەکانمان بۆ

مەرەخەس دەکەی، کاری منداڵ لە گونددا زۆرتر لە کاری گەورەکانە، بەرخەوان، قەڵەوان، نان و ئاو بردن بۆ جووتیار و پاڵە و دروێنەوان، باقەبێن هێنان و مەڵۆ کۆ کردنەوە... چارەش نییە، وەرزێر کاری بەسەر یەکدا کەوتووە! دەبێ کەسێک ئاوڕیان لێ بداتەوە، جا با منداڵیش بێ! کاتێک دەرگای قوتابخانە گاڵە درا، قوتابییان دەفتەر و کتێب لە سەر تاقە دادەنێن و هەتاکوو ئاخروئۆخری مانگی ڕەزبەر ناچن بە لایەوە و ئەو سێ چوار مانگە ئەوەی خوێندوویانە، لە گەڵی نامۆ دەبن و لێی دوور دەکەونەوە.

مامۆستای لادێ دەبێ بزانێ یەکەم ساڵی خوێندن چۆن بەرێتە سەرێ، چۆن لەگەڵ قوتابییان هەڵسوکەوت بکات، بە چ جۆرێک چاوەڕوانی لەوان هەبێت. لەوانەیە ئەو وتانە سادە و ساکار بن. تاقمێک پێیان وایە ئەو شتانە پێویست بە گوتن و نووسین ناکات و زۆریش گرینگ نییە، بەم شێوەیە دەبێ ئەوە بڵێم لە سەرەتای کرانەوەی قوتابخانەدا زۆرمان دیتووە وانەبێژ لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی بە قەولی ئەو نەفام و نەخوێندەوار بەرەوڕوو بۆتەوە، سەری لێشێواوە و کەوتۆتە تەنگەژەوە. وەخت و بێوەخت جنێو دەدا بە وانەبێژی ساڵی ڕابردوو: قەت تاقە پیتێکی پێ نەگوتوون. ئەو دەرسبێژە لە چاوی پیس بە دوور بێ، لەباتی ئەوەی بێنێ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی خوێندندا مانگی یەکەم تەرخان بکا بۆ دەورکردنەوە و پێداچوونەوەی ساڵی ڕابردوو و بیر و زەینی قوتابییان بکاتەوە، وانەبێژی پار پڕجنێو دەکا و لە هەولی ئەوەدایە بەرنامە و دەرس و دەوری ئەم ساڵی تازەی خوێندنە بکا بە مێشکی قوتابییاندا و ناشتوانێ.

قوتابییانی فێرگەکانی لادێ هەموویان خۆدیی نین. زۆربەیان لە ئاواییەکانی دیکەوە وەڕێ دەکەون و دێنە قوتابخانە و کاتژمێرێک یان نیو کاتژمێر ڕێگا دەبڕن. لە بەفر و سەرمای زستاندا زۆر جار کاتژمێرێک درەنگ دەگەنێ. بە کڕێوە و باڕن و سەرمای بەیانی بە جلوبەرگ و ئەو کەوش وپێڵاوەوە ـ تەریق دەبمەوە بڵێم بەرگ و پێڵاو. ئیتر خۆ باسی خواردنەکەشیان ناکرێ، بەم تەمەنەی کە هەیانە، پێکەوە بوون و ڕەفتاری ئەو قوتابییانەش لە گەڵ یەکدی چۆن بێ. کە زەرەد و



زیان نەدا بەوانە و پەروەردەی ئەوان و خەوشی نەخاتە سەر؟ زۆر جاران لە سەر قسەی پڕوپووچ و بێنرخ سەروگوێلاکی یەکتریان هێناوەتە خوارێ و بوونەتە دوژمنی یەکدی و ڕقوقینیان کۆ کردۆتەوە، شەڕ و هەرایان کاردانەوەی خراپی لەسەر قوتابخانە و خوێندنیان داناوە.

ڕۆژێک لە ئاخروئۆخری بانەمەڕدا لەگەڵ تەنیا هاوکارەکەم بە یەکەوە لە قوتابخانە دانیشتبووین، ئەو بەڕێوەبەری فێرگە بوو. خەریکی چایی خواردنەوە بووین، قوتابییان لە حەسارێدا خەریکی یاریکردن بوون. لەپڕ هەرا دەستی پێ کرد: مامۆستا بگەیە حوسێنیان کوشت، حوسێنیان کوشت! بە پەلە چووینە دەرێ، تەماشامان کرد ژنێکی تەمەن سی چل ساڵ سواری سەری حوسێن بووە، بە لینگە کەوش و مست و شەپلاغە تێی دەسرەوێنێ و بە چنگ و ددان دەیپچڕێ! ئەو منداڵە بەستەزمانەش دەگری و هاوار دەکا و منداڵەکانیش لە دوورەوە سەیریان دەکەن. لە ترسی ژنە زەندەقیان چووبوو. هەرچەندە پێمان وتبوون ئەگەر کەسێکی لاوەکی هاتە قوتابخانە و لە قوتابییەکی دا، بە هەمووتان بە سەریدا بڕژێن و لێیبدەن، لەو کاتەدا منداڵەکان دەترسان، وەک ئەوەی حوسێن بەتاوانبار بزانن. ئێمە نەماندەزانی چی ڕووی داوە. قوتابخانە حەوشە و حەساری نەبوو، بەردەرگا و پەنجەرەی فێرگە ببوو بە کاروانەڕێی مەڕومالاتی خەڵکی ئاوایی. زۆر جار ئەو خەڵکە لەگەڵ قوتابییان سەروکلاویان تێکدەچوو. دەهاتن گلە و گازەندەیان دەکرد. فریای حوسێن کەوتین و لە دەست ژنە ڕزگارمان کرد. بەڵام بۆ مەگەر دەمانتوانی ژنە بێدەنگ بکەین، نێونیتکەی وای لێدەنا، بەردی دەقەڵەشاند! ئەوەندەی جنێو پێدابوو کەسوکاری پێوە نەهێشتبوو! دایک و بابی بەراو کردبوو. دەیگوت: بێشەرەف ئەگەر ژن بم بە برای خۆمت وا لێدەکەم، لە کەرت چاک دەکەم. پێت وایە بێکەسوکارە؟ دایک حیزی باوک گەماڵ! هەر ئێستا بابی دێت و بێکەسکوژت دەکا! پشیلە دەخاتە دەرپێتەوە و سەگت پێوەدەنێ... بە هەر زمانێک بوو ئەو دەمهەراشەمان ئەهوەن کردەوە، بۆمان ڕوون بۆوە دایکی یەکێ لە قوتابییەکانە، کوڕی ئەو ژنە لەگەڵ حوسێن لە دێیەکی دیکەوە دەهاتن لە فێرگەی ئێمە دەرسیان

دەخوێند. نێوانیان خۆش بوو. قەت وا نەبوو لەگەڵ یەکتر بە کێشە هاتبن، ئەو ڕۆژە لە سەر کوتە کاغەزێکی ڕەنگین بە شەڕ هاتبوون، لە بیرمە ڕۆژێک پێشتر خۆم ئەو کاغەزەم خستە تەنەکەی زبڵەوە. حوسێن چەند مانگێک لە کوڕە بەتەمەنتر بوو، پێی دەڵێ ئەگەر بێتو ئەو کاغەزەم پێنەدەی ئاوات لێدەکەم، ئیتر حەیات دەچێ. هەر ئەوکاتە دەیگرێ و خۆی پێوەدەنی و هەڵدێ و خۆ دەکا بە قوتابخانەدا. منداڵەکەش بە شین و گریان دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی خۆیان و بە دایکی دەڵێ: حوسێن خۆی پێوەنام! دەنگۆ لە ئاواییدا بڵاو دەبێتەوە، کوڕی فلانە کەس وای لە منداڵی باجی... کردووە! ژنە بە قەولی خۆی دەست دەنێتە تینتینۆکەی هەتیوە قزەکەی خۆی و دەیهەوێ بیخنکێنێ. هۆردووی ژنان فریا دەکەون، کوڕە ڕزگاری دەبێ، پێی دەڵێن شووەکەت بێتەوە گۆشاوگۆش سەرت دەبڕێ. هەرچی زووتر خۆت بگەیەنە قوتابخانەی ئاوایی و ئەویش بە تاڵووکە دەگاتێ و ئەوەندە لە حوسێن دەدا عەرەب لە گامێشی نەدابێ! ئافرەتەکەمان هێنا ژووری، بڵاوەمان بە منداڵان کرد، چاییمان بۆ دانا نەیخواردەوە، کورسیمان بۆ دانا دانەنیشت، زمانی لە گۆ نەکەوت، ئەوەی گوتی هەر گوتی: من خۆم پاتۆڵی مناڵەکەم داکەند و تەماشام کرد، ئێستا ئێوە هەر بڵێن هیچ نەبووە. ئەی قەزای ئێوە لە من بە ئێوە ئێژن پیاو، عەمرتان نەمێنێ بۆ قوتابخانەتان! دەیبەمە لای دوکتور، ئەوسا هەموو چت مەعلووم دەبێ! حەیاتان دەبەم، مەگەر بابی نەیەتەوە... تومەز ئەو ژنە لە ئاوایی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی حوسێن ناخۆشیان لە بەیندا بووە، گەرەکیەتی قەزای دیزە لە گۆزە بخات. من خاس دەزانم مناڵگەل لەسەر ئەم کوت پێوەدانە چەند شەڕوهەرایان ساز کردووە.

ئەوان لەمەڕ کاری سێکسی و جنسی خۆ هیچ نازانن، تەنیا فەرموودەکانی باب و کاکیان دەبێژنەوە: "بابت وا لێدەکەم، دایک و خوشکت ئاوا"... ئەگەر هاتو یەکیان خۆی لەوی دی خست ئەوە وا دەزانێ مەلۆتکەی پێ هەڵگرتووە! ئێستا بەچ زمانێک ئەوە ڕازی دەبێ! ئەوە کاری حەزرەتی فیلە، زۆری لەسەر نەڕۆم! هەر چۆنێک بوو لەگەڵ ئەو دوو منداڵە قسەمان کرد. هەتاکوو حاڵیمان کردن و ڕازی بوون کە ئەوانە منداڵن، مەبەستی خراپیان نییە، ئێوە کارەکە گەورە مەکەنەوە، کلکی وشتر



گەیشتە عەرزی. دەبێ ئەوەش بڵێم هەر ئەوەندەی بابی کوڕە بیستبووی حوسێن ئاوای کردووە، لەگەڵ بابی پێکهەڵپڕژابوون و بە شوێن حوسێندا گەڕابوو... دەستی نەکەوتبوو. بەڵام حوسێن لە دەست لێدانی بابی ڕزگاری نەهاتبوو.

وانەبێژی لادێ ئەو شتانەشی بۆ دێتە پێشێ. زۆر شتی نەخوازراو و چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدا. ئایا دەکرێ مامۆستای قوتابخانەی ئاوایی لە بەرانبەر شتی وادا کەمتەرخەم بێت و گوێی پێ نەدا؟ تەنیا لە بیری ئەوەدا بێ دەرسەکەی بڵێتەوە و هیچی تر؟ دەرد و ئازارەکە هەر با بەوەندە ببڕێتەوە و...

منداڵانی لادێ زۆربەیان لە نزیکەوە شاریان نەبینیوە! ناشزانن شار چۆنە، تێڕوانینیان بۆ شار نییە. شەقام، پۆلیسی هاتوچۆ، پاس، ڕۆژنامە، گۆڤار و زۆر شتی دی بۆ ئەوان نامۆن و نازانن چۆنی بێننە بەرچاو. کتێبی یەکەمی سەرەتایی نابێ ئەو شتانەی تێدا بێ، تەنیا و تەنیا دەبێ باسی ژیان و دابونەریت و ئەو شتانەی دێنشین سەروکاری لەگەڵ هەیە لە کتێبەکەدا بەرجەستە کرابێتەوە و باس لەوان بکا! قوتابی لەو کتێبەدا چی دەبینێ و چی دەخوێنێتەوە، تەواوی لەبەرچاو بێ و بیناسێ و لەگەڵی نامۆ نەبێ! هەڵبەت نەک بە زمان و شێوازێک وەک گوندێکی پێشکەوتووی وڵاتانی ئامریکا هەیانە لەوپەڕی خۆش ڕابواردن و بەختەوەریدان، لە کتێب و پۆلەکانی سەرتردا دەکرێ لە دێهات دوور بکەوینەوە و دەوروبەر بناسین و تێکەڵ بە شار و شارستانییەت ببین. ئەو کاتەی بیر و ئاوەز و فامی منداڵ گەشە دەکا و دەگاتە ڕادەی تێڕوانین و تێگەیشتن و قەبووڵکردنی شتە باشەکان.

وانەبێژی لادێ دەبێ ئەوەی لەبەر چاو بێ لە وانە وتنەوەی کتێبەکانی ئێستادا کە بۆتە هەمبانەی چەمکەکانی شار و دێ، ڕچە و ڕێبازی خۆی وەدۆزێ. مەبەستم لەو وتەیە مامۆستا بەمشوور و دڵسۆزەکانی وڵاتەکەمانە. ئەو بەڕێزانەی ڕوو لە ڕاستەقینە وەرناگێڕن، مل بۆ نارەوا داناخەن و خاس و خراو لە یەکدی هاوێر دەکەن و بە تەنیا هەر خۆیان نابینن و بەرژەوەندخواز نین. ئەوانی دیکە هەر بە ناو مامۆستان، ئەگینا هەر نەبن باشە، جێگر و نانخۆرن، فیکەی برای بێلێوم نەگەرەکە.

* * *

با لێرەدا ئەو شتە وەبیر بێنمەوە زۆر جاران دەبێژن گوندییەکان ئەوندە گوێ نادەنە خوێندن و خوێندەواری و قوتابخانە، ئیزنی ئەوە بە زارۆکیان نادەن بێنە فێرگەکان و فێرە سەواد بن. تەنانەت ئەو پۆلانەی بۆ گەورەساڵانیان داناوە، بۆ ئەوەی بۆرە خوێندەوارییەک پەیدا بکەن تەنیا زستانان دەچنە ئەو مەکۆیە و لە خاکەلێوەدا تەنیا کەسێکی لێ نامێنێ. بەڵام هەر ئەو هەژمارە بۆ ئەوان گرینگە لە سەرەتای زستان ڕەوانەی دائیرە دەکرێ! تەنانەت زۆر جار ئەوە بووە پۆلی شەوانە یەک دوو کەسی تێدا ماوەتەوە. بەڵام ژمارەی بیست یان سی کەسیان داوە بۆ ئەوەی پۆلەکە دانەخرێ و مامۆستا پەنجا شەست تمەن مووچەی مانگانە وەربگرێ. سەرژمێری لە وڵاتی ئێمەدا ڕەسەنایەتی خۆی بە ڕوخسارەوە نەماوە و ناکرێ بەم پێودانگە لێی بڕوانی.

ساڵێک مامۆستای قوتابخانەی گوندێک بووم، خاوەنی شەش پۆل بوو. لە مانگی ڕەزبەردا ١٤٦ قوتابیم هەبوو. لە کۆتایی ڕەشەمەدا تەنکەیان تێکەوت، ڕۆژ نەبوو یەک دووانێک کەم نەبێتەوە. مانگی جۆزەردان تەنیا نەوەد، یان سەت کەسیم بە دەستەوە مابوو. بۆ ڕۆژی تاقیکاری، دەزانن قوتابییەکانی ئێمە لە کوێ سەرقاڵ بوون؟ ڕوویان کردبووە کارخانەکانی مافوورە و قاڵی چنین لە ناوەندی شار، خاوەنی کارخانەکە پاسێکی چووکە و شەقوشڕی دەنارده لادێکان و زارۆکانی ڕاو دەکرد و بە چەند قڕانێک هەقدەست دایک و بابی هەڵدەفریواندن، منداڵی لە دەرس و قوتابخانە دەگێڕاوە و لە سەر داری قاڵی دایدەنان و لە ژێرخانە تاریک و شێدارەکاندا کاری پێدەکردن. بابەلێی واشمان هەبوو لە دڵەوە ئەو کارەی پێ خۆش نەبوو، نەداری و دەستکورتی ئەوی ناچار دەکرد! ئەوە بۆ کەس شاراوە نییە ئەوەی لە دێدا ڕەشایی و بێداهاتن ساڵێک منداڵە کرچوکاڵەکەیان دەدەن بە نۆکەر بۆ ئەوەی بیست سی تمەن پارە وەربگرن، یان دەیدەنە دەست خاوەن کارخانەکان. لێرەدا لالۆ بە هەر دوو دەست قازانج دەکا، پارەیەکی نەغد وەردەگرێ، نانخۆرێکیش لە ماڵەکەی کەم دەبێتەوە! بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە دێنشین منداڵی زۆرە و کۆزی ساوایە. بێکاری پیاوان و دەستکورتی ئاوایی بێحاسڵ



چرای ماڵ لە سۆڵە دەخات، کاورای داماو ئەگەر تەنیا پەنایەک شک بەرێ، باوەشی خێزانیەتی. (وەک دەڵێن برسیەتی دین و ئیمان ناناسێ). پێش گرتن لە منداڵ بوون و کورتاژ کردن بۆ ئاوس نەبوونی ژنان هێشتا لە دێدا باو نییە و زارۆی چوارەم پێڕۆکە نەبووە منداڵی پێنجەم زیقەی دێ. بێجگە لەو ڕۆژەڕەشیانە پێشگیری و دەرمان خواردن بە بیر و باوەڕی دێنشینان تاوانە و بە دەستێوەردان لە کاری خوا دێتە حەساو! ئەوە بە گژ خوادا چوونە، کە منداڵی زۆر بوو ئەو قازانجەشی هەیە بە کاری وەرزێڕی ڕادەگەن، مەڕوماڵات تاقەت دەکەن، یاریدەی بابیان دەدەن. ئەوەندەی پرسیارم لە خەڵکی گوندی کردووە هۆی چییە منداڵەکان لە قوتابخانە دەگێڕنەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێن: کارەکانمان بە سەر یەکدا کەوتووە و کەس نییە دەستباریکمان لەگەڵ بداتێ. دەبێژن: ئێمە دەزانین مرۆی نەخوێندەوار وەکوو کوێر وایە، بەڵام چی بکەین؟

بەو ڕوونکردنەوەیە دەگەینە ئەو ئاکامە ئەگەر بەڕاستی دڵمان بۆ خوێندەوارکردنی خەڵکی ئاوایی دەکورکێنێ و بڕوامان بە ویست و حەزی خۆمانە، بەر لە هەموو شت دەبێ پێیان ڕابگەین، وەزع و گوزەرانی ئەوان لەو نەهامەتییە ڕزگار بکەین، ئەوسا چاوەڕوان بین دەرس و قوتابخانە و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ئاکامێکی دەبێ. جووتبەندە و ڕەشایی لە دێدا ئەگەر لە هیچی کەم نەبێ بە دڵ و گیان ڕوو دەکاتە فێرگە و دەپارێتەوە بۆ ئەوەی منداڵەکەی بۆ خوێندەوار بکەن و خۆشی لە پۆلی گەورەکاندا جێبکەنەوە. گوندنشین سەرەڕای ئەو گشتە هەوڵ و تێکۆشانە بێحاسڵەی کە کێشاویەتی، دەیجا چۆن تاقەتی ئەوەی دەمێنێ بێتە فێرگە و لە سەر کورسی منداڵان دانیشێ و فێری ئەلفوبێ ببێ! لە هێندێک لە ئاواییەکان مامۆستا ناچارە هەموو ڕۆژێک سەردانی ماڵی یەکێک لە قوتابییان بکا و لە بەر بابی وەپاڕێ ـ یان گوشاری بۆ بهێنێ بۆ ئەوەی منداڵەکەی نەباتە سەر ئیش و کاری وەرزێڕی و لێی بگەڕێ لە قوتابخانە خوێندەوار و چاوکراوە بار بێ و بە کوێری ژیان نەباتە سەر.

* * *

نازانم تاکوو ئێرە چەند توانیومە دەلاقەکان بخەمە ڕوو و مەبەستەکان بپێکم و چەمکەکان ڕوون بکەمەوە، لایەن و ڕەهەند تا ڕادەیەک ڕاڤە و شرۆڤەی بۆ کراوە و لە بوولێڵ هاتۆتە دەرێ. جاری وایە مرۆ دەکەوێتە گومانەوە ئاخۆ مامۆستایەک هەیە کە هەست بەو شتانە نەکا یان ئەو وتانە ورەی بداتێ و هەست بەوە بکاتەوە قۆڵی لێ هەڵبماڵی و بگاتە ئامانج و ئاسۆیەکی ڕوون؟

**مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان...**

## لەژێر میکرۆسکۆپدا

**چینی کارمەند یان لەتێ گۆشتی مندارەوە بوو ـ بێموبالاتی کاربەڕێوەبەران ـ تایبەتمەندیەکانی نەخۆشی ـ سینەما، هەر بۆ کاتڕابواردن و دڵخۆشی ـ کتێب و خوێندنەوەی کتێبان ـ مۆسیقا بۆ کەیفسازبوون ـ خۆنیشاندانی ڕواڵەتی دینداری لە ڕووی دەهۆ و ڕیاکارییەوە ــ فیز و هەوا، بیرۆکەی دەستەڵاتداری ـ خوێندنەوەکان، بیستنەکان و زانیارییەکانی تایبەت ـ چاولێکەری و خۆ بەزلزانی ـ دڵخۆشی بەوەی دوکتۆری تایبەتییان هەیە ـ ئاکام ـ دەبێ چ بکەین؟ ـ چەند تێبینی لە چاوەدێرانی ئاگا و کاربەڕێوەبەران.**

"بمانەوێ و نەمانەوێ کارمەندانی ئێمە لە نێو کۆمەڵی شارنشیندا جێیەکی مەزن و تایبەتیان بۆخۆیان گرتۆتەوە، تایبەتمەندییەکان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی ڕەشۆکی جیایە و بەرچاوە. سڵ لە نزیکبوونەوە و تێکەڵی لەگەڵ ڕەشوڕووتان دەکەن و دوورەپەرێزن، ژیانی خاووخێزانی، شێوەی ڕابواردن و چوونە سەیران، بیر و بۆچوون لەمەڕ ژن و منداڵەوە، شوورەیەکە لەنێوان ئەوان و کۆمەڵگادا، "بێئامانجی" (هەرچەندە ڕوون بۆتەوە ئەوان ئامانج گەلێکیان هەیە)، لاڕێ بوون، گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی، خۆ دوورگرتن و هەڵەبوون لەمەڕ لایەن و چەمکەکانی کۆمەڵگاوە، ئەوانەی سەرەوە خاووخێزانی کارمەندانی وەک جەستەیەکی بێگیان لە نێو چوارچێوەی ژیانی پێکەوەبووندا مات کردووە. هەر بۆیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەو بازنە تاریکەدا ناکامی دەیانخواتەوە و درۆ و دەهۆ لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی کلایان دەکا ، ڕۆژ بە ڕۆژ زێدەتر دەگەڕێنەوە سەر ئەو مەرام و نێو ئەو چواردیواری بڕوایەی لە باب و باپیرانەوە بۆیان بەجێماوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ فرەتر خۆیان و بنەماڵەکەیان دەخەڵەتێنن."



**تقی مدرسی: نامورادی بنەماڵەی کارمەندان ـ گۆڤاری سەدەف ـ ژمارەی٩و١٠**[١]

لەتی گەورەی ئەم کوتە گۆشتە بۆگەنیوە چینی فەرهەنگین.ـ مامۆستا، یان ئیدارەیی ئامانجی من تەنیا ناساندنی ئەو دەستە و تاقمەیە. ئەو پۆلەی بە بڕوای خۆی بیری لەماڵی کەوان ناوە، ئەسپی پێشکەوتن دەئاژوێ و گەرەکیەتی بەرەی داهاتوومان بعاملێنێ و لە کڵ دەریانبێنێ و پێبەپێی دروستکەرانی مووشەکی ئاسمانبڕ پێی بنێتە سەر پشتی ئاسمانان. لێرەدا بە خەستی دەکەومە کاری شڕۆڤەکردنی کاتی پشوودان و دوور لە فێرگە و ئیدارە. پێشتر گوتمان کە هەڵسوکەوت و ئاکاری ئەوانە چۆنە؟

لەسەر ڕوخسەتی ئێوە ئەو جەستە بێگیانە دەخەمە ژێر چاویلکەی زەڕەبینی و بە یەکەوە سەیری دەکەین. هەر وەک چۆن میکرۆسکۆپ میکرۆبەکان دەپشکنن هەتاکوو ئاسەواری ژیان، ژار، وێنە و جووڵانی ئەوان بناسن بۆ ئەوەی بتوانن ژاربڕی بۆ وەدۆزن و ژاربڕی بکەن، بەو هیوایەم کەسێک دڵمەند نەبێ و تەنانەت مامۆستا خاسەکانیش ئەشێ کەمتەرخەم نەبن و دان بە ڕاستەقینەدا بنێن، حاشا لە نەخۆشینەکە نەکەن و نەیشارنەوە. بەرد بە دەروازەی کەسدا نادەین، پێمان بڵێن لە شیرینخەودا داتانچڵەکاندین، هێدی و لەسەرەخۆ وەک لە نێو کەشتیی نووحدا بن وایە. هیچ کەس لە بنەماڵەی کارمەندانی بەڕێز و ناموراد خەوی لێ نەزڕێ. بە بێ قسە لێکردن دەراوەکە ڕوونە، کە ئەو ئاهۆیە خەریکە ئەو تاقم و دەستەیە دەگرێتەوە. شەپۆلی ئەو بڵق و بلۆقانە کە دیپلۆم و تەواوبووی دواناوەندین لە پشت دەرگای کۆلێژ و زانکۆ لە شەقامەکاندا، هەر ئەوانەن سەرچاوەیان لە چاوگەی تەقیوی "جەستەی بێگیان" گرتووە و سبەینێ بە نێو کۆمەڵگادا بڵاو دەبنەوە و سەر بە هەموو کونوکاژێڕێکدا دەکەن. هەر ئەوەندە بەسە تەوژمی پەتاکە بڵاو بێتەوە.

[1] بۆئاگاداری دەرکەوتنی کۆمەڵی کارمەندان لە ئێران دەرکەوتنی چوونە ناو ڕەهەندەکانی بیروڕا و نامورادیی ئەوان، ئەو گوتارانە وەخوێندرێن.

کەوابوو بچینە پشت کەرەسەی میکرۆببینین و تەماشایان بکەین. ئەوەمان لە بیر نەچێ، لێرەدا مەبەستمان ئەو مامۆستایانە نییە کەوا بەنرخ و ناوازە و دانسقەن.

*　*　*

خۆ ئەزیەت نادەن، حازرخۆرن، ئەوەی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا بێ لە ڕوانگەی ئەو کوتە گۆشتانەوە بێقیمەتە، کەوابێ ئەوانیش پووشێک ناهێنن. هەر نەبن باشە، بۆ ئەوە نابێ وەدوویان بکەوین، ئاسوودەیی خاووخێزان ئامانجە بۆ ئەوان.

قەرەپووڵەکەشی بەشی سەری مانگ ناکات، ئەشێ گوزەرانی قیستی وەڕێ بکەوێ و بەختەوەر ڕابوێرن! بنەما ئەوەیە: سەرێ نەیەشی پرێسکەی بۆ چەس؟ لەو ڕوانگەیەوە ئەوانە سەیری دنیا و کۆمەڵ و دیاردەکانی دەکەن. ئەگەر بتوانن تێبگەن چی دەبینن، بۆچی دەیبینن، ڕەهەندە تایبەتیەکانی پەتاکەمان دیوەتەوە و دەیناسین.

*　*　*

**سینەما** ـ هەفتەی ڕۆژێک ـ لە ڕۆژانی دیاری کراودا ـ ژن و منداڵ وەپێش خۆیان دەدەن و دەچن بۆ سینەما ـ تەنانەت جاری وا هەیە سینەمایەکی دیاریکراو. بۆ نموونە بەینێکە لە شاری تەورێزدا بۆتە باو، یەکسەر دەچنە سینەما "ئاسیا"، لەبەر ئەوەی تازە دروست کراوە و نرخی بلێتەکەی گرانە و ئەوەی لێیەتی هاوشانی خۆیانن.

کەم وا هەیە لایەن و مەبەستی فیلمەکە لەبەر چاو بگرن، جاری وا هەیە لە پاش چوونە ژوور و دەستپێکردنی فیلم وەبیریان دێتەوە ناوی فیلمەکە چی بووە! هەڵپەڕکێ و سەماکردن، گۆرانی، شیرینکاری وەپێکەنین خستن (لەیلی و مەجنوون) لاسا کردنەوەکانی ئەمرۆژی، شین و گریان هەستی دەروونی (هەڵبەت لە تێریدا و لە کوێریدا) لەناکاو بەبێ هیچ چەشنە هۆیەک دەست دەکەن بە لە خۆبردوویی گەوجانە و بێقیمەت (بۆ وێنە پێشکەشکردنی ئەوینی خۆیان بەم و بەو) و... خۆشحاڵ بوونیان لەو بەشانەی دیتوویانە: دڵدار و گراو بە جووت سواری گەمیە دەبن یان "سورتمە" یان بچنە یاری خلیسکانێ یان سەردانی دارستانێکی چۆڵوهۆڵ و باخێکی بە گوڵ و ڕێحانە، لەوێندەرێ خۆش ڕابوێرن، کیژۆڵە گۆرانی بڵێ و کوڕەلاو لە خۆشیاندا دڵی لە خۆی بێتەوە. ئیتر لەو هەل و دەرفەتەدا مۆسیقارە



نادیارەکان خەریکی ژەنین بن. تەماشاوانانی بەڕێز و نامورادیش پەنجە لە نێو پەنچەی خاتووندا و... هۆڵیش تاریکە و بە کەیفی ئەوان.

جارێک لە گەڵ خاتوونێک قسەم کرد: یانی تۆ بیر لەوە ناکەیەوە لە نیوەڕاستی زەریادا، لە داوێنی چیا، ئۆرکێسترا لە کوێ بوو ژێیەکان بژەنن و کیژۆڵە مل بنێ لە گۆرانی وتن؟ شتێکی گەوجانە نییە؟ بە نەرمە بزەیەوە گوتی: کاتێک ئەمن دڵم پێی خۆش دەبێ و پێی سەرقاڵ دەبم، چ گرفتێ نابینم.

ئەوەیە بەڵگەهێنانەوەی ئەوان، بۆیە دەچنە سینەما، وەڕەزییان بشکێ و کاتێکی خۆش ببەنە سەر. ئەو کاڵفام و ساویلکانە لە هەن، کە وا گەمژە و حۆلحۆلی کارن، فریودانی خەڵکی ڕەشۆکی خاوەن هەستی ڕواڵەتبین گەوجانە کوێر کوێرانە لە فیلمەکاندا یاری دەکەن. "راج کاپوور" "سنگام"یان کردە فیلمی خوازراوی مامۆستا و خوێندەواران ـ یان بە گشتی کارمەندان لە شاری تەورێز ـ شانۆ و تیاتریش ـ لە تەورێز نییە لە تاران هەیە ـ بڕوا ناکەم چارەنووسی لەوە باشتر بێ.

ئەو گۆڤارانەی موتاڵای دەکەن شتێکە وەک فیلمە دڵخوازەکانیان. تۆرەمە و زان و شووکردنی ئەکتەری فیلمەکانیان لە خۆ دەگرێ. یەک دوو ژێرنووسی ئاشقانەی کۆمەڵایەتی. مەبەست ڕەنگیننامەکانی حەفتانەیە. خاتوونە وانەبێژەکان جاروبارە گۆڤاری تایبەتی دەخوێننەوە! ڕەنگیننامەکانی ژنانە کە هەر هەمان "ژنانەترەکەی" هەوەڵە. ئەوە فرەتر بۆ ڕواڵەتسازی و کردنەوەی دەروونە. بۆ ئەوەیە خۆیان لەو پۆلە ژنە نزیک بکەنەوە کە "ئیفادە و نازیان" هەیە هەندێکیان خەریکی دانانی ئەنجومەنن، دەستەیەکیان لە ڕادیۆدا وانەی ڕەوشتبەرزی دەڵێنەوە، بێدڵیی هیچ پیاوێکیش ناکەن. (هەفتەنامەی بامشاد ـ ژمارەی١٦٢٤ ـ وەرگیراو لە گۆڤاری روشنفکر). هەروەها خۆیان کردۆتە نوێنەری سەکینە سوڵتان باجی زیوەر، فزە بەگم و باقی ژنان و پیرێژنانی ئێرانی جارناجارێک لەمەڕ ڕاکێشان و هۆگریی پیاوان بە ژنان بیرەوەری حەزلێکردن و چۆنیەتیی جوانکاری و... گشتیان لە ڕەنگیننامەی ژناندا خەریکی نووسین و ڕەشکردنەوەی کتێبانن.

**کتێب:** ئەو کتێبانەی جاروبار دەیخوێننەوە دەبێ چیرۆک بێ، ئەویش چیرۆکگەلێک هەروەکی چیرۆکی ئەو فیلمانەی ئەوان حەزیان لێیە: دڵداری، کۆمەڵایەتی، بێناوەرۆک و رووت لە چەشنی ژێرنووسی ڕەنگیننامەکان، هەر بۆ ئەوەی سەرقاڵ و دڵخۆش بن. جارناجارێک کتێب و ناملیکەی چێشتلێنان و ماڵداری لە ژوورەکانیان وەدەست دەکەوێ.

*　*　*

**مۆسیقا:** ئەویش لە سەتا سەت بۆ خۆخافڵاندنە. بۆ ڕابواردن و نوێکردنەوەی بیرەوەرییە دڵدارییەکانیانە. ئەوان چی لە کەلامی مۆسیقایی تێناگەن! وەک "یاسین بۆ گوێلک، بلوێر بۆ گایە!"

هەر ئەوەندەی زرینگەی سازی ناسازێک بەرگوێیان بکەوێ بە دوای ئەویشدا بیبیجان خانم چەند پیتێکی سەروگوێ شکاوی دڵداری بە دەنگە زیقنەکەی کردە گۆرانی، ئیتر ئەوە ئاوپرژێنی کوڵی دڵیان دەکات و شیرین و فەرهاد زیندوو دەبنەوە. مۆسیقا یەک دەنگی لە ڕادیۆدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوە پڕ بە دڵی ئەوانە و زاخاوی مێشکیان دەدا، باشترین بەرنامە و پرۆگرامیش "شێعر و مۆسیقا"یە، خوماری و ڕۆمانتیک و "گوڵە نەمرەکان" و "گەڵای سەوز"[1] لەدوای سەدان ساڵ دوورکەوتنەوە لە ڕەوتەکانی ڕیالیستیی ئەمڕۆی شێعر و مۆسیقا، تەنانەت زۆر جار لە رادەی دڵخوازی ئەوان بەرزترە.

کەسەکەم دەزانی تینوتاوی ئەو ئاهۆیە گەیوەتە کوێ؟

بێجگە لەو مۆسیقایە هیچی تر ناناسن. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ ئەوانەی چاوکراوەترن، ئەوانەی زلترن، شەرم دەکەن پێ لەسەر عەردی دانێن، تەلار و کۆشکیان کڵاو لەسەر بەردەداتەوە. ئەوانگەڵ مۆسیقا و سەمای تایبەت و گەمەو مەمەیان هەیە و بە بڕوای خۆیان چەند گەزێک لە پێشترەوەن!

[1] گلهای جاویدان، برگ سبز: دوو بەرنامەی شیعر و مۆسیقا بوون، کاتێک سەمەد بێهرەنگی لەژیاندا بوو لە رادیۆی تاران و تەوریز بڵاو دەبۆوە... ـ **وەرگێڕ**



**رادیۆ:** بە شێوەیەکی دیکە سەرقاڵیان دەکا. بێ ئەوەی هۆشیان بە خۆیان و دنیاوە هەبێ، چەند کاتژمێرێک بە لای ڕادیۆوە دادەنیشن و گوێ بۆ وردە فەرمایشتەکانی شل دەکەن و کێبڕکێی سەیروسەمەرە دەژنەون. نەقڵ و نەزیلەی دڵداری و کۆمەڵایەتی دەبیستن، کات بە فیڕۆ دەدەن. هەر وەک بەڕێز تەقی مودەڕسی دەیگوت:

سەرقاڵییەکانی ئەوان بەرنامە بێناوەرۆک و ڕێسراوەکانی ڕادیۆ و قسەڵۆکەکانی "ژیگلۆ و بەڕێز مازی و فوفول:ن، ئەوانە کاریکاتۆرێکن ژیانی ئەوان بەرجەستە دەکاتەوە (وتاری ناوبراو).

**ئایین:** ئەمەیان شێوازێکی تایبەتی هەیە. نە ئەوەیە بە تەواوی ئاییندار بن کە بە گوێرەی دەستووراتی ئەو بجووڵێنەوە، نە ئەوەی دەستبەردار دەبن (ئەوانەی سەبارەت بە ژن، نوێژ و خومسەوە گوتراون...)، نە ئەوەی زاتیان هەبێ بە یەکجاری دەستی لێ بەردەن و وازی لێ بێنن و بڕۆن بە لای چەپگەراییەوە. جۆرێک نەرمی لە خۆیان نیشان دەدەن و نهێنیکاری دەکەن، بە ترس و لەرزەوە بە بڕوای خۆیان دەستیان بە سەر هەردوو دنیادا گرتووە و لە تەکیاندا سازاون. جاروبار لە بادە نزیک دەبنەوە، چۆڕێک فڕ دەکەن، خێزانیان بەبێ چارشێو و گۆرەوی دێتە شەقام و کۆڵان، لەوانەیە کاری وانەبێژی بکات سەریش بە فەرزی خودادا نادات. بە بڕوای ئەوان ئەو شتانە فرە گرینگ نییە هەر چەندە پێچەوانەی ئایین دێتە حەساو. کەچی لەولاشەوە چاویان لە چەقی ڕێگا بڕیوە بە تەمان ئیمام مەهدی تەشریف بێرێ! نوقڵ و شەربەت و نەزر و نیازی ڕۆژی عاشوورا لەبیر ناکەن، ڕۆژی بیست مانگی ڕەمەزان بەرۆژوو دەبن (لە ساڵدا ڕۆژێک)، دەستە و تاقمی "زنجیرزەن و سینەزەن و قەمەکێش"[1] بانگهێشتن دەکەن، لە دوانیوەڕۆی تاسووعادا چل و یەک مۆم نەزری دادەنێن و لە چل و یەک مزگەوتدا هەڵیدەکەن...

[1] لە مانگی موحەڕەمدا شیعە، زنجیر و کوشتەری و قەمە دەست دەدەنێ، بە شەقام و بازاڕ وەردەبن و سەر و شان و سینگی خۆیان دادەپاچن. ـ **وەرگێڕ**

ئایینداران ڕاستەقینە قەت ناتوانن وەدووی "ژیان و گوزەرانی سەردەم" بکەون و بە دواکەوتوو ناویان نەبرێ. ناتوانن بە یەکجارەکی ماڵپەرەستی و ڕوو لەولا وەرگێڕن. ئەوەندە ئەقڵ و بیریان بڕ ناکات، لە نوێخوازی دەسڵەمێنەوە. دەیانەوێ خۆیان بە دوو دەستە هەڵبواسن، ئەگەر هاتو یەکیان بە قووندا داماڵدرا، خێرا بتوانن خۆیان بەوەی دیکەوە بگرنەوە. دەنگی سەربەخۆیان نییە، لە نیسک خراپتر و لە چەشنی گوڵەبەڕۆژەن. کەوا بوو ناکرێ هیچ حیسابیان بۆ بکەی.

**سەبارەت بە ڕاهێنانی منداڵەکانیان:** هەر کەسێک دەبینی لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی لە چینی ساماندار و ئاغاواتان نزیک بکاتەوە و بەرز بفڕێ. زارۆی بیرکاڵیش بەر لە هەموو شتێک فێری "بای بای" دەبێ. زۆر کەس هەن پێش ئەوەی منداڵەکەیان بە زمانی دایکی گۆش بکەن فێری زمانی ئینگلیزی دەکەن. لە شاری تەورێز هەر ئەوانەی وەک مامر هێلکە ناکەن ڕاوکە دەخۆنەوە، بە لەقە لەق دوو پیت و نیو فارسی سەر و گوێ شکاو فێر بوون، ئەویش بە زۆرەملی لە کتێب و ڕۆمانگەلی بازاڕی ڕەنگین‌نامەکاندا، خۆیان تێریان لێ خواردووە فەرمووی منداڵەکانیشیان دەکەن.[1] چەند ساڵێکە ئەو ئاهۆیە تورکستانی گرتۆتەوە، بە تایبەت لە شاری تەورێز، زارۆکان ناچارن لەجێی "ئاتا" و "دەدە" وشەی "بابا" بەکاربێنن. لەبەر ئەوەی بۆن و بەرامەی بێگانەپەرەستی و لاساکەرەوەی خانخانەکان و وردەبۆرژوازی لە خوێندنەوە و بیستنی زانیاریگەلی تایبەتدا، گەیوەتە لووتی دایک و بابیان، ئەو لەبزەی "ئاتا" یان "دەدە" هۆگری ببوون بۆ ئەوان بەجێ ماوە، خەریکن پشتی تێدەکەن.[2] بە بڕوای خۆیان ئەوە زمانی دێنشینە و گەرەک خەڵکی ڕەشۆکی و دواکەوتوو پێیان باخێون.

پزیشکی بنەماڵەش بۆن و هەلامەتی ڕۆژئاوایی و چەکمەڕەقەکان دەدا. لە وەخت و بێوەختاندا دەیهێننەوە کاوێژ. ئەوەش ئەو دوکتۆرەیە دەرمانگاکەی لەسەری

[1] قەل ئاسا، ڕەوتی کەو فێر نەبوون، ڕۆیشتنی خۆشیان لە بیر چۆوە.

[2] ئەو نەخۆشییە لە ئێراندا ئاوقای نەتەوەی کورد و تورک بۆتەوە، لە زمانی خۆیان نامۆ دەبن و بە فارسی فەرمایشت دەفەرموون. ـ **وەرگێڕ**



کۆڵانەکەدایە یان هاوسێی ماڵی ئەوانە. بەدایمەیخوا پێیەکیان لەوێندەرییە. بەڕێز دوکتۆری خۆشەویست منداڵەکە سەری دێشێ ئاسپرینی بۆ دەنووسن یان ساریدوون؟

بیتاقەی تاقیکاریی شانس و نسیب یەکێکە لە باشترین سەرگەرمییەکانی ئەوان. ئەگەر هاتو براوەی باشترین خەڵات نەبوون و نەبوونە بنەماڵەی بەختەوەری حەفتە، ئەو دوو تمەنە دەکەنە خێر و سەدەقە، حەوتوویەک بەو هیوا و ئاواتەوە تێپەڕ دەکەن.

**ئاکام:** ڕوانگەیان لە چوارچێوەی ماڵ و ئامێزی ژن و منداڵ تێناپەڕێ (ئەویش ئەگەر هەیانبێ). ڕێگاکەشیان بەسراوەتەوە بە چوونە دائیرە و قوتابخانە و ماڵێ. ڕۆژ بە ڕۆژ لە زەلکاوی خووخدەیەکدا ڕۆ دەچن کە لە باب و باپیرانەوە بە میرات بۆیان بەجێ‌ماوە.

کاتەکانیان تەنیا بۆ ڕابواردن و سەرگەرمییە. لە کاتی بێکاریدا وەڕەز و دەست بەتاڵن. هێز و ئاوەزیان هەر بۆ تێر بوون و ورگ بەردانەوە گەرەکە.

حاسڵی گشت ئەوانە: خەڵکێکی ساکار دروست دەکا، هەر وەکوو مێشکیان کای تێدا بێ وایە، ڕوو لەهەر شتێکی پڕوپووچ و پیس دەکەن و دڵ ئاوێزانی شتگەلی کەسنەویست و ئاوەزخەڵەتێن دەکەن. (فیلم، مۆسیقا، کتێب، مرۆڤ، ڕۆژنامە و گۆڤار و..).

ئاستی چێژیان ئەوەندە دادەبەزێ ئەگەر بێتو بەشێکی مۆسیقا، فیلم، کتێب، گوتە و ئەندێشەیەکی تێدا بێ و بستێک لە پووچی و بێفەڕی دوور کەوتبێتەوە، تێی‌ناگەن و بە کاتکوژ و بێ ناوەرۆکی لە قەڵەم دەدەن. تێ‌نافکرن و نازانن ئاوەزیان لەوپەڕی نزمیدایە.

* * *

**چ کەردەن؟**

**ژاربڕ چییە؟**

* * *

ئەوەندەی بیرم لێ کردۆتەوە دەلاقەیەکم نەدۆزیوەتەوە لەبەر ئەوەی زۆر تامەزرۆ لە توێژینەوەدا بووم، خۆم گەیاندە چەند کەسێکی لێهاتوو و شارەزا لە کاران. وتووێژم دەگەڵ کردن و داوای بیر و بۆچوونی ئەوانم کرد، ئەوا لە ژێرەوە بیروڕایان دەخوێننەوە:

**بیروڕای کورتاندروویەک:** شووژنێک بە دەستەوە دەگرم هەر یەکەی دانەیەکی تێ ڕادەکەم بەڵکوو بجووڵێنەوە.

**بیروڕای پسپۆڕێک لە کاروباری عاملاندن و پەروەردە لە وڵاتدا:** سیمینارێکی ڕاهێنانی گشتی وەرێدەخەم خۆشم دێم کاتژمێری پەنجا تمەنیان لێ دەستێنم و ئامۆژگارییان دەکەم.

**ئاقیدەی سەهۆڵفرۆشێک:** سەتڵێک سەهۆڵاو دەکەم بە تەوقی سەریاندا با لە خەو ڕاپەڕن.

**ڕای کارمەندێکی دائیرەی بەشی مادە هۆشبەرەکان:** هەڵمەچۆ، وەرە مژێکی لێدە، با نەشە بی، لە کۆڵ ئەم قسانە بەوە.

**بۆ وەبیرهێنانەوە:** بێجگە لەوانە چەند کەسی تریش ـ هەر وەک شەمچەفرۆشێک و ئاسنگەرێک بیر و باوەڕی خۆیان دەربڕیبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی وتەکانیان دوور لە ئاوەز بوو، خۆم لە بڵاو کردنەوەیان پاراست.

ئیتر ئەشێ بمبوورن لێرەدا کتێبەکە ئەم چەند دێڕە گاڵتە و گەپەی لە خۆ گرت. تەمەنتان درێژ، هیواتان سەوز و سەرتان سڵامەت.

## فەرهەنگۆک

بزۆز: هاروهاج، نەحەجماو
بەروبوو: بەرهەمی مەزرا و مووچە، داهات
بۆرەکە: بۆرەپیاو، پیاوی سووک و بێبایەخ و نەزان
تازیاری: هەڤیازی، ئیمتیاز
تەوەزەل: تەمبەڵ، خوێڕی
چەقەسرۆ: دەمەوەڕ، زۆربڵێ
خۆبزێو: ئۆتوماتیک، خودکار
دەوە: تەپاڵە
زەردەزیقە: زەردەڵە، لەڕ و لاواز و ڕەنگزەرد
ژیار: شارستانییەت، تەمەدون
سۆبا: کوورە، زۆپا
غەززین: ڕق هەستان، تووڕە بوون
قزە: ترسەنۆک
کاڵفام: نەزان، بیرتەسک
لەقەم: ناو و ناتۆرە
مدریک: زیرەک، وریا
ناو و ناتۆرە: قسە و قسەڵۆک، ناوونیتکە، ناوونرکە
نژوە: ئیملا، دیکتە



**زۆر سوپاسی کاک ئەمین گەردیگلانی و کاک کەریم حیکمەتی دەکەم کە بەم بەرهەمەدا چوونەتەوە و هەڵە و پەڵەیان بۆ ڕاست کردوومەتەوە.**

**نیساری**